
# بەجینۆساید ناساندنی کوشتوبڕی کوردان قەمتەرەیەکی گەورەیە!



ئاسۆ کەریم

* بۆ گوڵان نووسیویەتی

دیارە پەرلەمانی ئەورووپا لە کێشەو دۆزی کورد بێ خەبەر نییە. هەر لە دوای ١٩٩٠ەکانەوە، کەم و زۆر لەسەر کورد و مافەکانی بەدەنگ هاتووە. دیسان ئەم وڵات و ئەو وڵاتی ئەورووپاش، بە دەم کورد و کێشە ئینسانییەکەیەوە هاتوون. بیرمان ناچێتەوە، بە دەیان NGOی ئەورووپی لە «زەمانی قاتوقڕیی ١٩٩١- ١٩٩٦»، کۆمەك و باروبوویان بە خەڵکی کوردستان کردو هاریکار بوون لە هاندانی خەڵکی کوردستان بۆ ئاوەدانکردنەوەی دێهاتەکان و گەڕانەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان. هەروابێتەوە لە دوای بوردومانی هەڵەبجەش بە چەکی کیمیایی لە ١٩٨٨/٣/١٦، پەرلەمانی ئەورووپا لە ئاخاوتنێکدا (لە ١٩٨٨/٤/١٣) جەختی لەوە کردەوە کە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی بەپێچەوانەی رێککەوتننامەی پاریسی ٩/کانوونی یەکەمی ١٩٤٨ە سەبارەت بە کوشتنی بە کۆمەڵ. دوای ئەوەش، ئەو پەرلەمانە، بەتایبەتی لە دوای ٢٠٠٣ەوە، سیمینارو میتینگ و کۆبوونەوەو کۆنفرانس لەبارەی کێشەی کورد رێکدەخات و هەوڵی دۆزینەوەی چارەسەر بۆ پرسی کورد بەتایبەتی لە تورکیا دەدا.

هەڵبەت پێش پەرلەمانی ئەورووپا، (پرسی جینۆسایدکردنی کورد لە کوردستانی عێراق لە سایەی دیکتاتۆریی سەدام) لە پەرلەمانی چەندین وڵاتدا هاتۆتە بەر باس و پێشنیازو بڕیاریان تێدا دراوە وەك پەرلەمانەکانی بەریتانیاو سوێد و نەرویج و ئەلمانیا و هی تریش. ئەوە لەکاتێکدا، هەندێ لە حکوومەتەکانی ئەو وڵاتانە یان کۆمپانیاکانی ئەو وڵاتانە لە هەشتاکاندا کەرەستەی کیمیاییان بە رژێمی عێراق داوە کە بەم یان بەو شێوەیە بەرپرسیارێتیی نێودەوڵەتییان دەکەوێتە ئەستۆ کە هەقە حکوومەتی عێراق لە رێگەی وەزارەتی دەرەوە، بە فەرمی داوا لە UN بکات، ئەو زانیارییە نهێنییانەی لەلای تیمەکانی پشکنینی چەکی کۆکوژ لە عێراق دا هەن، کە بێشك بەشێکیان پێوەندییان بەو کۆمپانیا و وڵاتانە هەیە کە کەرەستەی کیمیاییان بە عێراق فرۆشتووە، بە حکوومەتی عێراق بدەن.

دەبێ ئەوەش بهێنینەوە یاد کە لە دوای رووخانی رژێمی سەدام و دامەزرانی دادگەی باڵای تاوان لە عێراق و ساغکردنەوەی کێسەکانی (هەلەبجە، ئەنفالەکان، بارزانییەکان، فەیلییەکان، راگواستن و پاکتاوی نەژادی لە کەرکووك...) و دەرچوونی بڕیارەکانی دادگە، بەشێکی ئەو کاروکردانە بە جینۆساید ناسێنراون و بەشێکی تریشیان بە تاوانەکانی دەرهەق بە مرۆڤایەتی و تاوانەکانی شەڕ.. ئەوەش بۆ خۆی بووە پێشینەیەك و دەکرێ لە زۆر ئاستدا: سیاسی و قانوونی، ناوخۆ و ناوچەیی و نێودەوڵەتی، کورد و دامەزراوە رەسمی و نارەسمییەکانی کاری زێتری لەسەر بکەن.

لەم قزگەیەوە، سەرۆکی هەرێمی کوردستان رێزدار مسعود بارزانی لە دوا سەردانی خۆی بۆ پەرلەمانی ئەورووپا (٢٠١٤/١/٢١) داوای لە پەرلەمانی ئەورووپا (EP) و یەکێتیی ئەورووپا (EU) کرد کە هەم جینۆسایدی کورد بە رەسمی بناسن و هەم نوێنەرایەتی خۆیان لە هەولێر بکەنەوە.

بەهەرحاڵ، ئێستە بەدەسپێشخەریی چەند ئەندامێکی پەرلەمانی ئەوروپا نامەیەك ئامادە کراوە کە داوا لە یەکێتیی ئەوروپا دەکەن دان بە جینۆسایدی کورد دا بنرێ و قەولە ئەو نامەیە بۆ سەرۆکی پەرلەمانی ئەوروپا (EP) و سەرۆکی کۆمیسیۆنی ئەوروپی (EC) و نوێنەری باڵای (Union for Foreign Affairs & Security Policy) و سەرۆکی ئەنجوومەنی (EU) بنێردرێ. ئەو میتینگە بەڕێوەچوو، نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش بەشداری تێدا کرد.

ئەو باس و وەبیرهێنانەوەیە، وێڕای گرنگیی سیاسی و ئەخلاقی و جارێ زوو بڵێم قانوونی، لەکاتێکی گونجاودایە کە ١- کورد لە عێراقدا گرفتێکی زۆری لەگەڵ بەغدا هەیە٢- جاروبار هەڵوێستی ئەمریکا لەسەر پرسە هەنووکییەکان ناخویاو تەمومژاوییە ٣- ژمارەیەکی بەرچاوی کورد لە دەست ستەم و زۆر و کوشتوبڕو شەڕی نێوان ڕژێمی سوریا و لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن روویان لە کوردستانی عێراق کردووە. ٤- ئەگەر بوار بە کورد بدرێ خۆی بەڕێوەبەرێ وەك هەرێمی کوردستان دەتوانێ نموونەیەکی باش و ئاشتیخواز و گەشاوە پێشکەش بکات کە چارەی گرفت و ئاریشەکانی کورد وەك نەتەوەیەك بکا.

لە باری ئەخلاقی و سیاسییەوە، دەبێ هەوڵی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەتایبەتی دنیای شارستان و پێشکەوتوو بۆ ئەوە بێ کورد دوچاری جینۆسایدێکی دی نەبێتەوە و پشتەوانی لە مافەکانی کورد و لە هەر قەوارەیەك بکەن کە بوونی ئێتنیکیی کوردان بپارێزێ و پێوەندیی لەتەکدا دابمەزرێنن و بەردەوام بن لەسەر رۆڵی ئاشتیخوازانە بۆ چارەسەرکردنی پرسگرێکی کورد لە تورکیا.

هەرچەند، بەلای منەوە، ئەو تاوانە نێودەوڵەتییانەی کە دەرهەق کورد کراون چ (جینۆساید بێ یان تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی یان تاوانەکانی شەڕ) ئیلتیزاماتێکیان خستۆتە ئەستۆی گشت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کە لە قانوونی نێودەوڵەتیدا Erga Omnesی پێ دەگوترێ و دەبێ بەهەموو شێوەیەکی بەردەست و شیاو بواری دوبارە بوونەوەی ئەو تاوانانە نەدەن و هاوکاری کورد بن کە ببێتە خودان ستاتۆیەکی قانوونی و سیاسیی گونجاو کە بوون و ژیان و ڕێگەی پەرەسەندنیان بپارێزێ.

بەهەرحاڵ بەرەوپێشبردنی ئەو پرسە نەتەوەییە-نیشتمانییە (بەجینۆسایدناساندنی کوشتوبڕی کوردان لە سایەی دیکتاتۆریی سەدامدا) لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی کە ماوەیەکە دەستی پێکراوە لەتەك زۆر هۆکاری دیکەدا لەوانە یەکرێزیی نێوماڵی کوردو سەربەخۆیی ئابووریی هەرێمی کوردستان و گەیشتنی نەوتی کوردستان بە بازاڕەکانی ئەوروپا، ئەنجامێکی پۆزەتیڤی دەبێ لەسەر ئاستی سیاسی و بەدیهێنانی خەونە لەمێژینەکەی. بێ لەوە هەق بە کورد وەکو نەتەوە، کە پرسی جینۆساید لە بیروزەینی دەستەجەمعی زیندو رابگرێ نەك بۆ چاندنی تۆوی تۆڵەو تۆڵەکاری و رق و بوغزو کەرب و کینە، بەڵکە بۆ مانەوەو پاراستنی قەوارەو مافە بەدەستهاتووەکان و بەرەوپێشبردنیان و ڕێکخستنەوەی پێوەندییەکان لەسەر بنەمای وەکیەك و دانان بە یەکتری و بە مافی بڕیاردانی چارەنووسیشەوە.



# کەرکوک
# وەک کارتی پەڕینەوە

ئەگەر بەتێڕامانێکی خێراش بێت ئاوڕێك لە کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدای سەردەمی حوکمڕانی مالیکی بدەینەوە، دەبێت ئەم قەیرانە داراییەی کە ئێستا لە هەرێمی کوردستان سەری هەڵداوە، حاڵەتێکی چاوەڕوانکراو بووبێت.


چونکە بەدرێژایی حوکمی مالیکی، سیاسەتێکی لەگەڵ هەرێم پەیڕەو کردووە کە خەڵکی کوردستان وەك (زەڕنەقووتە) دان دابچڕن بۆ بەغداو ئەویش نان بکاتە دەمی خەڵکی کوردستانەوە.

ئەمەش بۆ ئەوەی وەکو چەکێك لە بەکاربردنی هەرێم لەکێشە ناوخۆیی و ئیقلیمیەکان بەکاری بەرێت. بینیمان سەرەتاو پێش هەرشت پەنای بردە بەر هەڕەشەکردن کە هەر کۆمپانیایەك ئەگەر بیانەوێ لە هەرێمی کوردستان بەدوای نەوتدا بگەڕێن، ئەوە بەغدا هەموو پەیوەندییەك لەگەڵیان دەپچڕێنێت. ئەمە لە کاتێکدا بوو هێشتا کنەو پشکنین بۆ دۆزینەوەی نەوت دەستی پێنەکردبوو. واتا مالیکی هەر لە سەرەتاوە دەیویست نەوت لە کوردستان نەدۆزرێتەوە، چونکە ئامانجی ئەو لەوەدا ئەوە بوو کە کوردستان نەبێتە خاوەن سەربەخۆیی ئابووری خۆی، تا بەغدا بیکات بە پاشکۆی خۆی لەململانێ و هاوکێشەکاندا.

هەرێم سەرەڕۆیی بەغدای کرد و ژمارەیەك کۆمپانیای هێنایە کوردستان بەدوای دۆزینەوەی نەوتدا بگەڕێن، دوای ئەوەی کێڵگەی نەوت دۆزرایەوە، بەغدا هەڕەشەی ئەوەی کرد هەر کۆمپانیایەك گرێبەستی هەڵکەندنی بیری نەوت لەگەڵ هەرێم ئیمزا بکات، بەغدا دەیخاتە لیستی ڕەشەوە. ئەمەش تێپەڕی و پاشان گەیشتە ئەوەی لای وڵاتانی زلهێزی خاوەن کۆمپانیاکان سکاڵا بکات لەوەی نابێت ڕێگە بدرێت نەوتی هەرێم دەربهێنن. نەوت دەرهات و کێشەی گەورەی ئێستاش مەسەلەی ناردنە دەرەوەو فرۆشتن و نەفرۆشتنی نەوتی هەرێمی کوردستانە. هیچ ڕێگەیەك نەماوەتەوە بەغدا نەیگرێتەبەر بۆ ئەوەی ڕێگری لە ناردنە دەرەوەی نەوتی هەرێم بکات و خەریکە وەك هەوڵەکانی تری رابردووی لەمەشیاندا شکست دەخوات، و دەشزانێ ئەمە دوا قۆناغی سەربەخۆبوونی ئابووریی هەرێمە کە بەدوای خۆیدا سەربەخۆبوونی سیاسی گەورەتر بەدی دێنێت.

مەسەلەکەش بەتەنها ئەوە نییە کە گوایە هەرێم پابەند نابێت بە ڕێوشوێنەکانی بەغداوە بۆ چۆنیەتی هەناردەکردنی نەوت، ئەو هەر لە سەرەتای گەڕان بەدوای نەوتەوە ناڕازییە لە سیاسەتی نەوتی هەرێم، ئەگەر ئێستا بەغدا سەرپشکیش بکرێت لە سەرپەرشتیکردن و فرۆشتنی نەوتی هەرێم و هەموو پارەکەشی بدرێتە بەغدا، ئەوان هەر ناڕازین. ئەسڵی مەسەلەکەش ترسی سەربەخۆبوونی ئابووریی هەرێمی کوردستانە، کە ئەوان پێیانوایە بە وشککردنی سەرچاوەکانی ئابووریی هەرێم، کورد دەکەن بە کۆیلەی بەغدا.

ئێستا و لەم هەلومەرجەی کە نەوتی هەرێمی کوردستان خەریکە ڕێڕەوی چوونە بازاڕ بۆخۆی دەدۆزێتەوە و بەمەش کوردستان پێدەنێتە قۆناغێکی گرنگەوە، مالیکی بۆ ئەوەی لەو دۆخە دەروونی و کۆمەڵایەتیەی خەڵکی کوردستان بدات لە پشتیوانی و ئامادەگی جورئەتی بڕیاردان و پەڕینەوە بۆ قۆناغی سەربەخۆیی، دەستی برد بۆ هەستیارترین بابەت کە بژێووی ژیانی خەڵکی کوردستانە. ڕاگرتنی بودجە و پێنەدانی مووچە کارکردنە بۆ لەمپەر دروستکردن لەبەردەم ئەو پێویستییە دەروونی و رۆحییەی خەڵکی کوردستان بۆ ئامادەیی قۆناغی داهاتوو، کە بەندە تەسەوری لێکەوتەو کاریگەری لەوەش ترسناکتر دەکەم و پێموایە دەیگەیەنێتە



عارف قوربانی
بۆ گولان نووسیویەتی*

سـەر بڕینی داودەرمانی نەخۆشـخانەکان و هەڕەشەکردن لە بڕینی بەشـەخۆراکی هەرێمی کوردستانیش، هەروەها ئەگەری هەناردەکردنی تیرۆریش بەدوور نازانم.

هەموو ئەمانە چاوەڕوانکراون، بەڵام پرسـیاری من لێرەدا ئەوەیـە ئەی کـورد چـی دەکات لەبەرانبەر هەڕەشـەو پیلانەکانـی مالیکـی. بەتایبەتیش کـە بابەتەکە روون و چارەنووسسـازە، پەیوەندی بە راوەسـتان و پەڕینەوەی بزووتنـەوەی رزگاریخوازیـی کوردسـتانەوە هەیە بەرەو قۆناغی سەربەخۆیی.

باشە کە مەسەلەیەك پەیوەست بێت بەپرسێکی نەتەوەیی و نیشتمانییەوە، خواسـت و ئاواتی گەلێکی پێوە بەسترابێت و چارەنووسمان بەندبێت بە تێپەڕاندنی ئەم قۆناغەوە، چما ئەوەمان لێناخوازێت ئێمەش هەموو کارت و رێوشوێنەکانی بۆ بگرینەبەر؟

لێـرەدا جارێکی تر پرسـی کەرکوك دێنمـەوە گۆڕێ و هیوادارم بە مامەڵەیەکی دروست لەگەڵ پرسی کەرکوکدا وەك کارتێکی کاریگەر لـە تێپەڕاندنی ئەم قۆناغە بەکار ببرێت. پێش هەرشت دەبێ ئەوە بەیاد بهێنینەوە هەموو ئەو مەینەتی و نەهامەتیانەی بەسـەر گەلی کورددا هاتوون هۆکارەکە بۆ ئـەوە دەگەڕێتەوە کە کورد دەسـتبەرداری کەرکوك نەبووە. هەموو شـۆڕش و راپەڕینەکانمان، هەموو ئەو قوربانیانەی بەخشـیومانن لەپێناوی کەرکوکدا بووە. هەڵەبجە و ئەنفال بەهۆی دەستبەردار نەبوونی کەرکوکەوە روویانداوە.

لە دوای رووخانی سـەدام و گەڕانەوەمـان بۆ کەرکوك، جارێکی تر درێژەدان بەململانێ و شـەڕی کورد لەسـەر ئەو شـارە، لە چوارچێوەی هەمـان ئامانجدا بووە، کورد هیچ سـتراتیژێکی تری پێچەوانەی نەبووە. پێداگریمان لەسـەر وەرگرتنی پۆستە ئیدارییی و ئەمنیەکانی کەرکوك بۆ ئەوەبوو کە ئیرادەی سیاسـی کەرکوك لەژێردەسـتی کوردابێت، ئەگینا هیچ کارمان بە کورسی و پۆست و پلە ئیدارییەکانی نەبووە. کەواتا دەبێت ئێستا ئیرادەی کەرکوك بەکار بەرین لەم دۆخە هەستیارەدا. خۆ ئەگەر بابەتەکە هیچ پەیوەست نەبێت بە پرسێکی نەتەوەیی و نیشتمانیشەوە، هەر وەك بەهایەکی ئەخلاقی ناکرێت کەسـوکاری شەهیدانی هەڵەبجەو ئەنفال کە قوربانی خاوەندارێتیی کەرکوکن، ئێستا بەغدا قووتی مناڵەکانیان ببڕێت و کورد نەتوانێ کەرکوك بکاتە کارتی فشـاری پێدانی بژێوی ژیانی کەسوکاری شەهیدەکانی. ئەمە چ جای ئەوەی بابەتێکە پەیوەندی بە چارەنووسی نەتەوەیی گەلی کوردەوە هەیە.

بۆیە پێویستە کەرکوك بێنینە ناو هاوکێشەکەمانەوە، ناکرێت رۆژانـە نزیکەی نیو ملیۆن بەرمیل نەوتی کوردسـتان لە کێڵگـە نەوتییەکانی کەرکوك هەنـاردە بکرێت و پارەکەی بچێتە باخەڵی مالیکییەوە و ئەویش بەو جۆرە مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردسـتان بکات. پێویستە بەغدا تێبگەیەنین یان ئەوەتا یەك بەرمیل نەوتی کوردستان لە کێڵگەکانی کەرکوك نافرۆشرێت یان ئەوەتا دەبێت لە داهاتی عێراق بەشی کورد هەبێت. چونکە ناکرێت رۆژانە سـەدان ملیۆن دۆلار پارەی نەوتـی بچێتە خەزێنەی بەغداوە و بەغـداش پارە نەداتە کوردسـتان. پێویستە لەسەر بەرپرسە لۆکاڵیەکانی ئیدارەی کەرکوکیش بەهەسـتکردن بەو بەرپرسـیارێتییە نەتەوەیی و نیشـتمانییەوە تەفاهومـی دۆخەکە بکەن و بەشـداربن لەهەوڵەکانـی پەڕینـەوەی کورد بـۆ قۆناغی رزگاری یەکجارەکی.

**مالیکی هەر لە سەرەتاوە دەیوست نەوت لە کوردستان نەدۆزرێتەوە، چونکە ئامانجی ئەو لەوەدا ئەوە بوو کە کوردستان نەبێتە خاوەن سەربەخۆیی ئابووری خۆی، تا بەغدا بیکات بە پاشکۆی خۆی لەململانێ و هاوکێشەکاندا**



فازل نەبی بریکاری وەزارەتی دارایی حکومەتی عیراق بۆ گوڵان:

# دەستم لەکار کێشایەوە لەبەرامبەر ئەوەی نوری مالیکی بودجەی مانگی شوباتی هەرێمی راگرت

**حکومەتی ناوەندی بەغدا کارتی بودجەی کردۆتە چەکێك هەم دژی هەرێمی کوردستان بەکاری دەهێنێت، هەمیش کردویەتیە کارتێکی هەڵبژاردن بۆ ئەوەی هەڵبژاردنەکانی پێیێ بباتەوە، ئەمە لەلایەك لەلایەکی دیکەوە نوسخەی ئەو پرۆژە بودجەیەی وەزارەتی دارایی حکومەتی عیراق رەوانەی ئەنجومەنی وەزیرانی کردووە، کۆمەڵێك برگەی وەك سزادان بۆ هەرێمی کوردستان لێ زیاد کراوە، وێرای هەموو ئەمانەش لەگەڵ ئەوەی پرۆژەی بودجەی ساڵی ٢٠١٤ لەنێوان حکومەت و پەرلەمانی عێراق بە هەڵواسراویی ماوەتەوەو بەپێی یاسا دەبێت هەموو مانگێك یەك لەسەر دوانزدەی سەرف بکرێت و مووچەی فەرمانبەرانی لێ بدرێت، کەچی ئەم پارەیە سەرف دەکرێت و بەشە داهاتی هەرێمی کوردستان رادەگیرێت، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم لایەنە هەستیارە بەرێز د.فازل نەبی بریکاری وەزارەتی دارایی عیراق کە لەسەر ئەم پرسە دەستی لەکار کێشاوەتەوە، بەمجۆرە ئەم پرسەی بۆ گوڵان ڕوون کردەوە.**

**• لە پڕۆژەی بودجەی ئەمساڵی حکومەتی فیدراڵی عیراقدا هەندێـــك بڕگە هاتوون کە وەك بڕگەی ســـزادانن بۆ هەرێمی کوردستان، پرسیاری ئێمە ئەوەیە ئایا ئەم پڕۆژەیە لە وەزارەتی دارایی ئامادەکراوەو بەســـەر ئێوە تێپەڕیوە یان لە ئەنجوومەنی وەزیران دەستکاری کراوە؟**

- ئەو نوسخەیەی پڕۆژەی بودجەی ساڵی ٢٠١٤ کە وەزارەتی داراییەوە نێراوە بۆ ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی فیدراڵی عیـــراق ئەو بڕگانەی تێدا نییە، بەڵکو لەو نوســـخەیەدایە کە لە ئەنجوومەنـــی وەزیرانەوە نێردراوە بـــۆ پەرلەمان، هۆکاری ئەمەش دیارە هەندێ کێشە هەبووە لە نێوان حکومەتی بەغداو حکومەتی فیدراڵ ئەو کێشانە پەرەی سەندووە، بۆیە بە داخەوە کۆمەڵێك بڕگە دژی کوردســـتان زیاد کرابوو، هەروەکو دەبینن هەرێمی کوردستان هەوڵی زۆری داوە ئەم کێشانە لەگەڵ بەغدا چارەسەر بکات، بەتایبەتیش کێشەی نەوت کە کاریگەریی بۆ ســـەر ڕەوشی دارایی هەیە، کێشـــەی بودجەش لە پەرلەمانی عیراق پەســـند ناکرێت لەبەر ئەوەی کە نوێنەرانی کورد ئامادە نابن، بۆیە ئەم کێشـــەیە چارەسەر نابێت تاکو نیصابی یاسایی تەواو دەبێت و گفتوگۆی لەسەر دەکرێت.

*** کە پڕۆژەی بودجە بە هەڵواسراوی ماوەتەوە تائیستا بۆچی بەپێی یاسا بەشی مووچەی هەرێمی کوردستان لەکاتی خۆی خەرج ناکرێت؟**

- بە داخەوە دەبووایە ئێمە لە مانگی یەکەوە، یەك لەســـەر١٢ ی بودجەمان خەرج بکردایە لە بودجەی ٢٠١٤، بەڵام توانیمان تەنیـــا مووچە خـــەرج بکەین و مووچـــەی مانگی کانوونی دووەممان بۆ هەرێمی کوردستان خەرجکرد، بۆ مانگی شوبات سەرۆك وەزیران و وەزیری دارایی و وەزیری نەوت ڕێککەوتن کە مووچەی مانگی شـــوبات بۆ هەرێمی کوردستان نەنێرن، ئەوە بـــوو کە من هەوڵم لەگەڵدان کە مووچەی مانگی دوو بنێرن، بیانوویان دەهێنایەوە کە جارێ ڕاوەســـتن تا دەگەنە ئەنجامێك، بـــە داخەوە نەگەیشـــتینە ئەنجام، دواتـــر تەلەفۆنم بۆ دکتۆر ڕۆژو وەزیرە کوردەکان کرد، بەڵام دیســـان بەداخەوە ســـەرۆکی وەزیران و وەزیرەکانی دیکە ڕازی نەبوون لەسەر ناردنی مووچە بۆ هەرێمی کوردســـتان. لە کاتێکدا ئێمە دەســـتمان کردووە بە دابەش کردنی مووچـــە لە عیراق، دوای کۆبوونەوەکە هەندێ لـــە وەزیرە کوردەکان داوایان لە مالیکی کردبوو بە لایەنی کەم ڕازی بێت لەســـەر ناردنی مووچە، ئەویش بەڵێنی دابوو بەڵام تا ئێســـتا جێبەجێ نەکراوە، ئەو کێشـــانە وای لە من کرد کە دەست لەکارکێشـــانەوەی خۆم پێشکەشی سەرۆك وەزیران بکەم لە ڕێگای دکتۆر ڕۆژەوە کە ســـەرۆکی کوتلەی ئێمەیە، وەك نارەزاییەك لەسەر نەناردنی مووچە بۆ هەرێمی کوردستان.

*** مالیکی بە شـــێوەیەکی زارەکـــی ڕازی بوو کە مووچەی مانگـــی دوو بنێرێت، بـــەڵام جێبەجێی نەکـــرد، ئایا دەکرێت بەم شێوەیە ســـەرۆك وەزیرانی عیراق مامەڵە لەگەڵ بودجەو مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستاندا بکات؟**

- نەخێر،حکومەتی بەغدا هیچ پاڵپشـــتێکی یاسایی نییە کە مووچە بۆ هەرێم نەنێرێت، هەروەها پاساوێکی دارایشی نییە، پاڵپشتی یاســـایی نییە، چونکە هیچ یاسایەك نییە کە بڵێت مووچەی کوردستان ببڕێت، پاســـاوی دارایشی نییە چونکە ڕەوشی دارایی حکومەتی بەغدا لە مانگی دوو زۆر لە مانگی یەك باشـــتر بووە، کە مووچەی مانگی یەکمان نارد، دەبووایە مووچەی مانگی دوو لە ٧و٨ ی ئەم مانگە بناردرایە، بەڵام بەداخەوە تا ئەو ســـاتەش کە هەروەك باسم کرد ناردنی مووچە لە لایەن حکومەتی بەغداوە بۆ هەرێمی کوردســـتان ڕاگیراوەو نەناردراوە.

*** باس لەوە دەکرێت کە ئەم فشارانە پێوەندییان بە هەڵبژاردنەکانەوە هەیەو دەچنە چوارچێوەی هەڵمەتی هەڵبژاردنی مالکییەوە؟**

- بـــە دڵنیاییەوە پێوەندی بەهەڵبژاردنەوە هەیە، ئەوان دەڵێن تا کێشـــەی نەوت لەنێوان بەغداو هەرێم چارەسەر نەکرێ بودجە نانێرن، بەڵام ئەوە پاساو نییە کە مووچەی خەڵك ببڕن و پێمان وتن: دەکرێ مووچە بنێرن بەڵام شـــتەکانی دیکە تا کێشەی نەوت چارەســـەر نەکرێ ڕابگیرێن، بۆیە بە دڵنیاییەوە لایەنی سیاسی و هەڵبژاردن لە پشت ئەو ڕەفتارانەوەن.

*** تا چەند ئەم کێشـــەیە درێژە دەکێشێت و تاکەی لە مالیکی قبووڵ دەکرێ ئەم هەڵسوکەوتە بکات؟**

- بێ گومان ئەگەر ئەم کێشەیە چارەسەر نەکرێت، دەبێ کورد گوشـــاری زیاتر بخاتە ســـەر بەغدا، لەم ڕۆژانەدا حکومەتی هەرێم وەڵامی پێشنیارەکانی حکومەتی بەغدایان دابۆوە لەسەر کێشەکانی نەوت و بودجە، جەنابی دکتۆر ڕۆژ نووری شاوێس جێگری سەرۆکی حکومەتی فیدراڵ هەوڵ دەدات دانیشتنێك ڕێك بخات لە نێوان هەردوولادا بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە، بەڵام ئومێدمان وایە حکومەتی بەغدا دیراســـەتی وەڵامەکەی هەرێم بـــکات و لەم هەفتەیەدا حکومەتـــی بەغداو هەرێمی کوردستان دابنیشن و لەم کێشانە بکۆڵنەوە.

*** دەوترێ ئەمە فشاری مالیکییە بۆ ئەوەی بۆ جاری سێیەم لە دەســـەڵات بمێنێتەوەو سۆزی شەقامی عەرەبی بۆ دژایەتی کردنی کورد ڕابکێشێت بۆ ئەمە چی دەڵێن؟**

- بە داخـــەوە زۆربەی سیاســـەتمەدارەکانی عەرەب دژایەتی کردنی کوردیان کردۆتە ناونیشانێك بۆ ئەوەی سۆزی شەقامی عەرەب بۆ خۆیان ڕابکێشن، زۆر هەڵەیە دوژمنایەتی میللەتێك بکەیت بۆ ئەوەی خەڵك بۆ خۆت ڕابکێشـــیت، بەڵام ئێســـتا عەرەب لە ڕاستییەکە گەیشـــتوون و ئەم هەوڵەش بێ گومان سەرکەوتوو نییەو شکستی هێناوە

*** کوردو شـــیعە دوو دۆستی یەکترن، قاعیدەش ڕایگەیاندووە کە دژی کوردو خودی جەنابی ســـەرۆك بارزانییەو لە هەمان کاتدا دژی شیعەیە، بۆچی مالیکی وا دەکات ئەو دۆستە لە خۆی بکات؟**

- پێویســـتە ئەو پرسیارە لە خودی مالیکی بکرێ، ئێمەش لە بەغدا ئەو پرســـیارە لە برادەرانی دەوڵەتی یاسا دەکەین، بۆچی دوژمنایەتیی کورد دەکەن لە کاتێکدا هەردوو لاتان ستەمدیدە بوونە، کوردیش زۆر یارمەتی ئەوانی داوە..

*** پێشبینی دەکەیت دۆخەکە بە چ ئاڕاستەیەك بگات؟**

- دەبێ گەشبین بین بەرامبەرئاییندەو بە بۆچوونی من تۆزێك هەوڵ لە ئارادایە ئەم کێشـــانە بەرەو چارەسەر بچن کە سوود و بەرژەوەندیی هەردوو لای تێدایە.

هەرێمی کوردستان هەوڵی زۆری داوە ئەم کێشانە لەگەڵ بەغدا چارەسەر بکات، بەتایبەتیش کێشەی نەوت کە کاریگەریی بۆ سەر ڕەوشی دارایی هەیە، کێشەی بودجەش لە پەرلەمانی عیراق پەسند ناکرێت لەبەر ئەوەی کە نوێنەرانی کورد ئامادە نابن، بۆیە ئەم کێشەیە چارەسەر نابێت تاکو نیصابی یاسایی تەواو دەبێت و گفتوگۆی لەسەر دەکرێت

پێویستە ئەو پرسیارە لە خودی مالیکی بکرێ، ئێمەش لە بەغدا ئەو پرسیارە لە برادەرانی دەوڵەتی یاسا دەکەین، بۆچی دوژمنایەتیی کورد دەکەن لە کاتێکدا هەردوو لاتان ستەمدیدە بوونە، کوردیش زۆر یارمەتی ئەوانی داوە

ئەوە پاساو نییە کە مووچەی خەڵک ببڕن و پێمان وتن: دەکرێ مووچە بنێرن بەڵام شتەکانی دیکە تا کێشەی نەوت چارەسەر نەکرێ ڕابگیرێن، بۆیە بە دڵنیاییەوە لایەنی سیاسی و هەڵبژاردن لە پشت ئەو ڕەفتارانەوەن










# لە بەغدا گوزەران و ئاسایش چۆن بەڕێوە دەچێت

## سەرچاوەیەک بۆ ئاژاوەو خاشاک و ژاوەژاو ...

گوڵان - بەغدا







## لەژێر سایەی بودجەیەکی ١١٨ترلیۆنی و ١٧٠بازگەی ناو پایتەختەوە

زۆرینەی خەڵك لەوە نیگەرانن کە هیچ ڕۆشناییەك لە کۆتایی تونێلە تاریکەکەدا دیار نییە، ئەو تونێلەی کە وڵاتەکە بەرەو گۆمێکی قووڵ پەلکێش دەکات، چونکە حکومەتی عیراقی ڕوانینێکی سیاسییانەی بۆ لە ڕەگەوە دەرکێشانی تایەفەگەرێتی لا نییەو تەنانەت پلانی بۆ ئاشتەوایی سیاسی دانەڕشتووە، لەبەر ئەوەشە کە لە ڕووی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە زۆر بە خێرایی بەرەو لێکهەڵوەشانەوە دەچێت، ئەو بەغدایەی ساڵی ٢٠٠٣ یەکەمین ڕەشنووسی دەستووریی لە مێژووی عیراقدا تێدا لێهەڵهێنجراوە کەچی ئێستا لە ڕەوتی دیموکراسیانەی خۆی بەلاڕێدا کەوتووە و بووە بە گۆڕەپانێك بۆ ئاژاوەو ژاوەژاوو کوشتارگەو تایەفەگەرێتی، گرووپەکانی تیرۆریزمی جیهانی و تاقمە تەکفیرییەکان تەراتێنی تێدا دەکەن..

بەهۆی هێرشە تیرۆریستیەکانەوە مانگانە زیاتر لە هەزار شەهیدو بریندار لە ناو بەغدا بەردەبنەوەو تەنانەت لە مزگەوتەکان و قوتابخانەی منداڵان و بازاڕە میللییەکان و کڵێساکانیش دەست ناپارێزرێت، حکومەتیش(جەنگی دژە تیرۆری) بۆ سەپاندنی سیاسەتەکانی خۆیی قۆستۆتەوە، لە هەموو ناوچەکانی بەغدا چارەسەری ئەمنی دەچەسپێنێت، بێ گوێدانە ڕەهەندە سیاسییەکانی پشتەوەی ئاریشەکان و ئەو مەزلۆمیەتە ڕاستەقینانەی هاووڵاتیانی بێگوناهی ئەو شارە دوچاری بوونەتەوە..

بەغدای پایتەختی ئێستای عیراق لەسەردەمی عەباسییەکانەوە دروست کراوەو لەو دێرین زەمانەوە پێی وتراوە شاری زەورا یان مەدینەتولسەلام، سەردەمانێك پایتەختی هەموو دنیا بووە، خەلیفەی عەباسی ئەبو جەعفەری کوڕی مەنسوڕ بونیادی ناوەو سەرەتا بە شاری مەنسوڕ ناوزەدکراوە، چوار دەروازەی بۆ دروست کردووە کە بە گرنگترین شوێنەواری عەرەبی و فارسی و بابلیی دەناسرێن، کەچی ئێستا زیاتر لە ١٧٠ بازگەی پشکنینی تێدایە، بەمەش هاووڵاتیان بێزار بوون لەو ئاژاوەو ژاوەو ژاوو و موعاناتانەی ڕۆژانە کە یەخەیان پێ دەگرێت بەتایبەتی لە هاتوچۆکردنیاندا، بە لایەنی کەمەوە دوو سەعاتیان پێدەچێت تا دەگەنە سەر کارو وەزیفەی ڕۆژانەیان و لە گەڕانەوەشیان بە هەمان شێوە..

### بەغدای هەمەجۆر و دابەشکراو بۆ دوو بەش لە هەموو شتێکیدا

هەردوو ناوچە لێکدابڕاوەکانی کەرخ و ڕەصافە، سوننەو شیعە، داخراوو تێکەڵاو، دیجلەو فوڕات، کارەبای حکومی و تایبەت، مزگەوتەکانی حوسێنیە و بەربەست و بازگەکان.

لەبارەی ئەمانەوە فەرمانبەرێکی وەزارەتی داد بە ناوی مستەفا جاسم دەڵێت((بەغدا هەمەجۆرانە بۆ دوو بەشی ناهاوسەنگ دابەشبووە کە لایەکیان بە نوێنەرایەتی زۆرینەی

■ دەیان ڕێگەو شەقام لە بەغدا بەهۆی خاشاکی کەڵەکەبووەوە قەپات بوون، لەکاتێکدا ملیۆنەها دۆلار بۆ خاوێن کردنەوەی پایتەخت خەرج دەکرێت

■ نەخۆشخانەکانی بەغدا بەهۆی نەبوونی خزمەتگوزارییەوە لە بارێکی زۆر ناهەمواردان، چ لە نەبوونی کارمەندو چ لە خراپ مامەڵەکردنیان لەگەڵ نەخۆش و هەبوونی واسیتەو ناسیارێتی و پیس و پۆخڵی و قەرەپەستێیی بەردەوام



شیعەکانە تەنانەت ئەو لایەشیان بێبەش نەکراوە لە خراپیی خزمەتگوزاریداو لە ناهەمواری دادوەری کۆمەڵایەتیدا، بەڵکو بێبەشی هەیە لە نوێنەرایەتی سیاسییانەی دادپەروەرانە بۆ حوکمداری، تا ئاستی جیاکاریی لە بواری دامەزراندن و پەرەپێدانی ئابووریدا، لە ناو کەشوهەوایەکی بارگاویکراو بە دنەدان و هاندانەوەو لە ڕێی بڵاوکردنەوەی چەندین گوتاری ڕق و کیناویی کە بیست و چوار سەعاتە بەهۆی کەناڵەکانی تایەفەگەرییەوە پەخش دەکرێن بەردەوام دەکوتن و پڕ عەمبارێکی مێژوویییان لە هەستکردن بە غوبن و دزێوکردنی هەست و شعووری ئاینی لایەنەکانی بەرانبەر بۆ یەکتر هەڵگرتووەو بۆ وەرگرانی ئەو گوتارانەی دەڵێنەوە، کە بەهۆیەوە ئارەزووی کینەو ڕقیان تێدا بەخێو دەکەن، لەناو جەرگەی ئەم بازنە دۆزەخییە پڕ لە توندوتیژییە پوچگەرایەوە گەلی عیراق بێدەسەڵاتانە بە تاقی تەنیا وەستاوەو ئوممەتی عەرەب پشتیان تێکردوون، ئەو ئوممەتەی لە زۆربەی وێستگەکانی مێژوویانداو بە درێژایی مێژوو



گەلی عیراق پشت و پەنایان بوون..

بەغدای پایتەختی عیراق، بەپێی داتاکانی وزارەتی پلاندانان بۆ ساڵی ٢٠١٢ژمارەی دانیشتووانی گەیشتۆتە ٩ملیۆن کەس، ئەم دانیشتووانە دابەشبوون بەسەر کەرخ و ڕەصافەدا کە زۆرینەیان شیعە مەزهەبن و هەندێ ناوچەش بە ناوچەی داخراوی شیعەنشین ناسراون و هیچ سوننەیەکی تێدا ناژی، ئەمەیە کە پێی دەوترێت دیوارەکانی لێکداپچڕاندن..

ئەمین عەبدوڵڵای ئەندامی ڕێکخراوێکی کۆمەڵگەی مەدەنی دەڵێت((ناوچەی ڕەصافە بە گشتی زۆرینەی شیعەی تێدا نیشتەجێیە، لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا بووەتە ناوچەیەکی داخراو و تژی بە شیعەنشین، تەنیا ئەعزەمیەی لێ دەربچێت ئەویش بەهۆی مزگەوتی ئەبو حەنیفەی نوعمانەوە کە ڕێژەی شیعە لەو دەوروبەرەی مزگەوتەکەدا لە ٪٢٠ تێپەڕناکات، ئەوانیش دابەشبوون بەسەر شەقامی مەغریب و ڕەئس ئەلحۆشدا، ئەم وەرچەرخانەش لە خۆڕاوە نەهاتووە بەڵکو بەهۆی شەڕو کوشتاری تایەفەگەرییانەی نێوان سوننەو شیعەوە لە ساڵانی ٢٠٠٦ تا ٢٠٠٧یەکلابۆتەوەو لە یەکتر جودا بوونەتەوە، کە سەدان هاووڵاتی تێیدا بە قوربانی ئەو هەڵگیرسانی ئاگری شەڕی مەزهەبگەراییە کراون..

**ناوچەی صەدر کە پێشتر بە ناوچەی پورە ناسێنرابوو**

ناوچەی صەدر زۆرترین ڕێژەی لە خەڵکی بەشی ڕەصافەی تێدا مۆڵ بووە، ناوچەیەکی شیعەنشینەو بەپێی ئامارە نافەرمییەکان نزیکەی دوو ملیۆن و نیو دانیشتووی تێدایە، بەڵام بەشی کەرخ کە پێی دەوترێت سوننەنشین ئەمیان دانیشتووانی تێکەڵن، هەروەها ناوچە داخراوەکانی شیعەنشین لە خۆدەگرن وەك کازمیەی بەرانبەر ئەعزەمیەو گەڕەکەکانی شوعلەو حوریەو جوادین و ڕەحمانیە..

محەمەد غەسان کە کارمەندی ژمێریارە لە کۆمپانیایەکی فڕۆکەوانی دەڵێت((هەر هاووڵاتیەکی سوننی ئەگەر لەناو بەغدا بچێتەو ناو زۆنی ناوچەیەکی شیعەنشینەوە زۆر بە خێرایی و بە نیگەرانییەوە کارەکانی خۆی تەواو دەکات و بەپەلەپروزێ لێی دەردەچێت و ئەمە بەپێچەوانەشەوە بۆ هاووڵاتیەکی شیعە مەزهەب کە دەچێتە ناو ناوچەیەکی سوننە نشینەوە هەر بەو شێوەیەیە، ناوچە تێکەڵاوەکانیش لە بێ متمانەیی تەواودا دەژین وەك ناوچەکانی (مەنسوڕو حەی عامل و بەیاع و شوڕتەی چوارەم و حەی جامیعە)، سوننەکانیش دابەشبوون بەسەر ناوچەکانی عامریەو خەزراو بەکریە و حەی عەدل و یەرموکدا)).

**باری ئابووری**

سامر ناوێك کە تەمەنی ٤٠ ساڵ دەبێت، کرێکارەو دەڵێت((باری بژێوی لە پایتەختدا زۆر زۆر خراپە، بێکارییەکی زۆر هەیە کە لە مێژووی بەغدا شتی وەهای تێدا نەبووە، هەژاران ناتوانن بە ئاسانی ژیان بەرنەسەر، هیچ شارێك نییە هاوشێوەی بەغدا لە هەموو جیهاندا بەو شێوەیە بودجەیەکی زەبەلاحی هەبێت و ئەم هەموو موعاناتە بەسەر خەڵکەکەیدا بباریێت، وڵاتێك نەوتەکەی زیاتربێت لە ئاوەکەی، کەچی حکومەت خەڵکەکەی خۆی خستۆتە پشت هەموو شتەکانی ترەوەو پشتگوێی خستوون)).

**موعاناتی ڕۆژانە**

ئەبوحەمودی دوکاندارە لە بازاڕێکی پایتەختدا دەڵێت((موعاناتێکی زۆرمان بەهۆی وزەی کارەباوە هەیە کە وەك ترافیك لایت هەڵدەبێت و دەکوژێتەوە، ئەگەر بەم شێوەیە بڕوات ئەم هاوینە لە دۆزەخی گەرمدا گوزەران بەڕێوەناچێت، بە گشتی کارەبا لە ناوچەیەك بۆ ناوچەیەکی تر جیاوازەو باشترین ناوچە لە بەغدا لە ١٢ کاتژمێر کارەبا زیاتری نییە، نرخی یەك ئەمپێر کارەبای حکومیی شەش هەزار دینارەو ئەوەی ئەهلیش ١٥هەزار دینارە)).

کازم حوسێنی شۆفێری تەکسی تەمەن ٤٣ساڵ کە دانیشتووی صەدرە پێمانی وت((کاری شۆفێری گەلێك

**بەهۆی هێرشە تیرۆریستیەکانەوە مانگانە زیاتر لە هەزار شەهیدو بریندار لەناو بەغدا بەردەبنەوەو تەنانەت دەست ناپارێزرێت لە مزگەوتەکان و قوتابخانەی منداڵان و بازاڕە میللییەکان و کڵێساکانیش، حکومەتیش(جەنگی دژە تیرۆری) قۆستۆتەوە بۆ سەپاندنی سیاسەتەکانی خۆی**

**بە گشتی کارەبا لە ناوچەیەک بۆ ناوچەیەکی تری بەغدا جیاوازەو باشترین ناوچە لە بەغدا لە ١٢ کاتژمێر کارەبا زیاتری نییە، نرخی یەک ئەمپێر کارەبای حکومیی شەش هەزار دینارەو ئەوەی ئەهلیش ١٥هەزار دینارە**



زەحمەت بووە، ڕۆژانە ناتوانی چوار تا پێنج هاوولاتی بەسەربخەین بەهۆی ئەو دەیان بازگانەی پشکنینەوە لە شارێکدا کە ژمارەی ماشێنەکانی گەیشتوونەتە ٦ملیۆن ئۆتۆمبێل بە جادە و ڕێگەوبانێکی زۆر خراپەوەو بە داخرانی دەیان ڕێگەی سەرەکی و دەروازەی هاتوچۆوە)). ئاماژەی دا بەوەی کە زۆربەی هاوڕێیەکانی بە ماڵ و منداڵیانەوە شارەکەیان بەجێهێشتووەو ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردووە..

**پۆلیس و گەل لە خزمەتی نیشتماندان**

عەدنان سەعد کە پارێزەرەو تەمەنی ٣٣ ساڵە وتی((ئەو نیشتمانەی خزمەت بە هاوولاتی نەگەیەنێت مافی ئەوەی نییە پێی بووترێت دەوڵەت، ژمارەی خاڵەکانی پشکنین لە ناو بەغدا گەیشتۆتە ١٧٠ بازگە بەپێی وتەی سەرکردایەتی چالاکیەکانی پایتەخت بە بیانووی ڕاگرتنی تیرۆریستان، کەچی تەقینەوەکانیش ڕۆژ دوای ڕۆژ لە هەڵکشاندان، باری تەندروستی و خوێندن و فێر بوون ناهەموارتربووە)). لەو بارەیەوە دایکی ئیسرا کە دایکی سێ منداڵە باسی لە موعاناتی خۆی کرد لەگەڵ نەخۆشخانەکانداو لەو بارەیەوە وتی((نەخۆشخانەکانی بەغدا بەهۆی نەبوونی خزمەتگوزارییەوە لە بارێکی زۆر ناهەمواردان لە نەبوونی کارمەند و خراپیی لە مامەڵەکردنیان لەگەڵ نەخۆش و هەبوونی واستەو ناسیارییێتی و پیس و پۆخڵی و قەرەپەستێیی بەردەوام)) هەر هەمان خاتوون وتی کچەکەم خەریکە هەردوو گورچیلەی لە دەست بدات بەهۆی ئەوەی لە قوتابخانەکاندا ئاودەستی بۆ مرۆڤ تیا نییە و تا دەوام تەواو دەبێت ساڵانێکە بە ناچاری خۆی ڕادەگرێت و ناتوانێت لەکاتی تەنگاویدا ڕوو لە تەوالێت بکات، ئایا ئەمە حکومەتی دەوڵەتی قانونە، بەم شێوەیە ژیان ناچێتە سەر..

**قوربانیانی کردەوە تیرۆریستییەکان و بێوەژنان**

ئەرکان ئیسماعیل چالاکوان و پسپۆرە لە کاروباری ئافرەتان وتی((ژمارەی بێوەژنان گەیشتۆتە ملیۆنێك ژن، هیچ قەربوویەك ناکرێنەوە تا بە شێوەیەکی ئاسایی بژیێن ڕێژەیەکی کەمیان ڕوویان لە فەرمانگەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی کردووە بۆ تەواوکردنی مامەڵەکانیان زۆر بە خراپی مامەڵەکانیان بۆ بەڕێوە دەبەن بە جلوبەرگ و باری دەروونییاندا ڕادیارە کە لە چ ژیانێکی سەختدا دەژین، نۆرەگرتنیان هێندە دوورودرێژە سەرت لێی دەسوڕمێت، کەس بە هانایانەوە ناچێت بەتایبەتی ئەوانەی کە بەرپرسیارن لەم وڵاتەوە کە لە ناوچەی دڵڕفێن و خانووی بۆرژوازیانەوە ئۆتۆمبێلی درع و مووچەی خەیاڵیەوە بە بەردەمیاندا دێن و دەچن)).

بەم شێوەیە دەیان ڕێگەو شەقام دەبینیت بەهۆی خاشاکی کەڵەکەبووەوە قەپات بوون، لەکاتێکدا ملیۆنەها دۆلار بۆ خاوێن کردنەوەی پایتەخت خەرج دەکرێت لەو بارەیەوە عجیل حەسەن خاوەنی کۆشکێکی سەرشەقام دەڵێت نازانین هانا بەرین بۆ کێ، وا خەریکە لەناو زبڵ و خاشاکدا دەخنکێین..

ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق لەماوەی چوار ساڵی پێشوودا لە هەڵاوێردکردن و هەموارکردنی دەیان یاسادا شکستیان هێنا لەوانەش یاساکانی تایبەت بە بوارەکانی خزمەتگوزاری هاوولاتیان و ژێرخان، تەنیا بەغدای پایتەخت پێویستی بە بودجەیەکی ١٤ ترلیۆنی هەیە تا ژێرخانی ئابووری چاك بکرێتەوە بە تایبەتی بۆ بوارەکانی ئاووئاوەڕۆو کارەباو تەندروستی پەروەردەو فێرکردن و بازارگەوبێکاریی، کاتێ بارانێکیش دەبارێت ئاوی ناو شەقام و کۆڵانەکان لەگەڵ ئاوی دیجلەو فوراتدا هاوئاست دەبنەوە.

## نید پارکەر:

# مالیکی وەزارەتی مافی مرۆڤی عێراقی کۆنترۆڵ کردووە و هەندێک لە چاودێرانی مافی مرۆڤیش عێراقیان بەجێهێشتووە

**ئەم پەرەگرافە بەشێکە لە وتاری ( کێ عێراقی دۆڕاند) کە نید پارکەر بەرپرسی پێشووی نوسینگەی رۆژنامەی لوس ئەنجلوس تایمز لە بەغدا، لە مانگی رابردوو لە مەگەزین پۆلیتیکۆ وتارێکی بڵاو کردۆتەوە، ئەمەش بەشێکی ئەو وتارەیە بەکوردی:**

لە شوباتی ساڵی رابردوو یەکێك لە بەرپرسە گەورەکانی حکومەت نیگەرانی خۆی بۆ دەربڕیم کە دەوڵەتی عێراق لەبەر یەکهەڵدەوەشێت، ئێستا ئەمەریکییەکان ناتوانن هاودەنگی لەنێوان شیعە و کورد و سونە دروست بکەن، بۆیە ئێستا ئەمەریکیەکان لەدوورەوە دەڕوانن، ئەم مانگەش ( واتە کانوونی دووەمی ٢٠١٤) هەر ئەم مانگە بوو شێخ وەسفی عوبێدی کە یەکێکە لە دیارترین سەرۆك هۆزەکانی عەرەبی سونە لە باکوری عێراق، گازندەی ئەوەی کرد لەو کاتەوەی ئەمەریکا هێزەکانی لەعێراق کێشاوەتەوە هیچ بەرپرسێکی ئەمەریکی سەردانی نەکردووە، لێی پرسیم ئەمەریکیەکان لەکوێن هەست دەکەم وازیان لێهێناوین؟

هەوڵەکانی ئەمەریکا بۆ پەرەپێدانی مافی مرۆڤ لە عێراقیش رووبەرووی نەهامەتی بۆتەوە، ئەو بەرپرسە ئەمەریکیانەی هەستان بە پارێزگاریکردنی وەزارەتی مافی مرۆڤ لەعێراق، ئێستا ئەو وەزارەتەش لەلایەن مالکیەوە دەستی تێوەردەدرێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەم وەزارەتە نهێنی ئەو بەندیخانە نهێنیانەی ئاشکرا دەکرد کە نزیکەکانی مالیکی بەڕێوەیان دەبرد، هەربۆیە لە ساڵی ٢٠١٠ ەوە ئەم وەزارەتەش کەوتە ژێردەستی مالیکی و ئێستا دەمی ئەم وەزارەتەش داخراوە، هەندێك لە چاودێرانی مافی مرۆڤیش کە ئەمەریکا پشتیوانی لێدەکردن ناچاربوون لە عێراق هەڵبێن، خۆ ئەگەر لە عێراق بمانایەوە ئەوە لەلایەن دادگاکانی عێراقەوە کێشەیان بۆ دروست دەکرا، هەربۆیە نەبوونی چاودێری بەسەر هێزەکانی پۆلیس و سوپا کە مالیکی سەرکردایەتی دەکات بۆتە هۆکاری ئەوەی عەرەبی سونەی عێراق بێ ئومێد بن. ئەمەش بۆتە هۆکارێکی یاریدەدەر بۆ ئەوەی ژینگەیەك بێتە ئاراوە ریکخراوی ئەلقاعیدە سوودی لێوەربگرێت.

لەلایەکی ترەوە گۆڕینەوەی زانیاری هەواڵگری لە نێوان ئەمەریکییەکان و عێراقییەکان راوەستاوە، لەمبارەوە باربیرۆ عێراقییەکانی ئاگادار کردۆتەوە کە ئامێری پێویستیان نییە بۆ ئەوەی شرۆڤەی زانیارییە هەواڵگرییەکان بکەن و شوێنی هێرشە ئاسمانییەکان دیاری بکەن، بۆیە هێزەکانی دژە تیرۆری حکومەتی عێراق پشت بە هەلیکۆپتەرە ئەمەریکیەکان دەبەستن بۆ ئەوەی هێرش بکەنە سەر ئامانجەکان، پێشتر شرۆڤەوانە هەواڵگرییەکان زانیارییان کۆدەکردەوە و دەیان خستە ناو تۆڕی ئەو تیرۆریستە گوماناوییەکان بۆ ئەوەی عێراق بتوانێت هێرش بکاتە سەریان، بەڵام دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا ئەم توانایەیان نەما. لەمبارەوە باربیرۆ دەڵێت : بەبێ ئەوەی توانای ئەوەت هەبێت زانیاری هەواڵگری شرۆڤە بکەیت، بەبێ ئەوەی توانای ئەوەت هەبێت لەتوڕەکانی قاعیدە تێبگەیت، ئایا دەبێت چی لە ئەنبار رووبدات و مەزندە بۆچی بکەین؟



تەحەددی سەرەکی بۆ ئیدارەی ئێستای ئۆباما ئەوەیە کە چاوبخشێنێتەوە بە بڕیارەکانی سەبارەت بە عێراق، مالیکی کە لەمانگی نۆڤەمبەر سەردانی ئەمەریکای کرد بە لیستێکی درێژی داواکارییەوە بۆ دووبارە رێکخستنەوەی ستراتیژیەتی سیاسەتی خۆی بۆ دورخستنەوەی قاعیدە، بەڵام تەنها وەڵامێکی کەمی درایەوە، ئەمەش وایکرد کە زیاتر رەفتارکانی هەڵبکشێت، ئەو ئیدارەی بە شێوەیەکی ئاشکرا چاودێری مالیکی دەکات، پێدەچێت زۆر دوو دڵ بێت لەوەی چاو بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ مالیکی بخشێنێتەوە، بەرپرسە ئەمەریکیەکان بەڵیان داوە پشتگیری مالیکی بکەن لەشەڕی ئەلقاعیدە، بەڵام بەرپرسە ئەمەریکیەکان چاوی خۆیان بەرامبەر کێشە ئاڵۆزەکەی ئەنبار نوقاندووە، پێشتر هەندێك لە هۆزەکان هاوپەیمانی مالیکی بوون لەشەڕکردن دژی مالیکی، بەڵام پاش ئەوەی مالیکی هەڵیکوتایە سەر خێمەی خۆپیشاندەران ئێستا ئەم هۆزانە هەم شەڕی قاعیدە دەکەن و هەمیش شەڕی مالیکی، بۆیە پێدەچێت هاوکارییەکانی ئەمەریکا بۆ مالیکی بەناوی شەڕی ئەلقاعیدەوە سەرەنجام ببێتە هۆکاری ئەوەی مالیکی رکابەرە عەرەبە سونەکانی بکوژێت لەژێر پەردەی شەڕی تیرۆردا.

# ململانێی مەزهەبی نێوان سوننە و شیعە فیتنەیەکی گەورەیە و عێراق لەبەریەک هەڵدەوەشێنێت

دکتۆر محەمەد شەریف*

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە



مێژووی مرۆڤ بەشـــێوەیەکی گشتی بریتییە لە تایتلێکی سەرەکی کە خۆی لە ململانێیدا دەبینێتەوە کـــە هەر لەگەڵ خودی مرۆڤدا هاتۆتە کایەوە، بەڵام مێژوو ئەوەی سەلماندووە کە دزێوترین ململانێ ئەوەیە کە لەســـەر بنەمای ئایینە،ئەگەر چـــی ئایین ئەو پەیامەیە کە مرۆڤ بە ئاسمانەوە گرێ بدات ، ئەرکی ئایینیش رێنیشـــاندەری مرۆڤە، بـــەڵام ئەگەر ئایین بۆ بەرژەوەندیی دنیا قۆســـترایەوە ئەوکاتە ئاشووب و ئاژاوەو ململانێ دێتە ئاراوە، مایەی خۆشبەختییە کە سەرەتای مێژووی ئایینی ئیسلام سەرکەوتووانە دەستی پێکرد، بەتایبەتیش لە ســـەردەمی پێغەمبەر(د.خ) کە خـــۆی و یەك دوو خەلیفەش، تا ســـەردەمی خەلیفە عوســـمان(ر.خ) کە لەو کاتەدا ئاژاوەو سەری هەڵدا و لە کۆتاییدا بووە هۆی کوژرانی عوســـمان و دواتر کێشەکە پەرەی ســـەند و هەر لایەك بۆ بەرژەوەندیی خـــۆی هەوڵیان دەدا ســـوود لەم کێشـــەیە وەربگرن، ئەمەوییەکان کە خۆیان بە باڵادەستی عەرەب دەزانی و هاشمییەکانیش کە بنەماڵەی پێغەمبەرن(د.خ)بوون کە ئەویش وەفاتی کردبوو،دەیانویست ئەو کێشەیە بۆ خۆیان بقۆزنەوەو داوای خوێنی عوســـمانیان دەکرد، لێرەدا ناچینە ناو ئەو مێژووەوە کە دوورو درێژە، بەڵام لـــەدوای ئەمە ئیمامی عەلـــی(ر.خ) هات، ئەو لە هەموویان زیاتر لە پێغەمبەر(د.خ) نزیك بوو، هەروەها رۆڵی کاریگەری لە سەر ئیسلام هەبوو زاناتریش بوو، هەندێ کەس لایەنگری ئەو بوون لە بەرامبەریشـــدا کەسانێك هەبوون کە لایەنگری لایەنەکەی دیکە بوون، لەوێوە مەسەلەی شیعە دەستی پێکرد، تا لە کۆتاییدا ئەو ململانێیە تەشـــەنەی کردو کێشەکە بووە کێشەی ســـوننەو شـــیعە، ئەو ناکۆکییە ئەگەر هەر وا بووایە ئاسایی بوو، چونکە هەردوو بیرو بۆچوون هەیە، دەکرێ لەگەڵ ئیمامی عەلی بێت کـــە لە پێغەمبەر(د.خ) نزیکترەو رۆڵی زۆرتر و زیاتر بووە لە ئیسلامەتیدا (وەك ئەوەی ئێستا کە دەڵێن رۆڵی لە شۆڕشدا زیاتر بووە) دەشـــکرێ بڵێیت ئەوانی دیکەش ئەســـحابەن و هیچ ئەشـــکالیەتێك لەوەدا نەبووەو ئایینی ئیسلامیش بۆ ئەو ململانێیـــە نەهاتـــووەو پێغەمبەریش(د.خ) نەی گوتـــووە لە دوای من کێ دەبێت حوکم بکات، بەڵکو گوتوویەتی: ئەو کەسە حوکم بکات کە پابەند بێت بە سوننەت و دادپەروەری و یەکسانی.

کێشەی سوننەو شیعە کە زیاتر لە ١٣٥٠ ساڵە سەری هەڵداوە، کۆنترین ناکۆکییە لەناو ئیسلامەتیدا هەیە، ئەویش بریتییە لەوەی کـــێ مافی ئیمامەتی هەیە،

راستی و دروستی ئەمە بووە مایەی دەستپێکردنی ئەشکال و کێشەکە، ، بەر شۆڕشی ئیسلامی ئێران، زانایانی شیعە راوبۆچوونیان وا بوو کە نابێت دەوڵەتیان هەبێت تا ئیمامی مەهدی مونتەزر دێت، بەڵام دوای دروست بوونی یەکەم دەوڵەتی شیعە سیاسەتیش خۆی خزاندە نێو ململانێی سوننەو شیعەوە، پاش رووخانی رژێمی پێشوو دیسان ئەم ناکۆکییە تێکەڵی سیاسەت کرا و لەسەر بنەمای مەزهەبی شیعە و سوننە حکومەت دامەزرا، نەك لەسەر بنەمای دیموکراسییەت و دادپەروەریی، لەم قۆناغەدا شیعە باڵا دەستن، شیعەو سوننە کۆنن، بەڵام کێشەکەی عیراق لەوەدایە کە ململانێی ناوخۆییەو رۆژئاوا پەیوەندیان پێوەی نییە بەڵکو شیعە خۆیان بە ستەملێکراوی هەزار ساڵە دەزانن و دەیانەوێ تۆڵە لە سوننە بکەنەوە.

سەبارەت بە کوردیش زیاتر لە سەد ساڵە شۆڕش دەکات لە پێناو رزگارکردنی نەتەوەو نیشتمانەکەی و هەرگیز شۆڕشەکەی تایفی نەبووە، واتا شۆڕشی هەموو ناوچەکانی کوردستان مەبەستی باڵادەستیی سوننە نەبووە، هەتا سەرکردایەتیی شۆڕشی کوردیش دوور بووە لە تایفییەت و رۆڵی چاکسازیی لە نێوان شیعەو سوننەی عیراق بینیوە، بۆیە سوننەو شیعە رێز لە هەڵوێستی کوردو سەرکردایەتییەکەی دەگرن، کوردیش میانگیر بووە کە بە لای هیچ کامێکیاندا نایەت، کوردستانیش هەمیشە رووبەڕووی تیرۆریستان وەستاونەتەوە لە داعش و قاعیدەو رێکخراوە تیرۆریستەکانی دیکە کە هەوڵی پێ قاییم کردن بدەن لە خاکی کوردستان ، تیرۆریستان دوژمنی مرۆڤ و ئیسلامیشن، ئەو ئاژاوە تایفییەی لە عیراقدا هەیە بە گشتی زۆر کاریگەریی خراپی هەیە، لەمێژووی ئیسلامدا ململانێی خوێناوی هەبووە، بەڵام قەت بەو ئاستە ترسناکە نەبووە وەك ئەوەی کە ئێستا لەبەشە عەرەبییەکەی عێراق دەیبینین تەنانەت لەسەر ناویش مرۆڤ دەکوژرێت، بەڵام مانای وانییە کە هەموو شیعە وا بیر دەکەنەوە، هەروەها هەموو سوننەش لەگەڵ قاعیدە نین، ، ئەوەی ئێستا لە بەغدا دەگوزەرێت فیتنەیەکی گەورەیە . بۆیە پێویستە کورد پارێزگاری لەو هەڵوێستەی ئێستای بکات و بە بێ لایەنگری بمێنێتەوە، ئەگەر بشتوانێ هەوڵی چارەسەر و میانگیری بکات، توندوتیژی و توندرەوی لە ئیسلامدا نییە و بیروباوەڕ سنووری خۆی هەیە، ناگاتە ئاستی توندڕەوی و ئیسلامیش داوای میانڕۆیی لە ئیش و کاردا دەکات، تەنانەت کات و ژمارەکانی نوێژو رۆژووشی دەست نیشانکردووەو پێغەمبەری مەزن(د.خ) داوای لە موسڵمانان کردووەو کە بە پێی سوننەتەکانی ئەو رەفتاربکەن لە هەموو شتێکی ژیاندا (جعلناكم أمة وسطا)، رەوشت هەر لەکۆنەوەو تا دنیاش مابێت سێ پلەی هەیە ،یەکەمیان ئازایەتییە لەوە بەسەرەوە جەربەزەی پێ دەڵێن و لە ئازایەتی بە خوارەوە ترسنۆکییە، کەواتە ئازایەتی ناوەڕاستەو مانای وا نییە خۆت بخەیتە ناو ئاگرەوە،یان شەهوەت کە هەموو کەسێك هەیەتی و نابێت سنوورەکەی ببەزێنیت و بێ یاسا و ناشبێت بیفەوتێنیت و بەدوای ئارەزووەکانتدا بڕۆیت،لە کاتێکدا ئیسلام دەبێت بە حزب یان گروپێکی سیاسی ئەوە لە میانڕەوییەکەی دەردەچێت،چونکە بۆ ئامانجێك کار دەکات،

هەرچەندە کورد زۆر هەڵوێستی دیارو بەرزی هەبووە بۆ پاراستنی ئایینی ئیسلام ،بەڵام وڵاتانی ئیسلام بە تایبەتیش عەرەبەکان، هەڵوێستیان بەرامبەر جینۆسایدو ئەنفالی کورد نییە، وەك دەوڵەتانی رۆژئاوا، ئەمەش بۆ کێشەی مەنزومە فکرییەکە دەگەڕێتەوە، جیهانی ئیسلام لەگەڵ ئیسلام نین، بەڵام ئەو کاردانەوەیەی رۆژئاوا هەیەتی بەرامبەر بە جینۆساید، ئەمە زەحمەتە لە جیهانی ئیسلامیدا دروست بکرێت، ئەم یاسای جینۆسایدە یاسایەکی رۆژئاواییەو لە دانانی جیهانی ئیسلامی نییە، ئەمە لە چەندین وڵات روویداوە تورك بەرامبەر بە ئەرمەن، ئەڵمانیا بەرامبەر بە جوولەکە و لە یۆگسلافیاش و شوێنی دیکە ...کە وڵاتانی رۆژئاوا خۆیان ئەمەیان کردووە، بە شێوەیەکی گشتی جینۆساید کلتورێکی رۆژئاوایە و تائێستاش وڵاتانی عەرەب خاڵی لاوازیان لەم بارەیەوە هەیە،چونکە زۆربەیان لە جینۆسایدی میللەتەکەیان تێوەگلاون، بەڵام خۆشبەختانە ئێستا رێکخراوەکانی جیهانی چاودێریی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ دەکەن، بۆیە من پێموایە دیاردەی جینۆساید پێویستی بە لێکۆڵینەوەی وردترو چڕتر هەیە و هەموو لایەنە نێودەوڵەتی و بارودۆخی هەرێمایەتی و بوارەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی لەخۆبگرێت، لە کاتێکیشدا بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە یەکێتیی ئەوروپا جەختی لەسەر جینۆسایدی گەلی کورد کردەوە، بۆ ئەوە بوو لەناو ئەم گێژاوەو بارودۆخە ناآرامەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دۆزی کورد لە بیر نەکرێت.

*** سەرۆکی کۆربەندی هزری ئیسلامی**

**لە دوای ئازادیی عیراق بارودۆخی وڵات گۆڕا، سیاسەتیش خۆی خزاندە نێو ململانێیەکەی نێوان سوننەو شیعەوە، بەڵام کە تێکەڵ بە سیاسەت کرا، حکومەت لەسەر بنەمای مەزهەبی دروستبوو، نەک لەسەر بنەمای دیموکراسییەت و دادپەروەری**

**کورد زیاتر لە سەد ساڵە شۆڕش دەکات لە پێناو رزگارکردنی نەتەوەو نیشتمانەکەی و هەرگیز شۆڕشەکەی تایفی نەبووە، واتا مەبەستی باڵادەستیی سوننە نەبووە، هەتا سەرکردایەتیی شۆڕشی کوردیش دوور بووە لە تایفییەت و رۆڵی چاکسازیی لە نێوان شیعەو سوننەی عیراق گێڕاوە**

**هەرچەندە کورد زۆر هەڵوێستی دیارو بەرزی هەبووە بۆ پاراستنی ئایینی ئیسلام ، بەڵام وڵاتانی ئیسلام بە تایبەتیش عەرەبەکان، هەڵوێستیان بەرامبەر جینۆسایدو ئەنفالی کورد نەبووە**





# لاوانی کوردستان لەنێو ژینگەی جیهانێکی تەژی لە گۆڕانکاری گەورە و خێرا و بەردەوامدا

((پەرەپێدانی لاوان ئەو ئاڕاستە سیاسیەیە کە جەخت لەسەر دابینکردنی خزمەتگوزاری و فرسەتی یەکســـان لەبەردەم لاواندا دەکاتەوە، بۆ ئەوەی ببێتە هاندەر پشتگیری بۆ پەرەپێدانی لێهاتووییان و سوود وەرگرتن لەتواناکانیان و بەهێزکردنی ئینتمای نیشتمانی و نەتەوەییان. ئاڕاستەی سیاسەتی پەرەپێدانی لاوان ئەوکاتە بەرهەمدار دەبێــت کە کۆمەڵگە هەمــوو پێکەوە لەگەڵ لاواندا هەوڵی ئــەوە بدەن ئەو زنجیرە خزمەتگوزاری و فرسەتە دابین بکەن کە لاوان پێویستیان پێیەتی، ئەمەش لەپێناوی ئەوەی لاو بە تەندروستی گەشە بکات و ببێتە کاراکتەرێکی چالاک و کامەران لەنێو کۆمەڵگەدا. کەواتە ئەمە پێمان دەڵێت پرۆسەی پەرەپێدانی لاوان، پشکنینێکی وردی پزیشــکێک نییە بۆ ئەوەی حاڵەتی نائارامی و بێزاری منداڵێک دیاری بکات، بەڵکو پرۆســەی پەرەپێدانی لاوان بریتییە لەکۆمەڵێک فاکتەر وەک: (هاوکاری گەورەکان، دانانی پرۆگرام و سیســـتم و دامەزراوەکان) کە پێشکەشی هەموو لاوان دەکرێت، بە ئارام و نائارامەوە. ســـتراتیژیەتی پەرەپێدانی لاوان جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە بەوەی دەبێت فرســـەت بەلاوان بدرێت شـــێوەیەک لە پێوەنـــدی و چاودێری لەگەڵ گەورەکان دروســـت بکەن، بۆ ئەوەی لاوان بتوانن بونیادی لێهاتوویی خۆیان بنێن، ســـەرکردایەتی پیادە بکەن، یارمەتی کۆمەڵگە بدەن، لـــە هەمووی گرنگتر ئەوەیە لاوان هەست بکەن لەکاتی کارکردن هاوبەشن لەگەڵ نەوەی پێش خۆیان نەک هەست بکەن بەردەستی نەوەی پێش خۆیانن)).

راسپاردەی سەنتەری نیشتمانی بۆ ئاڵوویری زانیاری لەسەر خێزان و لاوان
NCFY



ncfy National Clearinghouse on Families & Youth
A Resource of the Family and Youth Services Bureau

**لاو**

**کارەکتەرە چالاکەکەی جیهانی سەدەی بیست و یەک**

چیتر تیۆرەکەی ماکس ڤیبەر شیکردنەوەی جیهانی سەدەی بیست و یەکەمی پێناکرێت بەوەی جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە، رۆشنگەری و جیهانی پیشەسازی بەرهەمی ئەقڵی رۆژئاوایە، لەبەر ئەوەی خوێندنەوەی مێژووی پێشکەوتنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە هەموو بوارەکانی (هێزی سەربازی، تەکنەلۆژیا، ئەلکترۆن و ئەنتەرنێت و فیلمسازی هۆلیود...هتد) بەرهەمی ئەقڵی هەمەجۆری کەلتورە جیاوازەکانە، هەموو ئەوانەی داهێنانی گەورەیان لەهەموو بوارە زانستیەکان و هونەرییەکان لە مێژووی پێشکەوتنی ئەمریکادا کردووە، زۆربەی هەرە زۆریان ئەو کۆچبەرانەن کە لە جیهانی باشورەوە کۆچیان بۆ ئەو وڵاتە کردبوو لەناویاندا داهێنەرانی (ئەپڵ و گوگڵ)، ئەم راستیە بەوجۆرە بۆچوونەکەی ماکس ڤیبەر پێچەوانە دەکاتەوە کە ئەوە تەنیا ئەقڵی رۆژئاوا نییە بتوانێت رۆشنگەری بەرهەمبهێنێت و شۆڕشی تەکنەلۆژیا بەرپا بکات، بەڵکو ئەوە زەمینە رەخساندنە بۆ پەرەپێدانی توانا و لێهاتوویی ئەقڵی لاوەکان بۆ ئەوەی بتوانن رۆڵی خۆیان لە کۆمەڵگە بگێڕن و داهێنان بکەن و پێشکەوتن دروست بکەن. کەواتە ئەگەر لەسەدەی بیستەمدا شۆڕشی تەکنەلۆژیا ئەو چانسەی بۆ دەوڵەتانی پیشەسازی رۆژئاوا رەخساندبێ لە٨٠ ٪ بەرهەمی جیهانی دابین بکەن و نزیکەی هەموو داهێنانە زانستیەکان و سەرچاوەکانی داهێنانی فیکر و فەلسەفە قۆرخ بکەن، ئەوا لە جیهانی سەدەی بیست و یەکەم ئەم هاوکێشەیە گۆڕانێکی دراماتیکی بەخۆوە دەبینێت و رۆژئاوا ئاستی بەرهەمهێنانی لە٨٠ ٪ بەرەو دابەزین چووە بۆ نزیکەی ٥٠٪ و رۆژهەڵات بەرهەمهێنانی لە ٢٠٪ەوە بەرەو هەڵکشان دەچێت بەرەو نزیکی ٥٠٪. هەر ئەمەش وایکردووە کە رۆژئاوا ترسی گەورەی لە هەموو رۆژهەڵات هەبێت، کە ئێستا تەنها بە هەڵسانەوە و بوژانەوەی چین و هیندستان دەربدەبڕێت.

ئەو فاکتەرەی خەریکە ئەم هاوسەنگیە لە نێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوا دروست دەکاتەوە، ئەو گۆڕانکارییە گەورە و خێرا و بەردەوامەیە کە شۆڕشی تەکنەلۆژیای ئەلکترۆنی لەم جیهانە دروستی کردووە، ئەلفین تۆفلەر خاوەنی کتێبی (وەرچەرخانی دەسەڵات) زۆر راشکاوانە لەسەر ئەم پرسە رادەوەستێت و ئاماژە بەوە دەکات، چیدیکە پزیشکانی سەدریە سپی نەخۆشخانەی مایۆکلینك لە ئەمریکا وەك تاکە فریادرەس سەیر ناکرێن، لەبەر ئەوەی نەخۆشخانەی پێشکەوتووتر لە مایۆکلینك لە وڵاتانی دیکە بەگشتی و لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی هاوشێوەی ژاپۆن هەیە، هەروەها چیدیکە هۆلیود ناتوانێت بە دەرهێنانی فیلمی کاوبۆی و پیشاندانی دامەزراوە پیشەسازییەکانی هەشتەکان سەرنجی هەموو جیهان بۆ لای خۆی رابکێشێت، لەبەر ئەوەی خەریکی دەرهێنانی ئەو فیلمانە بێت کە تیایدا گەنجێك دەتوانێت ئاراستەی زۆر شت لەم جیهانەدا بگۆڕێت، باشترین نموونەش (مارك زۆکربیرگ)ی داهێنەری تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووکە و لە دایکبووی مانگی ئایاری ١٩٨٤ و لە مانگی شوباتی ٢٠٠٤ ئەم داهێنانەی هێنایە ئاراوە کە هێشتا تەمەنی ١٩ ساڵ و نۆ مانگ بووە، ئاشکراشە ئەم داهێنانەی فەیسبوك بۆ داهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی بە سەرەکیترین فاکتەرەکانی دروستبوونی راپەڕین و خۆپیشاندانەکانی جیهانی عەرەبی دادەنرێت ئەوەی پێی دەگوترا (بەهاری عەرەبی) و هەموو جیهانی سەرسامکرد، جێگەی ئاماژە پێکردنە مارك زۆکربیرگ لە خێزانێکی جولەکەیە و ئەمەش مانای ئەوەیە بە ئەسڵ ئەمریکی نییە.

ئەم دیاردەیە پێمان دەڵێت لە جیهانی سەدەی بیست و یەك بەدوو شێواز گواستنەوەی هێز وەرچەرخانی بەسەردا هاتووە:

١. وەرچەرخانی هێزە (Transition of Power) کە لە رۆژئاواوە بەرەو رۆژهەڵات دەڕوات لەنێو کاراکتەری دەوڵەتیدا، واتە ئەو سەرچاوەی هێزەی لە رۆژئاوا پێشتر هەبووە، ئێستا لە رۆژهەڵاتیش دروست دەبێت، مەبەستیش لە سەرچاوەی هێز تەنها سەرچاوەی هێزی سەربازی نییە، بەڵکو هەموو هێزەکانی ئابووری، فیکری، هونەری...هتد.

٢. بڵاوبوونەوەی هێزە (Diffusion of Power)، ئەمەش واتە بڵاوبوونەوەی هێز لە کاراکتەری دەوڵەتیەوە بۆ کاراکتەری نادەوڵەتی ئەمەش واتە (رێکخراوە ناحکومیەکان، گرووپە تیرۆریستیەکان، تاکەکانی ئەم جیهانە.

ئەوەی لەم باسەدا جێگەی هەڵوەستە لەسەر کردنە؛ بڵاوبوونەوەی هێزە نەك وەرچەرخانی هێز لەنێو دەوڵەتەکاندا، بە تایبەتیش بڵاوبوونەوەی هێزە بەوەی تاکەکان بەئاسانی دەستیان پێ رادەگات و دەتوانن ببنە کاراکتەری بەهێز و چالاك و توانای ئەوەیان دەبێت گۆڕانکاری لەناو کۆمەڵگەدا دروست بکەن، بۆیە لێرەوە دەگەڕێین بۆ سروشت و شێوەی ئەو تاکانەی لەم جیهانە گۆڕاوە گەورە و خێراو بەردەوامەدا بەهێز دەبن، دەپرسین ئایا ئەو تاکانە کێن سوودێکی ئێجگار زۆر لەم بارودۆخە تازەیە وەردەگرن؟ لەوەڵامی ئەم

> **تەنها ئەقڵی رۆژئاوا نییە بتوانێت رۆشنگەری بەرهەمبهێنێت و شۆڕشی تەکنەلۆژیا بەرپا بکات، بەڵکو ئەوە زەمینە رەخساندنە بۆ پەرەپێدانی توانا و لێهاتوویی ئەقڵی لاوەکان بۆ ئەوەی بتوانن رۆڵی خۆیان لە کۆمەڵگە بگێڕن و داهێنان بکەن و پێشکەوتن دروست بکەن**

> **لە ئێستا ئەو گۆڕانکارییە گەورەیەی شۆڕشی ئەنتەرنێت دروستی کردووە زۆر گەورەترە لەو گۆڕانکارییەی دۆزینەوەی باروت دروستی کرد**

پرسیارە داتا و ئامارەکانی ساڵی ٢٠١٣ پێمان دەڵێن، ئەگەر کۆی ژمارەی دانیشتوانی هەسارەی زەوی ٦ ملیار بێت، ئەوا زیاتر لە ٢,٥ ملیاری ئێستا هێز لە تەکنەلۆژیای کۆمپیوتەر و ئەنتەرنێت وەردەگرن، لەم ڕێژەیەشدا نزیکەی ٥٠٪یان تاکی خوار تەمەن ٢٠ ساڵین، ئەمە لە کاتێکدا لە ساڵانی ناوەڕاست و کۆتایی نەوەدەکان تەنها ٦٠ ملیۆن کەس لەم جیهانە بەکارهێنەری ئەنتەرنێت بووە، سەرنج بدەن تەنها لەماوەی کەمتر لە ٢٠ ساڵدا ڕێژەی سوود وەرگرتن لە ئەنتەرنێت و کۆمپیوتەر بیست هێندە زیاتر بەرز بۆتەوە، ئەمەش ٢٠٠٠٪، ئەم ڕێژەیە کە سەرووی هەموو مەزندەکانی پسپۆران و سیاسەتمەدارانی جیهانیشە، هیچ حکومەتێك لەم جیهانەدا نییە بتوانێت بەرنامەی بۆ دابنێت یان کارێك بکات سنورەکانی کۆنتڕۆڵ بکات و خۆی لەم گۆڕانکارییە گەورەیە بپارێزێت، بۆیە بیرمەندان و سیاسەتمەداران تەنها ڕێگە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم بارودۆخە تازەیە لەوەدا دەبینن کە دەبێت بەرووی ئەم گۆڕانکارییە گەورەیە بکرێینەوە و خۆمانی لەگەڵدا بگونجێنین، مانەوەش تەنها بۆ ئەو لایەنەیە کە دەتوانێت بە باشترین شێوە خۆی لەگەڵ ئەم ژینگە گۆڕاوە بگونجێنێت، لەبەر ئەوەی مەزندەکان بۆ ساڵی ٢٠٢٠ ئەوەیە کە ڕێژەی بەکارهێنەران و سوودمەندبوون لە تەکنەلۆژیای کۆمپیوتەر و ئەنتەرنێت بگاتە ٥ ملیار کەس، ئەمەش واتە نزیکەی هەموو دانیشتوانی گۆی زەوی بە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێیەوە.

## لاوان وەزیرە بزێوەکەی
## تەختەی شەترەنجی حکومڕانی سەدەی ٢١

ئەگەر لە ساڵی ٢٠٢٠ وەك مەزندەکان ئاماژەی بۆ دەکەن ژمارەی بەکارهێنەرانی ئەنتەرنێت و کۆمپیوتەر بگاتە ٥ ملیار کەس و نزیکەی ٥٠-٦٠٪ بەکارهێنەرانیش خەڵکانی خوار تەمەن ٢٠ یان ٢٥ ساڵی بن، ئەوە مانای ئەوەیە ئەم سەدەیە سەدەی لاوان دەبێت و لاوان دەبنە ئەو سەرکردەیەی کە جیهان پشتی پێدەبەستێت و ئایندەی جیهان دەکەوێتە دەستی لاوانەوە.

لێرەوە ئەگەر ئەم ڕێژەیە بە شێوەیەکی گشتی بۆ هەموو جیهان بێت و زیاتر تایبەت بێت بە دەوڵەتانی جیهانی باکور، لەبەر ئەوەی هێشتا دەوڵەتانی جیهانی باشوور بەو ئاستە سوودیان لە ئەنتەرنێت و کۆمپیوتەر وەرنەگرتووە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئەگەر ئەم تەکنەلۆژییایە وەك پێویست لەدەوڵەتانی جیهانی باشوور سوودی لێوەربگیرێت، ئایا کێن ئەوانەی دەبنە هاووڵاتی جیهانی ئەنتەرنێت؟ بێگومان وەڵامی ئەم پرسیارە بەپێی داتا و ئامارەکانی دەوڵەتانی جیهانی باشوور ئەوەیە کە ئەوە لاوانن بەڕێژەی ٨٠-٩٠٪ دەبنە هاووڵاتی ئەم جیهانە تازەیە، وەك فرانسیس فۆکۆیاما لە کتێبی (بنەچەی دامەزراوە سیاسییەکان) ڕاشکاوانە ئاماژەی پێکردووە کە نەوەی گەورەکان کەمتر لەگەڵ گۆڕانکارییە تازەکان دەگونجێن و زیاتر لەسەر مۆدێلە کۆنەکان دەمێننەوە، ئەگەر لێرەدا نموونە بەداهێنانی باروت بهێنینەوە ئەوا وەك فۆکۆیاما ئاماژەی پێکردووە کە جەنگاوەرانی نەوەی کۆن تا ماوەیەکی زۆر حەزیان نەدەکرد چەکی ئاگرین (تفەنگ) بەکاربهێنن و پێیانوابوو شمشێر و ئەسپ سواری لە تفەنگ کاریگەرترە، هەتا باروت ئەو گۆڕانکارییە گەورەیەی دروستکرد، مانەوە بۆ ئەو کەس و لایەنانەیە کە دەتوانن خۆیان لەگەڵ ئەو ژینگە گۆڕاوە دروست بکەن کە باروت لەو کاتدا هێنابوویە ئاراوە، لە ئێستا ئەو گۆڕانکارییە گەورەیەی شۆڕشی ئەنتەرنێت دروستی کردووە زۆر گەورەترە لەو گۆڕانکارییەی دۆزینەوەی باروت دروستی کرد، بۆیە بۆ ئێستاش مانەوە بۆ ئەوانەیە کە بەباشترین شێوە خۆیان لەگەڵ ئەم ژینگە گۆڕاوە گەورە و خێرا و بەردەوامە دەگونجێنن. بێگومان خۆگونجاندنیش لەگەڵ ئەم ژینگە گۆڕاوە تازەیە، مامەڵەی دروستە لەگەڵ کاراکتەری سەرەکی ئەم ژینگە تازەیە کە ئەوانیش لاوان، بۆ وڵاتێکی وەك کوردستانیش کە لە ریزی وڵاتانی جیهانی باشور لەم لایەنەوە پۆلین دەکرێت، دەبێت ئاگاداری ئەو ڕاستیە بین و ئەوە ببینین لاوانی کوردستان ڕێژەی ٨٠-٩٠٪ ئەم ژینگە تازەیە پێکدەهێنن و ئەوانن بەکردەیی بوونە هاووڵاتی جیهانی ئەنتەرنێت و ئەگەر لەماوەی ٥-٦ ساڵی داهاتووش نزیکەی هەموو دانیشتوانی گۆی زەوی ببنە هاووڵاتی جیهانی ئەنتەرنێت، ئەوا دەبێت لە ئێستا بیرێکی جدی لە چۆنیەتی پەروەردەکردنی لاوەکانمان بکەینەوە و هەوڵبدەین هاووڵاتیەکی ئیجابی جیهانی ئەنتەرنێت بن و ڕۆڵێکی کاریگەر لەم جیهانە تازەیە بگێڕن و گۆڕانکاری گەورە لەکۆمەڵگە دروست بکەن و زەمینەیەك دروست بکەن بۆ ئەوەی بە باشترین شێوە خۆمان لەگەڵ ئەم ژینگە تازەیە بگونجێنین.

**راهێنان و فێرکردنی لاوان بۆ هونەری سەرکردایەتی تەنها سەرکردایەتی سیاسی یان سەربازی نییە، بەڵکو هونەری بەڕێوەبردن و دروستکردنی بڕیار و چۆنیەتی بڕیاردانە**

**مەرج نییە تەنها سەرکردەی مەزن وینستۆن چەرچڵ یان مارگرێت تاچەر یان تۆنی بلێر بێت، بەڵکو دەشێت سەرکردەی مەزن سەرکردەی یانەیەکی تۆپی پێش بێت**

## پەرەپێدانی ئەرێنی لاوەکان
## بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ژینگەی تازەدا

یەکێك لەسەرکردە سیاسییەکانی کورد دەڵێت: ساڵی ١٩٩١ کە چووین بۆ وتووێژ بۆ بەغدا، تیمێکی تەلەفزیۆنی هاتن چاوپێکەوتنمان لەگەڵ بکەن و، وتیان ئێمە تیمی تەلەفزیۆنی (CNN)ین، ئەوکات ئێمە نەماندەزانی تەلەفزیۆنی (CNN) مانای چییە، لە بەرامبەردا لەساڵی ٢٠١٣ گەنجێکی کوردی تەمەن ١٧ ساڵان لە کۆنگرەی لاوانی جیهاندا بە زمانی

ئینگلیزی وتار دەخوێنێتەوە و هەموو لاوانی جیهان چەپڵەی بۆ لێدەدەن، ئەمە تەنها بۆ بەراوردکارییە لە نێوان تەنها دوو نەوەدا و لەماوەی تەنها ٢٠ ساڵدا، نەوەی یەکەم خۆی دان بەو راستیەدا دەنێت ئێمە هاووڵاتی چ وڵاتێکی دواکەتوو و وێران و پڕکارەسات بووین، نەوەی یەکەم پێمان دەڵێت ئێمە لە چ وڵاتێکی داخراودا ژیابووین و داگیرکارانیشمان چۆن هێندەی دیکە لە جیهان دایانبڕاندبووین، لە بەرامبەردا نەوەی دووەم پێمان دەڵێت پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و ئەنتەرنێت، هیچ سنورێکی نەهێشتووە دەکرێت وەك گەنجێکی کورد و هاووڵاتی جیهانی ئەنتەرنێت مامەڵە لەگەڵ ئەم جیهانە گۆڕاوە بکرێت.

پرسیاری ئەم باسە ئەوەیە ئایا چۆن ئەم دوو نەوەیە پێکەوە هەنگاو بۆ ئایندە هەڵدەگرن؟ ئایا دەکرێت هەموو سیاسەت و سیستم بدرێتە دەستی لاوان وەك نەوەی دووەم، نەوەی یەکەم فەرامۆش بکرێت؟ ئایا ئەگەر ئەمەمان کرد دەتوانین بە باشترین شێوە خۆمان لەگەڵ ئەم ژینگە تازەیە بگونجێنین؟ یان دەبێت نەوەی یەکەم هەتا کۆتایی بە ژیانی دێت جڵەوی کاروبارەکان بگرێت و هەتا نەوەی دووەمیش پیر دەبێت؟ سەبارەت بە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، ئەوا گۆڕانکارییە گەورە و خێرا و بەردەوامەکانی ئەمڕۆی جیهان پێمان دەڵێت: باشترین خۆ گونجاندن لەگەڵ ئەم ژینگە تازەیە ئەوەیە نەوەی یەکەم و دووەم پێکەوە شەریکێکی راستەقینە بن، بۆ ئەوەی لەژێر چاودێری نەوەی یەکەم، نەوەی دووەم پەرە بەتوانا و لێهاتوویی بدرێت و فێربکرێت چۆن سەرکردایەتی دەکات و چۆن رۆڵێکی ئەرێنی و کاریگەر لە کۆمەڵگەدا دەگێڕێت.

لێرەدا گرنگە هەڵوەستەیەك لەسەر چەمکی سەرکردایەتی لاوان و چۆنیەتی راهێنانیان لەسەر سەرکردایەتیکردن بکەین، لەبەر ئەوەی بەشێوەیەکی گشتی بەکارهێنانی چەمکی سەرکردایەتی لە وڵاتی ئێمە بۆ سەرکردایەتیکردنی سیاسیی و سەرکردایەتیکردنی سەربازی بەکار دەهێنرێت، بەڵام لەوڵاتانی جیهانی یەکەم یان جیهانی باکوور، چەمکی سەرکردایەتیکردن، هونەری مامەڵەکردن و چۆنیەتی بڕیاردانە، دروستکردنی لاوە وەك سەرکردەیەکی خزمەتکار نەك سەرکردەیەکی ملکەچ، راشکاوانەتر سەرکردەیەك گوێ بگرێت بەڵام خۆی بڕیار بدات و لایەنگیری بۆ بڕیارەکەی لەنێو خەڵکدا دروست بکات و بنەمای دروستکردنی بڕیارەکانی بە لەبەرچاوگرتنی گوێگرتن لە بۆچوونە جیاوازەکان بێت، ئەم جۆرە سەرکردەیە تایبەتمەند نییە بە لایەنێکی سیاسیی یان





**دەبێت لاوان لەو چالاکیانە بەشداری راستەقینەیان پێبکرێت کە دەبنە هۆکاری ئەوەی لاوان لە گرنگی خۆیان تێبگەن، رێز لە پێگەی خۆیان بگرن، هەستی ئینتمای نیشتمانییان بەهێز بکات**

سەربازی، بەڵکو کۆی جومگە و دامەزراوە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت دەگرێتەوە، هەروەها کۆی رێکخراوە ناحکومیە لۆکاڵ و نێودەوڵەتیەکانیش دەگرێتەوە، هەربۆیە راهێنان و فێرکردنی لاوان بۆ هونەری سەرکردایەتی تەنها سەرکردایەتی سیاسی یان سەربازی نییە، بەڵکو هونەری بەڕێوەبردن و دروستکردنی بڕیار و چۆنیەتی بڕیاردانە، تۆنی بلێر سەرۆك وەزیرانی پێشووتری بەریتانیا لەمبارەوە ئاماژە بەوەدەکات، سەرکردایەتی هەر سەرکردایەتیە، هونەری سەرکردایەتی یەك هونەرە، بزانی چۆن کاروبارەکان بەڕێوە دەبەیت، چۆن بڕیار دروست دەکەیت، چۆن بڕیار دەدەیت، بلێر دەڵێت من زۆر سەرسامم بە چۆنیەتی سەرکردایەتیکردنی ئەلێکس فێرگسۆن کە سەرکردایەتی یانەی مانچستەر یونایتد دەکات و بەراستی سەرکردەیەکی مەزنە بۆیە سەرکردایەتی هونەرە و ئەو هونەرەش بۆ هەموو سەرکردایەتیکردنێك یەك شتە، لەم قسەی تۆنی بلێر ئەوە فێردەبین مەرج نییە تەنها سەرکردەی مەزن وینستۆن چەرچڵ یان مارگرێت تارچەر یان تۆنی بلێر بێت، بەڵکو دەشێت سەرکردەی مەزن سەرکردەی یانەیەکی تۆپی پێش بێت. لەلایەکی دیکەش راهێنان و فێرکردنی هونەری سەرکردایەتیکردن تەنها تایبەت نییە بە پیاوان یان لاوانی رەگەزی نێر، بەڵکو لە ناو کچە لاوەکانیشدا سەرکردەی مەزن دروست دەبێت، هەر بۆ نموونە خاتوو (درەو گیلپن فاوست Drew Gilpin Faust)، کە ئێستا سەرۆکی زانکۆی هارڤارد و هارڤاردیش یەکێکە لە گەورەترین و بەناوبانگترین زانکۆکانی جیهان وەك سەرکردەیەکی مەزن سەرکردایەتی ئەم زانکۆ گرنگە دەکات و سەرۆکایەتیەکەشی زۆر لە سەرۆکایەتی ئۆباما رێکوپێکترە. لەبەر ئەوەی لە ئیدارەی ئۆباما



**گرفتی نەوەی یەکەم لەگەڵ نەوەی دووەم تەنها گرفتی ئایدۆلۆژیایەکی دیاریکرا و نییە، بەڵکو ئەم گرفتە دەکەوێتە سەرووی هەموو ئایدۆلۆژییەکان و دەبێت لەسەرووی هەموو ئایدۆلۆژییەکانەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت**

چەندین کێشەی گەورە بوونی هەیە، بەڵام لە زانکۆی هارڤارد ئەو کێشانە بوونیان نییە.

کەواتە یەکێك لە هەرە خاڵە گرنگەکانی ئاراستەی دروستی ستراتیژیەتی پەرەپێدانی لاوان بریتییە لە راهێنان و فێرکردنی هونەری سەرکردایەتی بۆ ئەوەی لاوەکان لەهەموو بوارەکاندا وەك سەرکردەیەکی مەزن و خزمەتکار سەرکردایەتی بکەن، لەبەر ئەوەی لەم جیهانە گۆڕاوەدا هەموو بوارەکان پێویستیان بە سەرکردەی مەزنە بۆ ئەوەی بتوانین خۆمان بە باشترین شێوە بگونجێنین، لەم چوارچێوەیەدا سەنتەری نیشتمانی بۆ ئاڵوویری زانیاری لەسەر خێزان و گەنج (NCFY)، بنەما سەرەکیەکانی ستراتیژیەتی پەرەپێدانی لاوانی بەمجۆرە دەستنیشان کردووە:

١. دەبێت لاوان وەك رەسیدێکی توانای نیشتمانی بەرێزەوە سەیر بکرێن.

٢. گرنگە ئەو سیاسەت و پرۆگرامەی بۆ پەرەپێدانی لاوان دادەنرێت ئامانجی پەرەپێدانێکی پێشکەتووی لاوان بێت، هەوڵبدات لاوان لەگەڵ نەوەی پێش خۆیان وەك شەریك کاربکەن نەك بەردەست.

٣. هەوڵدان بۆ کردنەوەی خولی مەشق و راهێنان بۆ هەرزەکار و مێردمنداڵەکان، بۆ ئەوەی لێهاتووییان گەشە بکات، کەسەیەتیان بۆ دروست بێت و متمانەیان بەخۆیان بێت کە بتوانن بەشدار بن لە کارەکانی کۆمەڵگەدا.

٤. گرنگە ژینگەیەکی ئارام بۆ لاوان (کوڕ و کچ) فەراهەم بکرێت، لە نێو ئەم ژینگە ئارامە فرسەتیان پێ بدرێت بۆ ئەوەی بتوانن بەها کۆمەڵایەتیەکان و نەریتە ئیجابیەکانی کۆمەڵگە پارێزراو بێت.

٥. دەبێت ئەوە لەبەر چاو بێت کە پرۆسەی پەرەپێدانی لاوان، پرۆسەیەکی گشتگیر و هەمەلایەنەیە، بۆیە گرنگە خێزان و قوتابخانە و کۆمەڵگە پێکەوە هاوکاربن

بۆ ئەوەی ئەم پرۆسەیە سەرکەتوو بێت.

٦. دەبێت لاوان لەو چالاکیانە بەشداری راستەقینەیان پێبکرێــت کە دەبنە هۆکاری ئــەوەی لاوان لە گرنگی خۆیان تێبگەن، رێز لە پێگەی خۆیان بگرن، هەســتی ئینتمای نیشتمانیان بەهێز بکات.

## ئەقڵە ئایدۆلۆژییەکان چۆن لەگەڵ قۆناخی پۆست ئایدۆلۆژیا مامەڵە دەکەن؟

گەورەتریــن کێشــەی نــەوەی یەکەم (ســەرکردەو سیاسەتمەدارانی شــاخ) لەگەڵ نەوەی دووەم (لاوان)، لێکتێنەگەیشــتنە، پێوانەکردنە بە دوو پێوانەی جیاواز، ئەمەش زۆرجار لەبری ئەوەی پەیوەندی رێز و چاودێری لەنێوان نەوەی یەکەم و دووەم دروست بێت، تانە لەیەکدان و دوورکەوتنەوە دروست دەبێت.

نەوەی یەکەم بمانەوێت یا نەمانەوێت نەوەی سەردەمی ئایدۆلۆژیایە، یان ئەوانەشــی کــە خۆیان بە قۆناخی ئایدۆلۆژیا نازانن، ئەوانیش نەوەی مقاوەمەت و فیکری کوردایەتیــن بــە جۆرێك لە جۆرەکان هــەر لە خانەی ئایدۆلۆژیا پۆلێن دەکرێن، بە پێوەری هەڵســەنگاندنی گەنجایەتــی لــە نــەوەی یەکەمدا، لاوانــی ئەمڕۆ هەڵدەســەنگێنن، لەمەش خراپتر بە تێگەیشتنی نەوەی یەکەم بۆ چەمکی لاو، پێناسەی لاو دەکەنەوە، دیاریشە پێناســەی نەوەی یەکەم بۆ لاو یان گەنج بەشێوەیەکی گشتی لاو یان گەنجی رەگەزی نێر زیاتر دەگرێتەوە، بۆیە کاتێك باسی گەنج یان لاو دەکەن، لە شێوازی دەربڕینی وشەی لاو یان گەنجدا ئەو مانایە دەخوێنرێتەوە، کە لاو یان گەنج تەنها مەبەســت لێی رەگەزی نێرەو رەگەزی مێ ناگرێتەوە، باشترین نموونەش بۆ ئەم لایەنە ئەوەیە، تانەی نەوەی یەکەم بۆ لاو یان گەنجەکان تانە لێدانێکی نێرانەیە، واتە ئاراستەی رەگەزی نێر دەکرێت نەك مێ، هەر بــۆ نموونە دەڵێن لاو یان گەنجی ئەم ســەردەمە هەستی ئینتمای نیشتمانیان لاواز بووە، بەڵام لە نەوەی یەکەمدا گەنج یان لاو گیانی خۆی بۆ نیشــتمانەکەی فیدا دەکــرد، بەڵام لەبەرامبەردا لــە نەوەی یەکەمی ئافرەتاندا لەبەر ئەوەی سەرکردەی لاوی ئافرەت نەبووە، نەمانبیســتووە تانە لە کچان بدرێت وەك گەنج یان لاو. لەبەرامبــەردا و لەبەر ئەوەی نــەوەی یەکەم بەوجۆرە پێناسە بۆ لاو دەکات و بەوجۆرە لاو پێوانە دەکات، ئەوا گەنج و لاوی ئەم سەردەمەش هەقی خۆیانە بە نەوەی یەکــەم بڵێن کاتی ئەوە هاتووە گۆڕەپانەکە بۆ لاوان یان گەنجان چۆڵ بکەن.

دەسنیشــانکردنی ئەم خاڵە گرنگە بۆ گەیشــتن بە تێگەیشــتنی هاوبەش لەنێوان نــەوەی یەکەم و نەوەی دووەم، هەنگاوی یەکەمیش بۆ گەیشتن بەم تێگەیشتنە هاوبەشــە، گرنگە لە دەستپێشخەری نەوەی یەکەمەوە بۆ نەوەی دووەم دەســت پێبــکات، لەبەر ئەوەی نەوەی دووەم پێویستی بەوەیە پەیوەندی رێز و چاودێری لەگەڵ نەوەی یەکەم بۆ دروســت بێت، ئەم دەستپێشــخەریەش بە دانپێدانان بەو راســتیە دەست پێدەکات کە سەردەمی ئایدۆلۆژیا کۆتایی هات و ئێســتا ســەردەمی پۆست ئایدۆلۆژیایە. لەمەش گرنگتر کە ئەویش پێویســتە بە دەستپێشــخەری نەوەی یەکەم بۆ نەوەی دووەم دەســت پێبــکات، دووبارە پێناســەکردنەوەی لاو یان گەنجە بە تێگەیشتنی ئەم سەردەمە، ئەمەش واتە گرنگە نەوەی یەکەم بزانێت کە چیدیکە بە پێوانەی گەنجایەتی نەوەی یەکەم، لاو یان گەنجی نەوەی دووەم هەڵناسەنگێنرێت، هۆکاری ئەمەش زۆر ئاســانە، ئەگەر لە گەنجایەتی نــەوەی یەکەمدا تەنهــا رەگەزی نێر ئــەو توانایەی هەبوبێت چەك بکاتە شانی و گیانی خۆی فیدا بکات و قوربانــی بدات، ئەوا چەکی دەســتی گەنج و لاوی ئەمڕۆ کــە کۆمپیتەر و ئایپادە هــەردوو رەگەزی نێر و مێیە بەکاری دەهێنن، لەم ســەردەمەدا کچان باشتر لەکوڕان دەتوان چەکی کۆمپیتەر و ئایپاد بەکار بهێنن، بۆیە چیدیکە ناکرێت بە چاوێکی نێرســالاری سەیری لاوان یان گەنجان بکرێت و تەنها رەگەزی نێر بە لاو یان گەنج لە قەڵەم بدرێت.

ئەگــەر لێرەوە بگەڕێینەوە بۆ ناو هەندێك وردەکاری و ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین، ئایا مەبەست لە قۆناخی پۆســت ئایدۆلۆژیا چییە؟ ئایا چیدیکە ئایدۆلۆژیای چەپ و راست و ئیسلامی سیاسیی بایەخیان نەماوە؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارە دەڵێین نەخێر، مەبەست لە قۆناخی پۆست ئایدۆلۆژیا ئەوەیە:

١. گرفتی نــەوەی یەکەم لەگەڵ نەوەی دووەم تەنها گرفتــی ئایدۆلۆژیایەکی دیاریکــرا و نییە، واتە زۆر راشــکاوانە ئەم گرفتە تەنها گرفتی پارتی و یەکێتی نییە و حزبەکانی دیکە گرفتی تێنەگەیشتنیان لەگەڵ نەوەی دووەم نەبێت، بەڵکو ئەم گرفتە دەکەوێتە سەرووی هەمــوو ئایدۆلۆژییەکان و دەبێت لەســەرووی هەموو ئایدۆلۆژییەکانەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. هەروەها پێناسەی لاو یان گەنج، تەنها گرفتی یەك ئایدۆلۆژیا نییە، بەڵکو جیاوازی نێوان تێڕوانینی دوو نەوەیە، زۆر راشــکاوانە ئەوانەی لە نەوەی یەکەم دان بەوەدا دەنێن، ئێســتا کۆمپیوتەر و ئایپاد چەکی ئەم ســەردەمەیە و رەگەزی مێ باشتر لە رەگەزی نێر توانای بەکارهێنانی هەیە.

٢. ئێســتا کەلتور و ئایین زۆر زیاتــر لە ئایدۆلۆژیا کاریگەری هەیە بۆ دابەشــکردن و پێکەوە گرێدانەوەی

**نەوەی دووەم پێویستی بەوەیە پەیوەندی رێز و چاودێری لەگەڵ نەوەی یەکەم بۆ دروست بێت، ئەم دەستپێشخەریەش بە دانپێدانان بەو راستیە دەست پێدەکات کە سەردەمی ئایدۆلۆژیا کۆتایی هات و ئێستا سەردەمی پۆست ئایدۆلۆژیایە**

کۆمەڵگە، بێگومان مەبەستیش لە کەلتور لایەنە جوانەکانی کەلتور و نەریتی کوردەواری، مەبەستیشمان لە ئایین ئەو تێگەیشتنەیە کە کورد خۆی چۆن لەو ئایینە تێگەیشتووە، نەك تێگەیشتنێکی هاوردەی بەسەردا بسەپێنرێت، لەم کاتەدا ئایین وەك ئایدۆلۆژیا کاریگەری نابێت، هەر بۆ نموونە ماوەیەك لەمەوپێش هەولێر زۆر بەگەورەیی یادی مەولودی پێغەمبەر (د.خ) کردەوە، ئەم یادەشی وەك ڕێزێکی کوردانە بۆ پێغەمبەر(د.خ) بەڕێوەبرد، لەبەرامبەردا هەندێك حزبی ئیسلامی بەو جۆرە بەرامبەر ئەم هەستە پاکەی کورد جولانەوە بەوەی ئەمە داهێنراوە(بدعەیە) و ئیسلام ڕێگەی پێنادات، هەر بۆیە خەڵك بایەخی بەو بۆچوونە نەدا و هەندێك لە زانایانی ئایینی وەك بۆچوونێکی دژ بە کەلتوری کورد بۆ ئایین لە قەڵەمیاندا، لەبەرامبەردا بۆچوونە ڕاستەکە نەك هەر کوردستان، بەڵکو هەموو جیهانی ئیسلامی کۆکردەوە.

کەواتە ئەم نموونانە پێمان دەڵێن، لەوانەیە لاوێکی ئەم سەردەمە هەست بەشکانەوە بکات، کاتێك لاپتۆپێك یان ئایپادێکی بەدەستەوەیە و بەوە تانەی لێدەدەن کە گەنجانی نەوەی یەکەم چەکیان لەشان بووە، لەوانەیە گەنجێکی کورد کە دەچێتە مزگەوت بۆ نوێژکردن هەست بە شکانەوە بکات کاتێك یەکێك لە ئەندامانی حزبە ئیسلامیەکان پێی بڵێت پێویستە شێوازی نوێژکردنی خۆت بگۆڕیت و پانتۆل یان شەرواڵەکەت کورت بێت یان دەست بەوجۆرە مەگرە و بەو جۆرە بیگرە، لەمەش خراپتر یان فێری ئەوەی بکات لاپتۆپ و ئایپادەکەی فڕێ بدات و بگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئەمەویەکان.

لەبەرامبەر ئەمەدا گرنگە نەوەی یەکەم بە جیاوازی حزب و بیروبۆچوون و ئایدۆلۆژیایی جیاوازەوە کاتێك سەیری ئەم جیهانە گۆڕاوە دەکات، گرنگە ئەو پرسیارە لەخۆی بکات: ئایا لەبەرامبەر ئەم جیهانە تازەیە پێویستە کراوە بین یان داخراو بین؟ ناوەڕۆکی ئەم پرسیارە ئەوە لەخۆی دەگرێت ئایا لەگەڵ نەوەی دووەم کراوە بین یان داخراو بین؟ لەبەر ئەوەی نەوەی دووەم بەکردەیی هاووڵاتی ئەم جیهانە گۆڕاوو تازەیەن.

## ئامادەکردنی لاوان بۆ جیهانێکی تازە

خەسڵەتی سەرەکی ئەمڕۆی جیهان بریتییە لەو گۆڕانکارییە گەورە و خێرا و بەردەوامانەی ڕوودەدەن و تەکنەلۆژیا گۆڕانکاری لە فۆرمی جیاوازدا دێنێت و لەبەر ئەوەی کاراکتەری سەرەکی نێو ئەم گۆڕانکارییانە لاوانی جیهانن، ئەوا تەکنەلۆژیا جیاوازی لەنێوان نەوەکاندا دروست دەکات، هەر بۆیە ئەم حاڵەتە بۆتە هۆکاری ئەوەی پێویستە حکومەت، کۆمپانیا، تەنانەت تاکەکەسیش بڕیاربدات خۆی لەگەڵ ئەم ژینگەیە بگونجێنێت، خۆ گونجاندن بەو مانایەی کە دەبێت بزانرێت تەکنەلۆژیا جیهانی پێکەوە کۆکردۆتەوە و لێکی نزیککردۆتەوە، بۆیە بەهۆی بڵاوی سۆشیال میدیای وەك فەیسبووك و تویتەر هەموو تاکێك ئاگادارە چی لەم جیهانە ڕوودەدات و دەزانن جیاوازی ئاستی ژیان چەندە، بۆیە خواستەکان زۆر بە خێرایی هەڵدەکشێن، لەم بەخێرایی هەڵکشانە فریای ئەوە ناکەوین بەرنامەی بۆ دابنرێت و خەڵك ئەو بەرنامەیە جێبەجێ بکات، بۆیە گرنگە گوێ بگرین و هەوڵبدەین ئەوەی جێبەجێ دەکرێت جێبەجێی بکەین، لەبەر ئەوەی تەحدی سەرەکی لەم جیهانە گۆڕاوە ئەوەنییە کە بەرنامە دابنرێت بۆ ئەوەی چیمان پێویستە، بەڵکو تەحدی سەرەکی ئەوەیە کە بڕیار بدرێت چی جێبەجێکرێت.

لایەنێکی دیکەی گرنگ بۆ ئەوەی حکومەت و دامەزراوەکانی کەرتی تایبەت لە ئاستی ئەم گۆڕانکارییە گەورە و خێرا و بەردەوامە کراوە بن، دەبێت هەوڵبدرێت ئەقڵی لاوەکان کە هاووڵاتی جیهانی تازەی ئەنتەرنێتن بێنە ناو کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت و تەکنیکی نوێ لە هەڵسوڕانی کاری حکومڕانی پیادە بکەن بۆ ئەوەی لەنێوان دەوڵەت و بازاڕدا هاوسەنگی دروست بێت، ئاستی خزمەتگوزارییەکان بەرزتر بێتەوە.

لایەنێکی دیکە کەپێویستە ڕەچاو بکرێت ئەوەیە کە دەبێت بزانرێت هێز لەسەدەی بیست و یەك واتە مەعریفە، بۆیە بۆ بونیادی ئەم هێزە پێویستە ئاستی خوێندن بگەیەنرێتە ئاستی خوێندنی کوالێتی بەرز، هەنگاو هەڵگرتن بۆ ئەم ئامانجە پێمان دەڵێت خوێندنی کوالیتی بەرز و پەروەردەکردنی لاوان بەم خوێندنە کوالێتیە بەرزە ئایندەیە نەك تەنها بۆ وڵاتانی جیهانی باشور، بەڵکو ئایندەشە بۆ وڵاتانی جیهانی باکور واتە وڵاتانی پێشکەوتووی پیشەسازی، ئەم لایەنە بەرەو لایەکی دیکەی گرنگمان دەبات ئەویش ئەوەیە لەم جیهانە گۆڕاوەدا هەرگیز ناتوانرێت دادپەروەری بەدیبهێنرێت بە تایبەتی دادپەروەری کۆمەڵایەتی، هەتا نەتوانین فرسەتی یەکسان بۆ لاوەکانمان دروست بکەین، بۆیە کاتێك لاوەکان پەروەردە دەکەین فرسەتی باشیان لەبەردەمدا دەکەینەوە و ئەم فرسەتەش بەردەوامی لە خوڵقاندنی فرسەتی دیکە دروست دەکات، بۆیە پەروەردەکردنی لاوان ئەو وانەیەمان فێردەکات بەتەنها دەستپێکردنی پرۆسەی پەرەپێدان گرنگ نییە، بەڵکو گرنگە پرۆسەی پەرەپێدان، پەرەپێدانێکی بەردەوام بێت.

**هەرگیز ناتوانرێت دادپەروەری بەدیبهێنرێت بە تایبەتی دادپەروەری کۆمەڵایەتی، هەتا نەتوانین فرسەتی یەکسان بۆ لاوەکانمان دروست بکەین، بۆیە کاتێك لاوەکان پەروەردە دەکەین فرسەتی باشیان لەبەردەمدا دەکەینەوە و ئەم فرسەتەش بەردەوامی لە خوڵقاندنی فرسەتی دیکە دروست دەکات**

ئومێد خۆشناو سکرتێری یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان بۆ گوڵان:

# ئەگەر ئەرکی لاوانی نەوەی کۆن بەدیهێنانی ئازادی بوو بێت ئەوا ئەرکی لاوانی ئەمڕۆ پاراستنی ئەو ئازادییە

**ئومێد خۆشناو سکرتێری یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان، ئێستا ئەندامی پەرلەمانی کوردستانە، ئەمەش جێگەی دڵخۆشیە کە سکرتێری لاوان ئەمڕۆ بەرەو نوێنەرایەتی خەڵك لە پەرلەمانی کوردستان هەڵبژێردراوە، دەبێتە هاوبەش بۆ دەرکردنی یاساکانی کوردستان، کە بێگومان ئومێد وەك لاوێك لە پەرلەماندا بە تەنها نییە، بەڵکو دەیان لاوی دیکەش بۆ پەرلەمانی کوردستان هەڵبژێردراون، بۆ قسەکردن لەسەر پرسی لاوان و لە لێدوانێکی تایبەتدا ئومێد خۆشناو بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن:**



وەك یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان دوای تەمەنی ٦١ ساڵ لەخزمەتکردن بە توێژی لاوان، قۆناغ بەقۆناغ توانیومانە تا رادەیەکی باش لە ئاست داواکاری و حەزو ویستەکانیان بین و لەم پێناوەشدا قوربانیی زۆرمان داوە، لاوانی دوێنێ لەحەزو خولیای سەرکەوتنی شۆڕشێکدا بوون لەپێناو سەربەخۆیی کوردستان و بەدیهێنانی ئازادی ئەمڕۆ، بێگومان ئەمەش بەبێ پاراستنی ئەزموون و رووبەڕووبوونەوەی هێرش و دژایەتکردنی کوردستان نایەتە دی، هەربۆیە بۆ بەدیهێنانی حەزو ئارەزووەکانی گەنج هاوسەنگیمان لەنێوان هەردوو بوار پاراستووە. ئەمە جگە لەوەی هەرچوار ساڵ جارێك گۆڕانکاریی جۆریمان لەپەیڕەو و پرۆگرامەکانی خۆمان کردووەو ژمارەیەکی تری گەنجان دێنە پێشەوە، رێکخراوی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان بووەتە ئەو رایەڵەیەی نێوان کۆمەڵگەی خۆمان و سوود وەرگرتن لەکۆمەڵگە پێشکەوتووەکانی دنیا، ئەمەش وایکردووە ببینە ئەندامی یەکێتی لاوانی دیموکراتی جیهان و بووەتە نموونەیەکی سەرکەوتوو لەکۆمەڵگەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، تەنانەت کارمان بۆ ئەوە کردووە رێژەی بەشداریی گەنج لەسیاسەت بەرزبکەینەوە کە ئێستا بەرێژەی لە٨٠٪ی گەنجان بەشداری سیاسەت دەکەن. لە هەرێمی کوردستان زۆر لەسێکتەرەکانی ژیان بەرەو پێشەوە چووە و تەنانەت هەنگاو نراوە بۆ جێبەجێکردنی داواکارییەکانی گەنجانیش، بەڵام لەئاست خواستەکانیان نەبووە. لەکاتێکدا خاوەنی کۆشك و تەلار و ئۆتۆمبێل و ئامێری پێشکەوتووین و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بەکار دەهێنین و حکومەت دەیان پرۆژەو کاری گەورە جێبەجێ دەکات، کەچی ژیان و گوزەرانی گەنج و پێگەیاندنی بەهرەو داهێنانەکانیان بەو رادەیە خزمەت نەکراوە، لەلایەکی دیکە ئێمە وەك یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان رێکخراوی هەردوو رەگەزی نێر و مێی لاوین، بۆیە ئەگەر گەنجێکی کوڕ یەك جار ئاستەنگ و بەربەست لەبەردەم حەزو ئارەزووەکانی هەبێت، ئەوا گەنجانی کچ و ئافرەتانی وڵاتەکەم دەیان جار رووبەڕووی جیاکاری رەگەزی و ئاستەنگ و بەربەست بوونەتەوە و بەراورد بە پێشکەوتن و گۆڕانکارییەکانی سەردەم زۆر پاشەکشەیان پێکراوە، لەکاتێکدا ئافرەتان و کچان نیوەی کۆمەڵگە پێك دەهێنن و بۆ خزمەتکردنی کۆمەڵگەو سەرخستنی دۆزەکەمان زۆر پێویستمان پێیانە، کەچی لەدابینکردنی داواکاریی و حەزەکانیاندا رێگریان بەرامبەر دەکرێت، هەموومان هاوڕاین بەوەی کچان و ئافرەتان بەشێکی گرنگی کۆمەڵگەی کوردستانی پێك دەهێنن و بۆ مومارەسەکردنی دیموکراسی و پێشکەوتن پێویستمانن، راستە دیالۆگ و گفتوگۆی گەرم لەسەر ئەم جیاکاریی و بەپەراوێزخستنەی کچان هەیە، بەڵام هەنگاوە عەمەلییەکان لاوازن لەکاتێکدا چەندین ساڵە هەموومان هەر لەرێکخراوەکانەوە تا پارتە سیاسییەکان باس لەبوونی کێشەکە دەکەین و رێگا چارەسەرەکانیش دادەنرێت، بەڵام بەبڕوای من تا ئێستا رێژەی بەشداریکردنی ئافرەتان لەناو کایەکاندا نزمە زیاتر پێویستی بەهەنگاوێکی گەورەیە لەشێوەی شۆڕشێکی نوێ دا دژی جیاکاری و چەوساندنەوەی رەگەزی، بەتایبەتی لەبواری بەشداریکردن لە پۆستە حکومی و سیاسییەکان. بەڵام دیسان بەشداریکردنی رەگەزی مێینە لەناو کایەکان و پۆستەکاندا تەنیا بەبڕیارێکی پەرلەمانی یاحکومی و حزبی نابێت، بەڵکو بەشۆڕشێکی کۆمەڵایەتی و تێکەڵبوون لەگەڵ کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان دەهێنرێتە دی بەرەچاوکردنی هەندێك تایبەتمەندێتی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەکەمان، ئەمڕۆ رێژەی ئافرەتان بەراورد بە کوڕان لەزانکۆ و پەیمانگاو هۆڵەکانی خوێندن زیاترە، کەچی ژمارەیان لەپۆست و کایەکاندا کەمترە، واتا زۆر کەمتر سوودیان لێوەرگیراوە.

حەسەن شێخ عەلائەدین سکرتێری یەکێتی قوتابیانی کوردستان بۆ گوڵان:

# پێداویستیەکانی قوتابی و گەنج زیاتر بووە گرنگە حکومەت بڕە پارەیەکیان بۆ دابین بکات

**قوتابیان کۆڵەگە گرنگەکەی لاوانی کوردستانن، جیاکردنەوەی قوتابیان لە لاوان، تەنها لەبەر هێندەیە کە دەشێت قوتابیان خوێندنیش تەواو بکەن هەر لاو بن، بەڵام قوتابی نابن، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا توێژی قوتابیان بەو جۆرە سەیر دەکرێن کە ئەو لاوانەن کە هێشتا لە قۆناخی خوێندن و لە قۆناخی ئامادەسازیین بۆ ئەوەی ببنە لاوێکی کارا لە کۆمەڵگە، بۆ قسەکردن لەسەر پرسی قوتابیان، حەسەن شێخ عەلائەدین سکرتێری یەکێتی قوتابیانی کوردستان بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن:**

((قوتابیانی ئامادەیی و پەیمانگاو کۆلێژەکان بەشێکی زۆر گرنگی توێژی گەنجان پێك دەهێنن، هەربۆیە ڕێکخراوی یەکێتی قوتابیانی کوردستان جگە لەوەی داکۆکی لەم ژمارە زۆریەی قوتابیان دەکات، هاوکات داکۆکی لەگەنجانیش دەکات، ئێمە پێمانوایە لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا هەرێمی کوردستان لەبوارەکانی دیموکراسی و ئازادی و پێشکەوتنی ئابووری هەنگاوی باش نراوە، بەڵام بەپێی پێویست و خواستەکانی گەنجان و قوتابیان لەئاستێکی کەمدا سوودمەند بوون لەم واقیعە یا بەشێوەیەکی تر خواست و ویستەکانی گەنج لەجیهانێکی خێرادا لەهەڵکشانی بەردەوامدایەو زۆرجار دامودەزگا حکومیەکان و تەنانەت کۆمەڵگاش لەتوانایدا نییە هاوتەریبی ئەو خواست و داواکارییانە کارو پرۆژە بۆ گەنجان بکات. زۆرجار گلەیی و ڕەخنە لە گەنج دەگیرێت بەوەی تواناو بەهرەکانی پەرە پێنەداوە تاوەکو لەئاست داواکاریی و خواستەکانیدا بێت، ئەمە بۆ ئەو ژینگەیە دەگەڕێتەوە کە بۆ خودی گەنج دابین کراوە، بۆ ئەوەی گەنج خۆی بنیات بنێتەوەو ڕووەو ئومێدو داهێنان بچێت و لەداهاتوودا کەسایەتیەکی سەرکەوتوو لێهاتووی لێدەربچێت.

لەلایەکی ترەوە ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پارتە سیاسییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیە کار بۆ فراوانکردنی دەرفەت و داهێنانەکان بکات بۆ نموونە لەسیستەمی خوێندن نەتوانراوە ژینگەیەکی لەبار بۆ قوتابیەکی گەنج بخوڵقێنێت تاوەکو وڵاتانی پێشکەوتووی دنیا تاکێکی بەهرەمەندی لێ دروست ببێت. هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە سیستەمی خوێندن کەموکورتی زۆری تێدایە تەنانەت زۆربەی پسپۆران و شارەزایانی هەردوو وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی باڵا خۆشیان ئەمەیان نەشاردۆتەوە کە ئەوان لەگەڵ ئەو سیستەمەی پەروەردە نین کە وەزارەتەکانیان پەیڕەوی دەکات،، ئەمڕۆ خواستی قوتابی و گەنج بەهەمانشێوەی ساڵانی هەشتاکان و نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو نییە تا وەکو بەهەمانشێوەو توانا و پێداویستی کار لەسەر پەروەردەو خوێندن بکرێت. ڕاستە گەنجی ئەمڕۆ مۆبایل و ئەنتەرنێت بەکار دەهێنێت و بەشداری کاراو ڕاستەوخۆ لەفەیسبووك و وێب سایتەکان دەکات، بەڵام ئەمانە خەرجی سەر شانی گەنجی زیاد کردووە، هەربۆیە پێویستە حکومەت بڕە پارەیەك بۆ گەنجان بەتایبەتی قوتابیان ببڕێتەوە ئەوان پێویستیان بە بەکارهێنانی ئەنتەرنێتە بۆ گەڕان بەدوای زانست و هونەر و ڕۆشنبیریی نوێ، هەروەها پێویستیان بەفێربوونی زمان و دیزاین و سیستەمە پێشکەوتووەکانی ئەنتەرنێت و کۆمپیوتەرە. بۆ ئەم مەبەستە یەکێتی قوتابیانی کوردستان بۆ ئەمساڵ پرۆیەکی گەڵاڵە کردووەو بۆ پەرلەمان و حکومەتی هەرێم بەرزکراوەتەوە و داوامان کردووە لەگەڵ پێشکەوتنەکانی سەردەم ئاوڕێك لەلایەنی ماددی قوتابیانی کوردستان بدرێتەوە و بۆ نموونە باقوتابیانی سەرەتایی مانگانە بڕی ٣٠ هەزار دینار وەربگرێت و ئامادەیی بڕی ٤٠ هەزارو قوتابیانی ناوخۆش کە ٦٠ هەزار دینار وەردەگرێت با بۆی بکەنە ١٠٠ هەزار دینار، ئەم بڕە پارەیە دەکرێت لەگەڵ هەڵئاوسانی نرخەکانی بازاڕو بارودۆخی ئابووری ساڵانە گۆڕانکاریی بەسەردا بێت.





## مایکل دۆیل

راوێژکاری تایبەتی پێشووی ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گوڵان:

# نەتەوە یەکگرتووەکان نەیتوانی لە پرۆسەی حکومڕانی جیهانیدا سەرکەوتوو بێت

**پرۆفیسۆر مایکل دەبلیو دۆیل ئوستادی سیاسەتی دەرەوە و بەرگری ئەمریکایە لە زانکۆی کۆلۆمبیا لە نیۆیۆرك و لەماوەی ساڵانی ٢٠٠١- ٢٠٠٣ یاریدەدەر و راوێژکاری تایبەتی کۆفی ئەنانی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بووە بۆ دانانی پلانی ستراتیژی، بۆ قسەکردن لەسەر بنەماکانی دروست بوونی حکومڕانی و کاریگەری شۆڕشی تەکنەلۆژیا لەسەر ئەم حکومڕانیە جیهانیە و رۆڵی لاوان لەناو ژینگەی گۆڕاودا؛ ئەم وتووێژەمان لەگەڵ پرۆفیسۆر دۆیل ئەنجامداو بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.**

*** جیهانگەرایی و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و سۆشیال میدیایە کە هەموو جیهانی پێکەوە کۆکردۆتەوە و لێکی نزیك کردوونەتەوە، لەم جیهانە تازەیەدا لاوان کاراکتەری سەرەکین و هێزێکی زۆریان لەم گۆڕانکارییە وەرگرتووە و وایکردووە لاوان سەرچاوەی گۆڕانکارییەکان بن، ئایا تاچەند ئەم رۆڵە گەورەیەی لاوان گۆڕانکاری لەسەر چەمکی حکومڕانی لەسەدەی بیست و یەك دروست دەکات؟**

- پێموایە بۆ ئێستا ئەم گۆڕانکارییە رۆڵێکی گەورەی بە لاوان بەخشیوە، پێشتر زۆر زەحمەت بوو بۆ لاوان خۆیان رێکبخەن، لەبەر ئەوەی لەزۆر حاڵەتدا پەرش و بڵاوبوون و تەنها لە قوتابخانە یەکترییان دەبینی و قوتابخانەکانیش لەیەك دابڕاون. بۆیە لە ئێستا ئەگەری ئەوە هەیە تۆڕی پەیوەندیکردن-تویتەر و فەیسبووك و ئیمەیڵی بەردەوام-، هاوکاربێت لە چارەسەرکردنی کێشەی کاری بەکۆمەڵ و کار بۆ ئەوە بکرێت لەبری ژمارەیەکی کەمی چالاکوان ژمارەیەکی زۆری خەڵك کۆبکرێنەوە، کەواتە دەتوانرێت خۆپیشاندانی گەورە ساز بکرێت، کە ئەگەر وانەبووایە کۆمەڵەیەکی رێکخراوی گەورەی پێویست بوو، بەڵام لەمەیاندا ژمارەیەکی کەمی خەڵك لە رێی راگەیاندنەوە پەیوەندی لەگەڵ یەکدا دەکەن. کەواتە لەو رووەوە لاوان توانادار دەکەن (Empower Youth)، لەبەر ئەوە رێککەوت نییە لە بەهاری عەرەبیدا، زۆرێك لەم خۆپیشاندانانە لەلایەن کەسانی لاوەوە سەرکردایەتی دەکران و دەهاتنە سەر شەقامەکان و کاریگەریەکی شۆڕشگێڕی گەورەیان هەبوو. ئەمە لایەنە ئیجابیەکەی. لایەنە سلبیەکەی ئەوەیە دەکرێت ئەم تۆڕانە ئیختیراق بکرێت و تەلاعوبیان تێدا بکرێت، بۆ نموونە سیخوڕییان تێدا بکرێت لەلایەن حکومەتەکانەوە کە تۆمارێك هەڵبگرێت لەبارەی ئەوەی گەنجان ئەنجامی دەدەن. کەواتە جۆرێك لە شەڕی پەت راکێشان هەیە لە نێوان تۆڕێکی شۆڕشگێڕی مایەی لیبراڵیزەکردن لەلایەك و ئەگەری کۆنترۆڵکردنیان لەلایەکی دیکەوە، کە حکومەت توانای تەکنیکی هەیە بۆ چاودێریکردنیان کە ئەم کارەش دەکەن، وەك چین و وڵاتانی دیکە، لەبەر ئەوە بەهۆی بوونی ئەم دوو مەیلە دژبەیەکەوە، ئەوا زەحمەتە بزانین کاریگەریەکە کۆتاییەکەی چی دەبێت.

*** ئەو خەڵکانەی خۆپیشاندان دەکەن دژی جیهانگەرایی، بە زۆری گەنجانی ئەو وڵاتانەن کە باوەڕیانوایە حکومڕانی جیهانی هۆکارێکە بۆ شکستی حکومڕانی نەتەوەیی و هەروەها ئەوە حکومڕانی گلۆباڵە کە ناتوانێت کێشەکانی جیهان چارەسەر بکات، ئایا تا چەند بەگژداچوونەوەی گلۆبالیزم نیشانەی شکستی حکومڕانی جیهانیە؟**

- پێموایە ئەو بەراوردکاریە لە ئارادایە، کە شتێکی نوێیە، و بە تایبەتی لەلایەن لاوانی وڵاتانی تازەگەشەکردووەوە ئەنجام دەدرێن کە شێوەی ژیانی وڵاتە دەوڵەمەندەکان

دەبینن و پێیانوایە دەرئەنجامی نارەوای کۆلۆنیالیزم و دیاردە مێژووییەکانن، کە ئەمە بۆی هەیە ببێتە هۆی هاندانیان. بەڵام هۆکاری بەهێزتر هۆشیاری نوێیە بە شێوە ژیانی نوخبەکان لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا، کە لە ڕێی ئەنتەرنێت و ڕاگەیاندنەوە جیاوازەکانەوە ئاشکرا دەکرێن. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا ئەمە مایەی زیاتر بێزارکردنی لاوانە. نایەکسانی لەسەر ئاستی جیهانی هەیە ئەمەش بووەتە هۆی جۆشدانی لاوان.

*** ئامانجی حکومڕانی جیهانی لە چەند خاڵێکدا کۆدەبێتەوە، وەك کۆنترۆڵکردنی ئابووری، پەروەردە و ئاسایشی جیهانی و کۆنترۆڵکردنی ژینگە، کە هیچ شتێك لەمانە لە ڕاستیدا بەدەست نەهاتوون، لەبەر ئەوەی جیاکاریەکی زۆر هەیە لە نێوان باکوور و باشووردا، ئاسایش و پەروەردە کۆنترۆڵ نەکراون، ئایا ئەمانە نیشانەی ئەوە نین کە گۆڕانکاریەکان خێراترن لە پلانی وڵاتان؟**

- کاتێك سەیری تەحەددیەکانی جیهانگەرایی و پێویستی حکومڕانی جیهانی دەکەین، ئەوا چەند جارێك باس لەمە کراوە، بەڵام ئەوەی مایەی زیاتر قەناعەت پێهێنان بوو ئەوەبوو کە لە جاڕنامەی هەزارەدا هاتبوو لە ساڵی ٢٠٠٢دا، کاتێك حکومەتی هەموو دەوڵەتان پێکەوە کۆبوونەوە ئایندەیەکی نوێیان دیاریکرد لە جاڕنامەی هەزارەدا و ئومێدیان ئەوەبوو لە ڕێی هاوکاری نێودەوڵەتیەوە بەدەست بێت، کە باسیان لە هێنانەدی ئاشتی و کەمکردنەوەی ناکۆکی و گرژی و پەرەپێدانی مافەکانی مرۆڤ و دیموکراسی کرد و لە هەمووشی گرنگتر باسیان لە کۆتایی هێنان بە هەژاریەکی توند کرد، ئەوانەی ڕۆژانە بە یەك دۆلار دەژین، لەگەڵ پاراستنی ژینگە- بە لەبەرچاوگرتنی ئەو کارەساتە سروشتیانەی ڕوودەدەن-، ئەوان ئەجێندایەکی زۆر بەرزەفڕانەیان دانا بۆ حکومڕانی جیهانی لە ساڵانی داهاتوودا. کەواتە ئەمە ئەو ستانداردە بوو کە دانی پێدانرا تەنانەت لەلایەن سەرۆك دەوڵەت و حکومەتەکانەوە، بەڵام نەتوانرا جێبەجێ بکرێت و سەرکەوتوو بێت؟

*** گەورەترین کێشەی وڵاتە دەوڵەمەندەکانی باکوور بریتییە لە کۆچکردنی خەڵکانی باشوور بەرەو باکوور، واتە کۆچی گەنجانی باشوور کە ئاشکرایە گەنجانی ناڕازین لە ژیانی خۆیان، ئایا تا چ ڕاددەیەك کۆچکردن کێشەیەکی ڕاستەقینەیە بۆ وڵاتە دەوڵەمەندەکان؟**


- پرسی کۆچبەری پرسێکی پڕ لە تەحەددیە، مافێکی جێگیری مرۆڤ هەیە کە وڵات جێبهێڵێت، بەڵام مافێك نییە کە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ئیعتیرافی پێکرابێت بۆ چوونە نێو وڵاتێکەوە، کەواتە ئەم جیاوازیە نەهامەتیەکی زۆری لە جیهاندا دروست کردووە، ئەمەش لەسەر بنەمای ئەو مافە هاتووە کە هەر وڵاتێك مافی ئەوەی هەیە سنوری خۆی کۆنترۆڵ بکات. واتە کێ بێتە وڵاتەکە و کێ نەیەت. زەحمەتیەکە ئەوەیە ئەم مافە لە جیهانێکی زۆر نایەکساندا مومارەسە کراوە. کە هەندێك سەرچاوەیەکی زۆریان لەبەردەستدایە و هەندێکیش سەرچاوەیان نییە، هەندێ کەس لە کۆمەڵگەیەکی زۆر بەرهەمهێنەردا دەژین و کەسانێکیش لە کۆمەڵگەکانیاندا بەرهەمیان نییە. کەواتە ئەم مافی کۆنترۆڵکردنی خاکە بەشێکی دانەبڕاوە لە سیستمێکی جیهانی کە لەسەر نایەکسانی بنیاتنراوە، کە لە ڕووی ئەخلاقیەوە مایەی بێزاریە. کە هیچ هۆکارێك نییە بۆ ئەوەی خەڵکانێك لە سەختیەکی زۆردا لەدایك دەبن و خەڵکانێکیش لە نیعمەتێکی زۆردا. کەواتە پێویستمان بە کۆمەڵێك ڕێسا هەیە کە ڕێز لە سەروەری نەتەوەیی بگرێت و ڕێز لە مافی گەلان بگرێت لەوەی کێ بچێتە وڵاتەکەیانەوە، بەڵام کەم تا زۆر هاوخەمیەك دەرببڕێت بۆ ئەوەی دەرفەت بڕەخسێنرێت بۆ ئەوانەی کە لە ڕەوشێکی خراپدا بوونە بۆ ئەوەی دۆخی خۆیان باشتر بکەن. تاکە ڕێگەش بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە- بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی جیهانی ئێستا پێکهاتووە لە دەوڵەتی نەتەوەیی سەربەخۆ لە یەکتر- ئەوەیە قەناعەت بەو وڵاتانە بهێنرێت کە لە دۆخێکی باشدان بەوەی لە بەرژەوەندی دوورمەودای ئەوانە کە ڕێگە بەو کەسانە بدەن کە پەرۆشن بۆ کارکردن بۆ ئەوەی بێنە کۆمەڵگەکانیانەوە. ئێمە دەزانین لە زۆرێك لە حاڵەتەکاندا ئەوە دۆخێکی بەرهەمدارە و لە بەرژەوەندی هەموو لایەکدایە، کە دۆخی کۆچبەران باش دەبێت و ئەو وڵاتەی کۆچی بۆ دەکەن لە دۆخێکی باشتردا دەبێت و تەنانەت وڵاتی ئەسڵی خۆشیان- ئەو وڵاتانەی کۆچیان لێکردووە-ئەگەر کۆچبەران بتوانن پارە بنێرنەوە بۆ وڵاتەکانیان...بەڵام ئەمە تەحەددیەکی گەورەیە و دەبێت کۆششێکی گەورە بکرێت.

*** حاڵی حازر نزیکەی سێ ملیار کەس هەن لە جیهاندا کە ئەنتەرنێت بەکار دەهێنن، و پێشبینی دەکرێت لە ساڵی ٢٠٢٠دا بگاتە پێنج ملیار کەس، کە نیوەی ئەم ژمارەیە ئەو گەنجانەن کە تەمەنیان لە خوار بیست بۆ بیست و دوو ساڵیەوەیە، ئایا تا چ ڕاددەیەك بەکارهێنەرانی ئەنتەرنێت زەمینەیەك دروست دەکەن بۆ کۆمەڵگەیەکی مەدەنی جیهانی و تا چ ڕاددەیەك گەنجان کاریگەرییان دەبێت لەسەر سیاسەتی جیهانی؟**

- مایەی خۆشبەختی دەبێت ئەگەر بتوانیت لە نێو سنورەکاندا پەیوەندی دروست بکەیت و هۆشیاریەکی جیهانی دروست بکەیت، بە تایبەتی بۆ ئەوەی پەرە بە دەرفەتی کار و دەرفەتی پەروەردەکردن بدرێت و بایەخ بە هەسارەی زەوی بدرێت لە مەودای دووردا، کە پێویست بەم بایەخپێدانە دەکات، چونکە لە ماوەی ژیانیاندا دوچاری زیانەکانی گۆڕانی ژینگە دەبنەوە ئەگەر هاتوو لە ئێستادا کارێك نەکرێت. بە بۆچوونی من ئەوانە پێکهاتەیەکی سروشتین بۆ هێنانەئارای حوکمڕانیەکی جیهانی باشتر کە زیاتر لە ئێستا ئایندە لەبەرچاو بگرێت، بە تێڕوانینی من ئەمە توانایەکی ئیجابیە لە سازدان و ئامادەکردنی لاوان بۆ ئەم سەدەیە.

**هۆشیاری نوێ بە شێوە ژیانی نوخبەکان لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا لە ڕێی ئەنتەرنێت و ڕاگەیاندنەوە جیاوازەکانەوە دەبێتە مایەی زیاتر بێزارکردنی لاوان و هەست کردن بە نایەکسانی لەسەر ئاستی جیهانی**

**مایەی خۆشبەختی دەبێت ئەگەر بتوانیت لە نێو سنورەکاندا پەیوەندی دروست بکەیت و هۆشیاریەکی جیهانی دروست بکەیت، بە تایبەتی بۆ ئەوەی پەرە بە دەرفەتی کار و دەرفەتی پەروەردەکردن بدرێت**



پرۆفیسۆر ئالۆن بن مایەر لە زانکۆی نیویۆرک بۆ گوڵان:

# ئێستا لە هاوکێشەی نێودەوڵەتی سوریادا رووسیا باڵادەستە و ئەمریکا تەسلیمی گوشارەکانی بووە

پرۆفیسۆر ئالۆن بن مایەر ئوستادی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لەزانکۆی نیویۆرك و یەکێکە لە نووسەرانی گۆڤاری گوڵان و تورکیش ویکلی جۆرناڵ لەسەر ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لەسەر ئاستی جیهانیش لە زۆربەی رۆژنامەکانی وەك نیویۆرك تایمز و واشنتۆن پۆست و گاردیان وتار بڵاو دەکاتەوە و بە یەکێك لە پسپۆرە تایبەتمەندەکانی سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە سەر ئاستی جیهان ناسراوە، بۆ قسەکردن لەسەر پرسی ئێستای سوریا لەبری ئەوەی وتارێك بۆ گوڵان بنووسێت ئەم وتوێژەمان لەگەڵ کرد لەبەر ئەوەی سەرقاڵی هەندێك کار بوو نەیتوانی بنووسێت، ئەمەش دەقی وتوێژەکەی نێوان گوڵان و پرۆفیسۆر بن مایەرە.



*** دوای یەکەم کۆبوونەوەی کۆنفرانسی جنێڤ ٢ ئەوەمان بەدی کرد کە زۆرێك لە شارەزایان پێیان وابوو ئەم کۆنفرانسە چارەسەرێکی گونجاو بۆ کێشەی سوریا نادۆزێتەوە و شاندی ڕژێمی سوریا هەرگیز بە دوورکەوتنەوە لە دەسەڵات ڕازی نابێت، کەواتە چۆن کۆنفرانسی جنێڤ ٢ بەردەوام دەبێت لە کاتێکدا ناتوانێت بگاتە چارەسەرێکی گونجاو؟**

- من چەندین جار ئەمەم دووپات کردووەتەوە، تەنانەت چەندەها مانگ پێش سازدانی جنێڤ ١و هەروەها جنێڤ ٢ش، وتومە کە ئەگەری دۆزینەوەی چارەسەرێك لە ڕێی ئەم کۆنفرانسانەوە لە ڕووی پراکتیکییەوە سفرە و بوونی نییە. هۆکارەکەش دوولایەنی هەیە: یەکەمیان ئەوەیە ژمارەیەکی زۆری گروپ و یاریزان و وڵاتان- لەم شەڕەوە- تێوەگلاون کە ئەجێندای سیاسی جیاوازیان هەیە. چوار گروپی گەورەی یاخیبوونت هەیە کە شەڕ لەگەڵ یەکتردا دەکەن، ڕژێمی سوریات هەیە، ئێران و سعودیە هەن کە ناکۆکن لەگەڵ یەکدا لە ئاست ئەم کێشەیەدا، هەروەها رووسیا هەیە و کۆمەڵگەی ڕۆژئاواییش هەیە، کەواتە ناکرێت چارەسەرێك بدۆزرێتەوە کە هەموو ئەو لایەنانە ڕازی بکات، خاڵی دووەم ئەوەیە کە من باوەڕم وانییە چارەسەرێکی سیاسی بێتەئاراوە تاوەکو ئەسەد لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە، لەبەر ئەوەی ناکرێت ئەو ببێتە بەشێك لە چارەسەر. کەواتە تاوەکو ئەم پرسانە چارەسەر نەکرێن و تاوەکو ڕێساکانی سەر ئەرزی واقیع نەگۆڕێن ئەوا پێموانییە هیچ بەرەوپێشچوونێك بەدی بێت لە جنێڤ ٢ یان جێنف ٣ و جنێڤ٤دا.

*** کێشەکە ئەوەیە خاڵێکی هاوبەش-بەرژەوەندییەکی هاوبەش- نییە لەنێوان ئەمەریکا و روسیادا بۆ چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی سوریا، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کێشەکان بۆ ماوەیەکی درێژتر بە هەڵپەسێردراوی بمێننەوە، ئەمەش لە بەرژەوەندی مانەوەی ئەسەد لە دەسەڵاتدا دەبێت، تا ئەو کاتەی ئەمەریکا و رووسیا لە ناکۆکیدابن، ئایا ئەمە بە مانای ئەوە دێت ئەمەریکا و ڕۆژئاوا شکستیان هێناوە لە فشارخستنە سەر رووسیا؟**

- گومان لەمەدا نییە، ئەوەی ئێوە دەیڵێن تەواو ڕاست و دروستە. پێموایە ئەمەریکا بە تەواوەتی دەستبەرداری دۆسیەی- ئەگەر گوزارشتەکە ڕاست بێت- سوریا بووە و دەستی لێهەڵگرتووە بۆ ڕووسیا. لە ئێستادا ڕووسیا تاکە یاریزانی باڵادەستە لە شەڕی ناوخۆیی سوریادا. گومانی تێدانییە ئەوەش یەکێکە لە کێشە گەورەکان. ئەوەش ڕاستە کە ئێوە دەیڵێن لەبارەی ئەوەی پێویستە ئەمەریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوا لەگەڵ ڕووسیا بگەنە ڕێککەوتنێك بۆ هێنانە ئارای چارەسەرێك. بەڵام رووسیا ئامادە نییە فشاری پێویست بخاتە سەر ڕژێمەکەی ئەسەد بۆ ئەوەی هەنگاو بەرەو حکومەتێکی ئینیتقالی هەڵبگرێت. بۆ ئەمە تۆ پێویستت بە بڕیارێکی بەهێزی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەککگرتوەکان هەیە- ئەوەش کارێکی قورسە-، ئەم بڕیارەش دەرناچێت تاوەکو ڕووسیا پشتیوانی لێنەکات، چونکە تا ئێستا ڕووسیا سەرسەختانە دژی هەر جۆرە بڕیارێکە کە لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشەوە دەربچێت دژی سوریا. کەواتە هاوکاری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە ڕێی ئەنجوومەنی ئاسایشەوە بە تەواوەتی ناکارا و بێکاریگەرە.

*** بە گوێرەی ڕاپۆرتێکی نەتەوە یەکگرتوەکان ڕەوشی خەڵکی سوریا کارەساتێکی مرۆییەی و ٥٠٪ ی خەڵکی سوریا یان پەنابەری وڵاتانن یان ئاوارەی ناوخۆن و جیهانیش شایەتی ئەم دۆخەیە، ئیتر بۆچی هاوکاری خەڵکی سوریا ناکات لە ڕووی مرۆییەوە؟**

- هەرچەندە دڵڕەقانە بێت ئەمەی کە دەیڵێم، بەڵام پێموانییە هیچ یەکێك لەو هێزە گەورانەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە ڕاستی نیگەران بن لەئاست ئەوەی بەسەر خەڵکی سوریادا دێت، هەموو ئەو یاریزانانە پتر بایەخ بە بەرژەوەندیەکانیان دەدەن لە ناوچەکەدا نەك بە دۆزینەوەی چارەسەرێك بۆ کێشەکە. تۆ نابێت چاوەڕێی چارەسەرێك بکەیت لەلایەن ئێران یان روسیاوە، لەبەر ئەوەی بەرژەوەندیی تایبەتیان هەیە لە مانەوەی ئەسەد لە دەسەڵاتدا،یان-بەرژەوەندییان هەیە- لەوەی دڵنیابوون کە دەتوانن کاریگەربن بەسەر ڕەوتی ڕووداوەکانەوە لە سوریادا- بە بێ ئەسەد-. ئەمە کێشەیەکی گەورەیە.ئەمەریکا و سەرۆك ئۆباما نایانەوێت لە دەستێوەردانێکی سەربازییەوە تێوەبگلێن بۆ گۆڕینی ڕێساکە لەسەر ئەرزی واقیع. پێموایە لە دوا شیکردنەوەدا ئەمە تاکە شتێکە کە سەرکەوتوو دەبێت. مەبەستم ئەوەیە دەبێت حساباتی ئەسەد بگۆڕین، پێویستە ئەسەد بگاتە ئەو دەرئەنجامەی کە ئەو شەڕەکە دەدۆڕێنێت، تاکە ڕێگاش بۆ ئەوەی بگاتە ئەم دەرئەنجامە ئەوەیە ئەو چەکانە بدەینە یاخیبووان کە پێویستیانە بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی جیددی ڕووبەڕووی ئەسەد بنەوە، تەنها ئەو کاتەی کە ئەسەد لاوازتربێت و یاخیبووان بەهێزتربن، دەتوانن دابنیشن و گفتوگۆ لەبارەی حکومەتی ئینتیقالی بکەن. کەواتە پێش ئەوەی ئەمە ڕوودات هیچ شتێك ناگۆڕێت. لەبەر ئەوە تەواوی بەرپرسیارێتیەکە دەکەوێتە سەر شانی ئەمەریکا.

*** بارودۆخەکە و شەڕەکە هەر بە تەنها کاریگەری خراپی لەسەر خەڵکی سوریا نییە، بەڵکو دەپەڕێتەوە بۆ تەواوی ناوچەکە، تیرۆریستان تەنها دەستیان بەسەر ناوچەیەکی سوریادا نەگرتووە، بەڵکو دەبینین لە ناوەڕاستی عێراقیشدا باڵادەستن، هەروەها دەبینین کاریگەریان لەسەر لوبنانیش هەیە، پرسیارەکە ئەوەیە تا چ ڕاددەیەك دەبنە مەترسی بۆ سەر تەواوی ناوچەکە؟**

**دەبێت حساباتی ئەسەد بگۆڕین، پێویستە ئەسەد بگاتە ئەو دەرئەنجامەی کە ئەو شەڕەکە دەدۆڕێنێت**

**هەموو ڕۆژێک شیعەکان هێرش دەکەنە سەر سوننەکان و سوننەکانیش هێرش دەکەنە سەر شیعەکان و ڕێژەی کوژراوانیش لە ساڵی پاردا زیاتر لە هەشت هەزار کەس بووە لە عێراقدا**

- هیچ گومان لەمەدا نییە، نائارامیەکان لە عێراقدا لە دوای داگیرکردنی لەلایەن ئەمەریکاوە ڕانەوەستاوە، هەمو ڕۆژێك شیعەکان هێرش دەکەنە سەر سوننەکان و سوننەکانیش هێرش دەکەنە سەر شیعەکان و ڕێژەی کوژراوانیش- کە ئێوە لە هەموو کەس باشتر دەزانن- لە ساڵی پاردا زیاتر لە هەشت هەزار کەس بووە لە عێراقدا. کەواتە بارودۆخی ناسەقامگیری سوریا ئەوەندەی دیکە هەلومەرجی عێراق ئاڵۆز دەکات. بەتایبەتی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و سوریا (داعش)، کە دەیانەوێت یەك وڵات لە نێوان هەردو وڵاتدا دروست بکەن. کەواتە هەرچیەك ڕوبدات لە سوریادا کاریگەری لە سەر عێراق دەبێت و بەپێچەوانەشەوە، هەروەها شەڕی ناوخۆیی عێراق- یاخود خەریکە بڵێم شەڕی ناوخۆیی- کاریگەری دەبێت لەسەر سوریا. کەواتە تاوەکو دەستبەجێ گۆڕانکارییەك ڕوونەدات، ئەوا ئەم شەڕە ناوخۆییە بەردەوام دەبێت و سوریاش لەبەریەك هەڵدەوەشێت و وەك یەك وڵات نامێنێتەوە. ڕەنگە کوردەکان و عەلەویەکانیش حکومڕانی خۆبەڕێوبەری خۆیان ڕابگەیەنن، و سوننەکانیش شەڕ لە دژی یەکتر دەکەن تاوەکو گروپێك باڵادەست دەبێت، ئیتر گروپێکی سەر بە ئەلقاعیدە بێت یان گروپێکی دیکە و پشێویش باڵادەست دەبێت و سەقامگیریش بۆ چەندین ساڵی داهاتوو نایەتە دی.

*** دەبینین وڵاتانی ناوچەکە و وڵاتە دراوسێکان دابەش بوونە لە ئاست کێشەی سوریادا، وڵاتانی کەنداو لەلایەك و ئێران و حزبوڵا لەلایەکی دیکەوە، ئایا تا چ ڕاددەیەك ئەم جەمسەرگیرییە کاریگەری مەترسیداری دەبێت لەسەر ئاسایشی ناوچەکە؟**

- حاڵی حازر ئەم کاریگەریەی هەبووە. دەبینیت کە سعودیە و ئێران شەڕێکی بە وەکالەت دەکەن لە سوریادا، سوریا بۆتە گۆڕەپانی شەڕی بە وەکالەتی ئیقلیمی لە نێوان شیعە و سوننە لەلایەك ولە نێوان گروپە ڕادیکاڵەکان و گروپە میانڕەوترەکان وەك سوپای سوری ئازاد و گروپە بچووکەکانی دیکە. لە ئێستادا ئێمە کاریگەرییە ئیقلیمەکانی دەبینین، کە لە هەموو شوێنێکەوە هەستی پێدەکرێت. ئەوەی هەیە دوو کامپە، یەکەمیان کامپی سوننەیە بە سەرکردایەتی سعودیە و وڵاتانی کەنداو، دووەمیان کامپی شیعەیە بەسەرکردایەتی ئێران و پاشکۆکەکانی لە عێراق و لە سوریا- لە ڕێی عەلەویەکان- و بە دڵنیاییەوە لە ڕێی حزبوڵاوە لە لوبنان. بە بۆچونی من ئەمە سەرەتای ناکۆکیەکی خوێناوی بەردەوامە کە بۆ ماوەیەکی زۆر بەردەوام دەبێت، تاوەکو ناکۆکیەکە زۆر بە خێرایی لە سوریادا کۆتایی پێنەهێنرێت. ئەمەش ڕوونادات تاوەکو چاویان لە چارەسەرێکی سیاسی نەبێت، ئەمەش لە سایەی هەلومەرجی ئێستادا ڕوونادات.

*** پێدەچێت دەستێوەردانی سەربازی و لابردنی ئەسەد لە دەسەڵاتدا ئەگەرێکی دوور بێت، بەڵام ئەگەر ڕۆژئاوا هێزەکانی ناتۆ بەکار بهێنێت بۆ دوورخستنەوەی ئەسەد لە دەسەڵاتدا، ئایا تا چ ڕاددەیەك رووسیا بێدەنگ دەبێت لە ئاست ئەم هەنگاوەدا؟**

- بۆچوونی تایبەتی من ئەوەیە هێزەکانی ڕۆژئاوا لە نێویاندا ئەمەریکا دەستێوەردانی سەربازی ناکەن- بە ناردنی هێز بۆ سوریا-، پێم وانیە ئەمە ڕوبدات....ئەوەی پێویستە لەبری ئەو کارە بکرێت ئەوەیە بە ڕەزامەندی یان بێ ڕەزامەندی ڕووسیا، چەکی پێویست بۆ یاخیبووە میانڕەوەکان دابین بکرێت، وەك موشەکی دژە فڕۆکە ودژە تانك بۆ ئەوەی هێزە ئاسمانی و زەمینیەکانی ئەسەد پەك بخەن، پێویستە دەستبەجێ ئەمە بکرێت. لەبەرئەوەی دوای ئەزمونی لە ئەفغانستان و عێراقدا، ئەمەریکا خۆی بە دوور دەگرێت لە دەستێوەردانی سەربازی، بەتایبەتی دژی دەوڵەتێکی عەرەبی دیکە. لەبەر ئەوە ناکرێت پێشبینی ئەوە بکەین وڵاتانی ئەوروپا یان ئەمەریکا دەستێوەردانی سەربازی ڕاستەوخۆ بکەن، بەڵام دەتوانن لە ڕووی سەربازییەوە هاوکاری یاخیبووان بکەن بە پێدانی ئەو چەکانەی بە ڕاستی پێویستیانە. دووپاتی دەکەمەوە هەر شتێکی کەمتر لەوە کێشەکە چارەسەر ناکات. تەنانەت ئەوەش ئاسان نییە، لەبەر ئەوەی تۆ قەیرانێکی مرۆیی زۆر گەورەت هەیە. کەواتە ئەوەی پێویستە بە پەلە بکرێت ئەوەیە یاخیبووان بەهێز بکرێن بۆ ئەوەی ڕاڕەوێك دروست بکەن بۆ تێپەڕاندنی خواردن و دەرمان بۆ ناوچەکانی سوریا، ئەمە بارودۆخێکی ئاڵۆزە، چونکە بە دەیان هەزار کەسی دیکە دەمرن و بە سەدان هەزار کەسی دیکە ئاوار دەبن ئەگەر ڕۆژئاوا ڕێگە بدات رووسیا جڵەوی ئەم پرسەی بەدەستەوە بێت، واتە بەردەوام خەڵکی سوریا ڕووبەڕووی مردن دەبنەوە و خودی سوریاش لەبەریەك هەڵدەوەشێت.

*** دوا وتەت چییە؟**

باوەڕم پێبکەن من شەخسی خۆم زۆر ئازار دەچێژم کاتێك وێنەی مناڵان و پیاوان و ئافرەتانی سوریا دەبینم کە بە هەڕەمەکی دەکوژرێن، من دەگریم بۆیان و فرمێسك دەرێژم، بەداخەوە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی قیبلەنمای ئەخلاقی (Moral Compass) لەدەستداوە، ئەوان زۆر باسی مافەکانی مرۆڤ دەکەن...بەڵام هیچ شتێك ناکەن بۆ ڕزگارکردنی ژیانی خەڵك، بەلای منەوە ئەمە گەورەترین کارەساتە، پێم وایە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دووچاری ئیفلاسی ئەخلاقی هاتووە(Moral Bankruptcy)، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە ڕێگا دەدەین شتێکی ئاوا تراژیدی لە سوریا ڕوبدات و لە ڕاستیدا کارێکی زۆر کەم کراوە لەم بارەیەوە.

**ڕەنگە کوردەکان و عەلەویەکانیش حکومڕانی خۆبەڕێوبەری خۆیان ڕابگەیەنن، و سوننەکانیش شەڕ لە دژی یەکتر دەکەن تاوەکو گروپێک باڵادەست دەبێت**

**بەداخەوە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی قیبلەنمای ئەخلاقی( Moral Compass ) لەدەستداوە، ئەوان زۆر باسی مافەکانی مرۆڤ دەکەن...بەڵام هیچ شتێک ناکەن بۆ ڕزگارکردنی ژیانی خەڵک**





# هونەر سەلیم

دەرهێنەری بەناوبانگی سینەمایی بۆ گوڵان:

## دیموکراسی و ئازادی و کەلتوورو ڕۆشنبیری و ئیستاتیکا و هونەر هەر هەمووی درۆیە ئەگەر پیاو یەکسانی نێوان خۆیی و ئافرەت قبوڵ نەکات و ڕێزی لێنەگرێت

هونەر سەلیم یەکێکە لەو دەرهێنەرە بەناوبانگانەی کە لە پێشبڕکێی فیستیڤاڵی کانساڵی ٢٠٠٨ خەڵاتی شـــۆڤالیێ زێڕینی لەبەرانبەر فیلمی (کیلۆمەتر زیرۆ) پێبەخشرا، کرۆنۆلۆژیای فیلمەکانی بە داهێنان و ڕوئیای ناخەکی خۆیەوە نەخشەیان بۆ کێشراوە، ئەوانیش بریتین لە فیلمەکانی (بستێك سنوور، بووکی کوردستان، تەنیایی ڕەها، قاچاغچییەکانی خەون،ڤۆدگالیمۆن،کیلۆمەتر زیرۆ،دۆڵ، گەر بمری دەتکوژم، my sweet pepper land، هەروەهـــا لەبەرانبـــەر فیلمی(بن بانەکانی پاریس) خەڵاتی تارکۆفسکی بەدەست هێناوە..

ئەم دەرهێنـــەرە کوردە سەرمەشـــقێکی هونەرییانەی هەیە لە نیشـــاندانی جلوبەرگی ئەکتەرەکانـــی و دەنـــگ و ڕووناکیەکانی فیلمەکانی، زۆربەی چیرۆك و ســـیناریۆی فیلمەکانیی کـــە ڕەنگدانەوەی کەلچەرو فەرهەنگ و خاك و ئاوی کوردســـتانەو خۆی داڕێژەریانەو دواتر کردونی بە دەنگ و ڕەنگ و لەسەر شاشە بەرجەستەی کردونەتەوە..

ئەو ئەکتەرانەی لەگەڵیدا ڕۆڵیان لە فیلمەکانیدا گێڕاوە بە گشـــتی وا لێی تێگەیشـــتون کە شـــیکردنەوەی تەواو بە ئەندامانی تیمی فیلمەکانی دەدات چ بە ئەکتەران وچ بە تیمی تەکنیکیشەوە، هەروەها بە حەماسەتەوە پرۆڤەیان پێ دەکات تا دەگاتە ئەو قەناعەتەی هەموو هەنگاوەکان بۆ کاری فیلمەکەی ئامادەیەو دواتر دەیانباتە ناو پەخشـــەوە، لە دروســـت کردن و ژیان خســـتنەبەری ســـۆزو ڕۆحی نەتەوەییانەی ڕوئیاو فیکرەکانییەوە کە لە مێشکیدان بۆ سەرشاشەی سینەما کۆنترۆڵی تەواولەدەست خۆیدایە..

هونەر ســـەلیم کە جارێکیان لە کافیتریایەکی نزیك ڕۆیلاڤایر وەك گۆڤاری گوڵان ســـاڵی ٢٠١٠ گفتوگۆیەکمان لەگەڵی ســـازدا، بە باشی لە ڕۆحی کوردپەروەرانەو مرۆڤدۆستانەی وی تێگەیشتین کاتێك لە فەرەنسا شانازی بوونی خۆی بەرانبەر نەتەوەی کورد دەربڕی بەوەی هەرگیز بە هـــۆی جیاوازی نەتەوایەتییەوە تەعەدای لە هیچ نەتەوەیەکی دراوســـێی خۆی نەکردووە، ئەو پێی وابوو کە نەتەوەیەك بە مەردو جوامێر دەژمێردرێت کە لە ڕووبەڕووبوونەوەی کەلچەرو شارســـتانیەکاندا تەعەدای لە نەتەوەی دراوســـێی نەکردبێت، ئەم بیرۆکانەشـــی بە شـــێوازێکی ئەدەبیانە لە ڕۆمانەکەی خۆیدا بە ناوی (تفەنگەکەی باوکم) داڕشتۆتەوە کە لە فەرەنسییەوە بۆ (٣٠) زمانی جیهانی تەرجەمەکراوە.

ڕەنگـــە بە هۆی ئەوەی خۆی بـــە یەکێك لەو دەیان ملیۆن کـــوردە وێنابکاتەوە کە دیرۆك و جیۆگرافیاو پیلانە نێودەوڵەتیەکان زوڵمیان دەرهەق کردوون بۆیە پێی باشـــە ســـینەما وەك دەزگایەکـــی ئینترۆپۆلۆژیکانە بەکاربهێنێت تا بە ڕوانینێکی ســـینەماییانەوە ڕۆبچێتە ناو قووڵایی ڕووداوەکانەوە، بەر لە چەند ڕۆژێك لەمەوبەر لە شاری هەولێر نمایشێکی تایبەتی بۆ نوێترین فیلمی ئەم هونەرمەندە بەناوی (My sweet pepper land) کە لە کوردســـتان وێنەی گیراوەو باس لە کێشەی ئافرەتان و پەروەردە وخوێندن دەکات ڕەخسێنرا، لە سەروبەندی نمایش کردنی فیلمەکەداو لە دەرفەتێکدا ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ بەڕێزیان ئەنجامدا.

**گوڵان:** لەبەر ئەوەی بە ناسنامەی کوردستانی و سیمای کوردییەوە لە فەرەنسا خەریکی کاری سینەماییت و دەنگدانەوەی چەند فیلمێکت لەناو ڕاگەیاندنەکانی جیهانیدا وای لە چەند کەناڵێکی میدیایی عارەبی کردووە بە ئیرەیی پێبردن و بە ڕشتنی کینەی شۆڤینیستیانەوە باسی فیلمەکانت و شەخسی خۆت بکەن و تەنانەت هەندێکیان لە نیگای تەسکی خۆیانەوە دەیانڕوانییە فیلمەکانت، کەچی تۆیان بە شۆڤێنستیی تۆمەتبار دەکرد؛ چ وەڵامێکت بۆ ئەوانە پێیە؟

**هونەر سەلیم:** جار جار ئەو تۆمەتانە دەبیستمەوە یان لە میدیاکان وا بڵاو دەکرێتەوەو هەندێك کەس بە شۆڤینی تۆمەتبارم دەکەن، ئەوەم نەشاردۆتەوە کاتێك پێم دەڵێن بە ڕەگەز عێراقیی، من دەڵێم نەخێر عێراقی نیم، چونکە دەزانم ناوی وڵاتەکەم کوردستانەو هەمووانیش ئەوە دەزانن کە ئینگلیز و فەرەنسییەکان لە مێژووی هاوچەرخیاندا شتێکی نامۆیان دروست کردووەو ناویان لێ ناوە عێراق، نە عێراقییەکان داوایان لە من کردووە ببم بە عێراقی، نە خۆیشم داوام کردووە ببمە عێراقی وئەمەشم نەخوازتووە، هیچ شەرعییەتێك لەوەدا نابینم کە بە زۆری زۆردارەکێ بمکەنە عێراقی، پێموایە شکۆی ئازادی و کەرامەتی مرۆڤ لەوەدایە کە مرۆڤ ڕاستی بڵێت و ڕاستی بپارێزێت، ڕاستییەکەش لەوەدایە کاتێك لە دایك بووم، دایك و باوکم پێیان وتم ئێمە کوردین و خاکی وەتەنی ئێمەش ناوی کوردستانە، ئەگەر شتێکی تر جگە لەم ڕاستییە بە پێچەوانەوە بڵێم پێموایە ڕاست ناکەم، بۆیە دەڵێم عێراق حاڵەت و بارێکی ناتەندروستانەی داگیرکاریی سەربازی و سیاسیی نێودەوڵەتیانەیە، بەڵام من لە ناخ ودڵدا خۆم نەداوەتە دەست ئەم داگیرکردنە، لەبەر ئەوەی خۆم نەداوەتە دەستی، هیچ کاتێك ڕازی نەبووم ونابم، ناوی خۆم بگۆڕم یان بیگۆڕن، من کوردم و وڵاتەکەشم ناوی کوردستانەو بە هیچ کلۆجێ عێراق وڵاتی من نییە، بەڵکو داگیرکاری نیشتمانمە، ئەگەر عەرەب تۆزقاڵێك ویژدانیان هەبێت وەك چۆن ڕازی نابن بە فەلەستینییەك بڵێن تۆ ئیسرائیلییت، ئەی چۆن ڕازی دەبن تا ناچارم بکەن ببمە عێراقی، لەو باوەڕەدام کە ئەم تۆمەتبارکردنانەی ئەو کەناڵانە ئاراستەیان کردوم، تەنیا لەبەرئەوەیە کە ڕاشکاوانە ڕاستییەکان دەڵێم، دیارە ئەوانیش تەنیا حەز لە چەوساندنەوە و بە کۆیلە کردنی میللەتان وزوڵم و زۆرداری لە خەڵکی تر دەکەن، چونکە من کەسێکم بە کردەوە دژی هزری شۆڤینیستیم، ئەمە قبوڵ ناکەم و هیواخوازم کورد ئازاد بێت و بریاری خۆیان بە دەستی خۆیان بێت و سەربەخۆ بن نەك ئێستا بەڵکو بەر لە سەد ساڵ حەقیقەتی بوونی کورد وەها بووە و دووپاتیشی دەکەمەوە ئەگەر سەد ساڵی دیکەش تێپەڕێت، نەتەوەی کورد هەر سەربەخۆیی خۆی بەدەست دەهێنێت، هەمیشە ئەم قسانەی من بە دڵی هەندێك لە میدیاکانی تورك و عەرەبەکان نابێت و هەمیشەش لە میدیاکانەوە وتومەتەوە کە وڵاتی من کوردستانە و من کوردم، چونکە کەسێك بیری ئازادیخوازانەی هەبێت مەحاڵە داگیرکاریی قبوڵ بکات.

**گوڵان:** لە ناوەڕۆکی ئەو فیلمانەی دەرهێنانت بۆ ئەنجام داون، بینەران هەست بە فرە زاراوەیی دەکەن، لەمەدا تۆ وەك دەرهێنەرێکی سینەمایی چ پەیامێکت هەیە؟

**هونەر سەلیم:** گەلێ هۆکار بۆ ئەم فرە زاراوەییەی کە باست کرد هەن، یەکێك لەو هۆکارانە ئەوەیە ئەگەر هەموو ئەکتەرەکانی کوردستان کۆ بکەیتەوە ڕەنگە بتوانی نیو فیلمێك دروست بکەیت، ئەگەر من لە کوردستان بگەڕێم و بڵێم لەبەر ئەوەی من کرمانجی ژووروم دەبێ فیلمەکەم بە کرمانجی بێت یان کرمانجی خواروو کە بە سۆرانی دەناسرێت و دەبێ بە سۆرانی بێت، یان زازاکیم دەبێ بە زازاکی بێت، پێموایە ئەمە کاری کەسانی ژیرو هونەرمەند نییە، هۆکارێکی دیکەش بە ڕای من ئەوەیە کە دەوڵەمەندی بەرهەم و داهاتی کورد لە تێکەڵ بوونی هەموو زاراوەکانیدایە، باشووری کوردستان و شارێکی وەکو هەولێر باشترین نموونەیە خەریکە تێیدا شتێکی نوێ دروست بێت، جوانترەو ئەویش ریتمێکی تازەیە کە لە سۆرمانجی گەورەترە، واتە تێکەڵ کردنی سۆرانی و کرمانجی، تێکەڵ بوونی هەموو جوانییەکانی فرە زاراوەیە لە زمانێکی ئاخاوتنداو شوێنی هەموویشیانی تێدا دەبێتەوە، ئەگەر تاکی کورد ژیر بێت و باش بیر بکاتەوە ئەمە نیعمەت و دەوڵەمەندییەکی نەتەوەیی و شارستانیانەیە بۆ ئێمە، بەڵام ئەگەر بە وردی و ژیری بیری لێ نەکەینەوە و لە ڕووی ئەدەبی و هونەرییەوە کاری لەسەر نەکەین ئەوا بێگومان دەبێتە نەهامەتی و دەردەسەری و چەندین گرفتی وەك هەستیاریی لە ڕادەبەدەر بەرامبەر بە یەکتری و ناوچەگەریتی و عەشیرەتگەری و شەڕ و ناکۆکی و ماڵوێرانی لێ دەکەوێتەوە، کەواتە پەیامی من ئەوەیە کە ئەم هەموو زاراوانە ببنە مایەی خێرو خۆشی بۆ میللەتی کورد، ئەمەش لە فەرهەنگ و هونەرو زانست و ژیانی ڕۆژانەی تاکەکانیدا فۆرمەلە بکرێتەوە..

**گوڵان:** لە دوایەمین فیلمت بە ناوونیشانی (My sweet pepper land) دوو پەیامی زۆر گرنگت بە هونەرییانە خستووەتەڕوو، ئەوانیش کێشەی ئافرەت و ئاریشەکانی پێشی خوێندن بووە، لەو فیلمەدا چۆن ئەو بیرۆکەیەت لەلا گەڵاڵە بووە کە لە ڕێگای خستنەڕووی کێشەکانی ئافرەتی کوردەوە سەرنجی بینەران بۆ کێشەیەکی دیکە رابکێشیت، کە ئەویش کێشەکانی بەردەم خوێندن و پەروەردەیە؟

**هونەر سەلیم:** پەروەردە واتە پێشکەوتن، لە هەموو جیهاندا بابەتی هەرە گرنگ بەلایانەوە مەسەلەی پەروەردەیە، بەداخەوە لە کوردستان پێموایە بواری پەروەردە لە ڕەوشێکی خراپدایە، بەشێك لە مامۆستاکان بەشێوەیەکی نادروست منداڵ پەروەردە دەکەن، ئەمەش دەبێتە هۆی پەروەردە کردنی شێواو و دروستبوونی گەنجی سەقەت و کاربەدەستی سەقەت و تەنانەت دایك و باوکی سەقەتیشی لێ دروست دەبێت، لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا وەزارەتی پەروەردە یەکێکە لە هەستیارترین و گرنگترین وەزارەتەکانی حکومەت، بۆیە پێویستە سیاسەتێکی ڕاستی پەروەردەیی هەبێت و پێش هەموو شتێکیش پێویستە بیر لە دروستکردنی مامۆستا بکرێتەوە، بۆ ئەوەی ئەم مامۆستایانە بتوانن زانست و زانیاریی و پەروەردەیەکی تەندروست پێشکەشی منداڵەکانمان بکەن، بە بڕوای من ئێستا بەشێك لە مامۆستاکان ئەرکی پیرۆزی خۆیان وەکو پێویست بەجێ ناگەیەنن و لەو ئاستەدا نین کە لێیان چاوەڕوان دەکرێت و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کوردستان لەرووی پێشکەوتنەوە بە جێ بمێنێت و چەق بەستوو بێت، ئەگەر پێداچوونەوەیەك لەسەر ئەم بابەتە گرنگە نەکرێت و بە جددی هەڵوەستەی لەسەر نەکرێت.

**گوڵان:** ئەی سەبارەت بە بەشی دووەمی پەیامی ئەم فیلمەت کە بریتییە لە گەڕان بە شوێن چارەیەك بۆ کێشەی ئافرەتی کورد، چی دەڵێیت؟

**فیلمی سینەمایی بەرهەمی بۆرژوازیەتە، بۆرژوازییەت لە شارەکان دروست دەبێت و هەمە ڕەنگی وەک عەقڵ و دین و فیکری جوداجودا لە شارەکاندا هەیە، ئێمەی کورد میللەتێکین زۆربەمان لە گوندەکان ژیاوین، ئەوەی هەبووە تەنیا فۆلکلۆر بووە کەزیاتر دەربڕینی هەستی خۆڕسکانەی سەرەتایی جوان بووە**

**سەتیر (مزاح) بەهێزترین ستایلە و لەو ڕێگایەوە دەتوانیت هەموو شتێک بڵێی، کەسێکی ئەوروپی دەربارەی سەتیر وتەیەکی زۆر جوانی هەیە دەڵێت: سەتیر وەک کەسێکی بە ڕەوشت وایە کە شەرم دەکات بگریت و بە سەتیر ئەم هەستەی خۆی دەردەبڕێت**



**هونەر سەلیم:** سەبارەت بەم پرسەش، زۆر وڵات لە جیهان گەڕاوم و تێبینیم کردووە کە ڕەوشی ئافرەتی کورد لە وڵاتانی (ڕەش)هەڵاتی ناوەڕاستدا هاوشێوەی ڕەوشی شۆڕشگێڕانی میللەتەکەمانە کە لەژێر دەستی جەلادە داگیرکەرەکان بوو، چۆن ڕق و قینەی لە بەرانبەر کورد دەڕشت، پیاوانی ڕۆژهەڵاتیش ڕەفتارێکی هاوشێوەی ڕەفتاری وی بەرامبەر بە ئافرەت دووبارە دەکەنەوە، هەست بە شەرمەزاری دەکەم لە هەندێ ڕەفتاری بەرانبەر ئافرەتان دەکرێت، پێویستە ئافرەت ئازادی خۆی بەدەست بهێنێتەوە، ئەگەر ئافرەت خۆی ژێردەستە بکات و بۆ توندوتیژی ملکەچ بکات و نایەکسانیی قبوڵ بێت و لە بەرانبەردا ناگاتە ئەو ڕادەیەی کە ئێستا خەڵکانێکی زۆر لە ناو کۆمەڵگە ڕێگا بە ئازادی ئافرەتانیان نەدەن، دیموکراسی و ئازادی و کەلتوورو ڕۆشنبیری و ئیستاتیکاو هونەر هەر هەمووی درۆیە ئەگەر پیاو یەکسانی نێوان خۆیی و ئافرەت قبوڵ نەکات و ڕێزی لێنەگرێت، بەداخەوە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەموویان بە زمان و ڕواڵەت شاعیرن و هەست ناسك و پیاوی زۆر باشن، بەڵام لە کردار لە ناخی زۆربەماندا عەلی حەسەن مەجیدێکی متبووی شاراوە هەیە، بۆیە لە هەڵسوکەوتمان بەرامبەر بە ئافرەت بە زەبرو توندین،ئەگەر لەم ڕووەوە لە ئاوێنەیەکەوە سەیری خۆمان بکەین پێویستە تفێك لەو زەبرو زەنگانە بکەین خۆ ئەگەر من ئافرەتێکی کورد بوومایە و بە توندوتیژی ڕەفتارم لەگەڵ بکرایە ئیتر بۆ حەز بکەم کوردستان ئازاد بێت، با هیچ کاتێك ئازاد نەبێت، چونکە ئەم ئازادییە زیاتر بۆ پیاوەکانەو بە ئازادانەتر زوڵمی زیاتر لە من دەکات و ئەگەر پێشتر سکاڵایەکم دژی بکوژ بکردایە، ئێستا ناتوانم ئەوەش بکەم، من هیچ هۆکارێك نابینمەوە لەوەی ئافرەتی کورد حەز بکات کوردستانەکەی ئازاد بکات، پێویستە کورد بەتایبەتی پیاوانی ئەم کۆمەڵگەیە پێداچوونەوەیەکی ژیرانە بە بیرکردنەوەکانی خۆیدا بکاتەوە، لە هەموو ڕوویەکەوە و بەتایبەتیش لە ڕووی هەڵسوکەوتەکانیەوە بەرانبەر ئافرەت، قوربانی زۆری بۆ ئازادکردنی خاك و ئاوەکەی پێشکەش کردووە، ئەو قوربانیانەی کورد لە مێژووی هاوچەرخدا پێشکەشی کردوون بەشی ئەوەی دەکرد ئیمبراتۆریەتێك بونیات بێت نەك ئێستا داوای فیدراڵی لە مالیکی بکات، لەوەش گرنگتر ئەوەیە مافی یەکسانی نێوان هەردوو ڕەگەز بە یاساو بە کردەوەش بسەلمێنن..

**پێویستە ئافرەت ئازادی خۆی بەدەست بهێنێتەوە، ئەگەر ئافرەت خۆی ژێردەستە بکات و بۆ توندوتیژی ملکەچ بکات و نایەکسانی قبوڵ بێت، لە بەرانبەردا ناگاتە ئەو ڕادەیەی کە ئێستا خەڵکانێکی زۆر لە ناو کۆمەڵگە ڕێگا بە ئازادی ئافرەتانیان نەدەن**

**گوڵان:** کەواتە بۆچی لە فیلمەکەتدا ئەو ڕووە (ڕواڵەتی)یەی کوردت پێشکەشی بینەران نەکرد و ڕەخنەت لێی نەگرت، چونکە زۆرجار ئێمە شانازی بەوەوە دەکەین کە ئافرەت لە کۆمەڵگادا ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە؟

**هونەر سەلیم:** ئەگەرماوەی هەبوونی کورد لەسەر زەوی و لە مێژوودا بە یەك ملیارد کاتژمێر مەزەندە بکەم، ماوەی فیلمەکەم تەنها ٩٠ خولەکە، بۆیە پێویستم بە ٤٠٠ فیلم هەیە بۆ ئەوەی ئەم هەموو کێشە کەڵەکەبووانە تۆمار بکەم، لەلایەکی دیکەوە ئێمە لە وڵاتێك دەژین کە برنج و فاسولیا و ئۆتۆمبیل لەلایەن خەڵکەوە بە گرنگتر دەزانرێت، نەك فیلم، واتە سك و بن سك گرنگتر تەماشا دەکرێت، من ١١ فیلمم هەیە هیچ کەناڵێکی کوردی فیلمەکانم نمایش ناکەن، ئەگەر نمایشیشی بکەن بەشێوەیەکی قاچاخ نمایشی دەکەن، واتە فیلمەکەم دەدزرێت و یان لە بازاڕەکان بە دی ڤی دی دەفرۆشرێن ئەمەشیان هەر دزییە، فیلم دزین و کۆپی کردن وەك ئەوە وایە کە کەسێك ئۆتۆمبیلەکەت بدزێت، پار بە ڕێکەوت لە هەولێر بووم تەلەفزیۆنێکی کوردی چەند فیلمێکی منیان نمایش کرد بێ ئەوەی بە هیچ شێوەیەك تەنانەت پرسێکم پێ بکەن، ئایا ئەگەر من ئۆتۆمبیلی بەڕێوەبەری تەلەفزیۆنەکە بدزم، سکاڵا دژی من تۆمار ناکات و بە دزی تاوانبارم ناکات، بەڵکو دەستگیریشم دەکەن و ئەمەش مافی خۆیانە، باشە بۆچی



ئەو کەسە دەستگیر ناکرێت که فیلمەکەی منی دزیوە، کە بەری ڕەنج و بەرهەمی عەقڵی منەو چەندین ساڵ دادەنیشم و ماندوو دەبم تا بەرهەمی دەهێنم، ئەویش بێ ئەوەی هیچ ڕێزێك بۆ من دابنێت دەیدزێت، گلەیی من لەوە نییە کە پارەم پێ بدات، گرنگ عەقڵیەتی ئەو کەسانەیە کە تەلەفزیۆنەکان بەڕێوە دەبەن ولەم ڕووەوە چەند دواکەوتوون، لەم بارەیەوە نازانم ئایا هیچ یاسایەك بۆ بەڕێوەچوونی تەلەفزیۆنەکان هەیە یان نە؟.

**گوڵان:** لە ناوەندی هونەرییەوە باسوخواسێك هەیە لەسەر ئەوەی بۆچی هونەر سەلیم لە دوایین فیلمەکانیدا بەردەوام گولیشفتە فەراحانی وەك پاڵەوانی سەرەکی فیلمەکانی هەڵدەبژێرێت؟

**هونەر سەلیم:** ڕێزی بێ پایان و تایبەتیم بۆ گولشیفتە هەیە، کە یەکەم: هونەرمەندێکی بە توانایە، لە هەمان کاتدا بۆ ئەو ڕۆڵانە گونجاوە، هۆکاری دووەمیش ئەوەیە: کە لە نێو کورددا گوڵشیفتەیەکی ترم نەبینیوەتەوە، ئەگەر ٦ یان ٦٠ گوڵشیفتە هەبووایە لە هەر پارچەیەکی کوردستان یان هەر شوێنێکی دونیا بوونایە من دەمدۆزینەوە، بەڵام وەك وتم تا ئێستا لەو باوەڕەدا نیم هەبێت، بەو مانایەی کچە ئەکتەرێکی پڕ بە واتای وشە مەدەنی پێشکەوتووە، کراوەیە، خاوەن بەهرەیە بە پلەی یەك، چونکە ئەمەیان زۆر گرنگە، بەداخەوە تا ئێستا لە نێو ئەکتەرە کچەکانی کورد یەکێکم نەبینیوەتەوە، ئەم هەموو تایبەتمەندیانەی هەبێت کە لە گوڵشیفتەدا هەن.

گوڵان: لە هەردوو فیلمی (ئەگەر بمری دەتکوژم) و (My sweet pepper land) بینەرێکی ئاسایی هەستی بەبوونی خێزانێك دەکرد کە بوونیان هەبوو، زۆریش لە یەکتری دەچوون واتە دەقگرتوو یان قاڵبگرتوویی پێوە دیاربوو، لە سیناریۆی هەردوو فیلمەکە جۆرە لێکچوونێك هەبوو، چی دەڵێیت بۆ ئەم بۆچوونەو چ هونەرێك دەبینیتەوە لەم دووبارە بوونەوەیەدا؟

**هونەر سەلیم:** هەر بینەرێك پێیوایە لە سیناریۆی هەردوو فیلمەکە دووبارەبوونەوەیەك هەیە، من ڕێز لە رای بینەر دەگرم و پێم قبوڵە، هەروەها ئەگەر بینەرێکی تریش بڵێ دووبارە نییە ڕێزم بۆ ئەویش هەیە، من هەمیشە وتومە نابێ دەرهێنەر بینەر تووشی سەر ئێشەی زۆر بکات و بڵێ من دەزانم و خاوەن بەهرەم و فەیلەسوفم و ئێوە هیچ نازانن و وەرن من بۆتان شی بکەمەوە، چونکە ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە پێچەوانەی عەقڵیەت و سینەما و بیرکردنەوەی منەوەیە، هەروەها ئەو کارە هونەرییە سەرکەوتووە کە بینەر هەستی پێدەکات، هەموو بینەریش هەمان بیرکردنەوەی نییە هەموو بینەرێك تێدەگات، بەڵام هەندێکیان زۆریان پێ باشە هەندێکی دیکەشیان ڕەخنەی زۆریان لەسەری هەیە، بەڕای من هەردووکیان ڕاستن، زۆر دڵخۆشم بەو کەسانەی کارەکانی منیان بە دڵە، لە هەمان کاتدا ڕێزم بۆ ئەوانە هەیە کە ڕەخنە لە کارەکانم دەگرن، بە کورتی ناکرێ دەرهێنەر بە بینەر بڵێ من کەسێکی ژیرم و ئێوەش نەزانن، لەبەر ئەوە تێبینیەکانی ئەوان سوودبەخش دەبن بۆ کارەکانم..

**گوڵان:** زۆربەی فیلمەکانت بەشێوەیەکی (سەتیر)یانە دەست پێدەکەن، ئایا دەتەوێت ئەمە ببێتە ستایلێکی تایبەت بەخۆت، یاخود دەلالاتی دیکەت هەیە بۆ ئەم چەشنە کارانەت؟

**هونەر سەلیم:** هەندێك شتی زۆر تراژیدی هەیە ئەگەر دەرهێنەر وەکو خۆی پێشکەشی بکات، زەحمەتە بینەر بە ئاسانی تەقەبولی بکات، بۆیە پێویستە هونەرێك بدۆزێتەوە کە پێشکەشی بکات، بێ ئەوەی بینەر بێزار بێت بە سانایی لێی وەربگرێت، پێموایە سەتیر (مزاح) بەهێزترین ستایلە و لەو ڕێگایەوە دەتوانیت هەموو شتێك بڵێی، کەسێکی ئەورووپی دەربارەی سەتیر وتەیەکی زۆر جوانی هەیە دەڵێت: سەتیر وەك

**زۆر دڵخۆشم بەو کەسانەی کارەکانی منیان بە دڵە، لە هەمان کاتدا ڕێزم بۆ ئەوانە هەیە کە ڕەخنە لە کارەکانم دەگرن، بە کورتی ناکرێ دەرهێنەر بە بینەر بڵێ من کەسێکی ژیرم و ئێوەش نەزانن، لەبەر ئەوە تێبینیەکانی ئەوان سودبەخش دەبن بۆ کارەکانم..**

کەسێکی بە ڕەوشت وایە کە شەرم دەکات بگریت و بە سەتیر ئەم هەستەی خۆی دەردەبڕێت واتە دەتوانم بڵێم بێ ئومێد بوونی کەسێکی بە ڕەوشتە، بەڵام کەسانی دیکە بەشێوازی تر ئەم بێ ئومێدییەی خۆیان دەردەبڕن، بۆ من سەتیر شتێکی زۆر گرنگە و هەموو ئەو کەسایەتییە ناودارانەی دەربارەیان بابەتم لەسەر خوێندوونەتەوە هەموویان سەتیر بەشێك بووە لە ژیانیان.

**گوڵان:** ئەی چ حیکمەتێك لەوەدایە کە ماوە ماوە بە فیلمێکی نوێ و بەرز دەربکەویت؟

**هونەر سەلیم:** دەبێ ئەوەمان لە بیر بێت کە من کەسێکی سیاسی نیم و لەلایەن کەس هەڵنەبژێردراوم و هیچ دەسەڵاتیشم نییە، من تەنیا خاوەن هێزێکی ئەخلاقیم، هەندێك کێشە هەیە کە سیاسییەکان پێویستە چارەسەری بکەن، من کەسێکم دەتوانم ئەو شتانەی بینیومە بەچاوی خۆم بیانگێڕمەوە، ئەگەر بیر لەوە بکەینەوە میللەتی کورد مەلای جزیری و ئەحمەدی خانی و فەقێی تەیرانیان نەبووە، چی دەمێنێتەوە؟ بێگومان هیچ نامێنێتەوە شانازیی پێوە بکەن، سینەما و کەلتووریش بەو شێوەیە گرنگە، بەڵام کاری جددی و پڕ بەهای جیاوازە، بۆ ئەوەی بزانی کارەکەت جددیە پێویستە بەراوردی بکەی لەگەڵ هەمان شتی ئاست بەرزی جیهانی، نەك بەراوردی بکەی لەگەڵ شتێکی لۆکاڵی، بۆ نموونە ئەگەر بزانی تۆپی پێی کوردستان لە چ ئاستێکدایە پێویستە لەگەڵ ریال مەدرید و پاریس سان جیرمان و یۆڤنتۆس بەراوردی بکەی، ئەگەر ئەوروپییەك پێمان بڵێ بە چی بەشداریتان لە پێشکەوتنی شارستانیەتی جیهان کردووە؟ چی تێدایە ئەگەر بڵێین بە فیلمێکی سینەمایی بەشدارین، بەڵام دەبێ هەشتا هەزار فیلم و شاکارمان هەبێت و هەشتا جۆرە دەرمانمان دۆزیبێتەوە ئەمانەش بەرهەمی بۆرژوازیەتە، نەبوونیشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بۆرژوازییەت لە شارەکان دروست دەبێت و هەمە ڕەنگی لە شارەکاندا هەیە وەك عەقڵ و دین و فیکری جوداجودا، ئێمەی کورد میللەتێکین زۆربەمان لە گوندەکان دەژین، ئەمەش عەیب نییە بەڵکو راستییە، ئەوەی هەبووە تەنیا فۆلکلۆر بووە کەزیاتر دەربڕینی هەستی خۆڕسکانەی سەرەتایی جوان بووە بە نموونە دەربڕینی هەستی خۆشی لەکاتی زەماوەندەکان بە شایی.

**گوڵان:** ئایا کورد هیچ پێگە و شوێن پێگەیەکی هەیە لەنێو سینەمای جیهانیدا؟

**هونەر سەلیم:** لەو باوەڕەدام خەریکە شتێك دروست دەبێت و گەشبینم پێی، هەروەها متمانەیەکی تەواوم بە نەوەی نوێ هەیە بەوەی زۆر لە ئێمە تێبپەڕن و شتی زۆر لە ئێمە باشتر ئەنجام بدەن و زۆریش سەرکەوتوو بن و شانازیش بەوەوە دەکەم کە سوودێك لە ئەزموونی ئێمە وەربگرن زۆر کچ و کوڕی بەتوانای باکووری کوردستان دەبینم لە ئەوروپا هاتونەتە ناو بواری سینەمایی، مخابن لە باشووری کوردستان چ لە ناو خەڵکی و چ لە ناو دەزگاکاندا تەمبەڵی و گەندەڵی گەیشتووەتە سەر ئێسقان، لە کاری هونەریدا پێویستە عەقڵ کار بکات، بەداخەوە لە کوردستان عەقڵ مەسرەفەوە بەنج کراوە، جار بە جار هەست بە جموجۆڵی سینەماکارە لاوەکان دەکرێت، جار جار لە فیستیڤاڵەکاندا کورتە فیلمەکان دەبینم، ئەمەش تا ڕادەیەك باشە، ئەوەتا بەهاوکاری دکتۆر خالید ساڵح سەرۆکی زانکۆی کوردستان خەڵاتێکمان تەرخان کردووە بۆ باشترین سیناریۆ لەنێو گەنجان و لە ساڵی پارەوە یەکەم خەڵات لە فیستیڤاڵی لەندەن پێشکەش کرا، ئەمەش بۆ هاندانی گەنجان تا لە نووسینی سیناریۆیدا دەستەواڵابن.

**ئێمە لە وڵاتێک دەژین برنج و فاسوڵیا و ئۆتۆمبیل لەلایەن خەڵکەوە بە گرنگتر دەزانرێت، نەک فیلم، واتە سک و بن سک گرنگتر تەماشادەکرێت، من ١١ فیلمم هەیە هیچ کەناڵێکی کوردی فیلمەکانم نمایش ناکەن**



ئەنجلینا گرمکی:

# مافەکانمان پێشێل دەکەن هەر لەبەر ئەوەی کە دایک و هاوسەرو کچانی پیاوە مەزنەکانین



**١٧٦ ساڵ لەمەوبەر و لە ٢١ی شوباتی ساڵی ١٨٣٨دا، ئافرەت و کۆیلە لە کۆماری ئەمریکای ئازاد هیچ جیاوازییەکیان نەبوو، بۆیە خاتوو ئەنجلینا گرمکی خانمی بوێرو چاونەترسی ئەمریکایی لەو رۆژەدا وەك یەکەم ئافرەتی ئەو وڵاتە و بە ئیمزای ٢٠٠٠٠ ئافرەت لە میانی وتارێکدا داوای ئازادکردنی کۆیلەو ئافرەتی کرد، ئەم داخوازییەی ئەنجلینا بەر لە ئەبراهام لنکۆڵنی سەرۆکی ئەمریکا دێت کە ئەویش دەستی کرد بە چالاکییەکانی ئازادکردنی ئافرەت، گوڵان بۆ رێزگرتن لەم خانمەو هەڵوێستە بوێرەکەی دەقی ئەو نامەیەی ئەنجلینا گرمکی بە کوردی بڵاو دەکاتەوە کە یەکەم وتار بووە لەو چەشنە کە لە مێژووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەلایەن ئافرەتێك خوێنرابێتەوە، دەقی ئەم وتارەش لە ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٣ دا لە هۆڵی (جۆن هانکۆك)ی کۆلیژی سمنس لە شاری بۆستنی سەر بە ویلایەتی ماساتشوتس بە ئامادەبوونی دەیان کەسایەتیی و چالاکوان و سیاسەتمەدارو مامۆستایانی زانکۆو ئافرەتان، لەلایەن(ئان گۆتلیب)ی خانمە ئەکتەری سینەمایی هۆلیوۆدەوە خوێنرایەوە، ئەمەش دەقی وتارەکەیە.**

**خۆم بە شەرەفمەند دەزانم کە ئەمڕۆ لەبەردەمتان وەستاوم و بۆ بەدی هێنانی ئەرکێکی هاوشێوە کە پەیوەستە بە ژیان و خۆشەویستی، هاوکات سوپاس بۆ خوا کە ئەمڕۆ ئێمە لە سەردەمێکدا ژیان بەسەر دەبەین کە جیهان بە گشتی، زۆر کراوەو رۆشنە و رەوشتبەرزە کە دەتوانن دان بە داخوازییەکی هاوشێوەدا بنێن**

**بە ئەرکی سەرشانی خۆمی دەزانم هەرچی مەینەتی و ناسۆری کۆیلە و لەخۆبایی بوونی دەرەبەگ هەیە بۆ ئێوەو وڵاتەکەم و هەموو جیهان ئاشکرا بکەم، درێخیش نەکەم بۆ سەرەولێژکردنی ئەو رژێمە ستەمکارو ئاڵۆزەی کە لەسەر جەستەی شەکەت و تێکشکاوی کۆیلە زنجیرکراوەکان بنیادنراوە**

**بەڕێز سەرۆکی دەستە**

وا زیاتر لە ٢ هەزار ساڵ بەسەر سەختترین و تاریکترین سەردەمی خوێناوی لە مێژووی میللەتەکەمان تێدەپەڕێت، لەو ساتەوەختەدا کە خەڵکەکە خەڵتانی رووباری خوێن کرابوو، ئافرەتیش هەر لەوسەردەمە دژوارەدا بێ دەنگ نەبوو پڕ بە دەم دەنگی هەڵبڕی تەنانەت گەیشتە دوورترین شوێن بە شێوەیەك لە کۆشك و تەلاری پادشایەکی رۆژهەڵات بیستراو و هەر ئەو دەنگەشی پەیامێك بوو بۆ گەیاندنی داخوازییەك لەپێناو رزگاربوونی ملیۆنەها کەس لە زەبرو زەنگ و چەوسانەوەی ئەو کاتە، ئیستر-ی شاژنی فارس کە سۆزانییەکی هاوڕێی نزیکی شا(ئەحشویرۆش)بوو بۆ دامرکاندنەوەی ئارەزووە سێکسییەکانی پادشا بەردەوام لە خزمەتیدا بوو، ئەو لەگەڵ ئافرەتەکانی دیکەی حەریمی پادشا تێکەڵ کرابوو، بەڵام بەتەواوی دەیزانی ئەو پادشا دڵڕەقە تەنیا بە تێرکردنی ئەو ئارەزووە سێکسییانەی دڵی نەرم دەبێت، لە دیمەنێکدا پادشا لە مەجلیسی شاهانەی ناو ماڵەکەی خۆیدا بە تەنیا وەستاوەو ئیستریش مەبەستی بوو ئەو مەرام و ئامانجەی لەناو دڵیدا حەشاری دابوو بە پادشای رابگەیەنێت، ئەو وایزانی بە رووژاندن و خۆنواندن لەبەردەم پادشادا دەتوانێ ئامانجەکەی بپێکێ کە بریتییە لە رزگارکردنی ژیانی خۆی و نەتەوەکەی، بەڵام کاتێ لێی نزیك بووەوە، دوای مۆڵەت وەرگرتن لە پادشا بۆ قسەکردن، پێی گوت: شاژنە ئیستر بە خەمبارییی دێیتە بەرچاوم، پێم بڵێ داواکاریت چییە؟ تۆ شایانی ئەوەی نیوەی وڵاتەکەت پێ خەڵات بکەم)، بۆیە ئیستر بۆی دەرکەوت کە ناتوانێت لەم هەوڵەیدا سەربکەوێت قسەی لەگەڵدا بکات مەگەر ئەو کاتە نەبێت کە پادشا خولیایی سێکس و ئارەزووەکانی ئاژەڵئاسا مێشك و هزری دەتەنێت، بەڵام دوای ئەوەی ئاهەنگی شەوانەی پادشا دەست پێدەکات و خواردنەوەش دابەش دەکرێت، ئا لەو ساتانەدا ئەم دەرفەتە دەقۆزێتەوەو دەتوانێت دڵی پادشا نەرم بکات و بە دەم پاڕانەوە داخوازییەکەی پێ جێبەجێ بکات. شاژنە ئیستر رووی لە پادشا کردو گوتی:(گەورەم. تۆ شایانی ئەوەی کە لە چاوەکانتا تیشکی بەزەیی ببینم، بۆیە داواتان لێ دەکەم ژیانی من بکەنە قوربانی لە پێناو بەدی هێنانی داخوازییەکەم ئەویش رزگارکردنی نەتەوەکەمە)، ئا بەو جۆر و بە راکێشانی هەستی پادشا لە رێی ورووژاندنی ئارەزووە سێکسییەکانی، ئەو ئافرەتە بەم قوربانی و کاریگەرییە کەسییە توانی ئەو داخوازییە گەورەیە بێنێتەدی و هەوڵەکانی سەری گرت لە رزگارکردنی نەتەوە دۆست و خۆشەویستەکانی.

**بەڕێز سەرۆکی دەستە...**

رێگەم پێ بدەن کە خۆم بە شەرەفمەند دەزانم کە ئەمرۆ لەبەردەمتان وەستاوم و بۆ بەدیهێنانی ئەرکێکی هاوشێوە کە پەیوەستە بە ژیان و خۆشەویستی، هاوکات سوپاس بۆ خوا کە ئەمرۆ ئێمە لە سەردەمێکدا ژیان بەسەر دەبەین کە جیهان بە گشتی، زۆر کراوەو رۆشنە و رەوشتبەرزە کە دەتوانن دان بە داخوازییەکی هاوشێوەدا بنێن، من لەو بڕوایەدام ئەگەر بێتو سەرجەم جەستەم بە زێڕو زیوو پۆشاکی شاهانە داپۆشم، یاخود بانگهێشتی خواردنەوەی مەی و ئاهەنگتان بکەم دیارە ئەمە دەبێتە مایەی سووکایەتی بۆ لیژنەکەتان، من دڵنیام و باش لەوە دەگەم کە لەم سەردەمەدا ئارەزووی سێکسبازی هەست و خولیاتان خەریك بکات و بەپێی ئەو حەزانە رەفتار بکەن و مەحاڵە کەرامەتی مرۆڤایەتیش بەم ئاستە نزمە بگات، وەلێ چاك دەزانم کە من هۆکارنیم بۆ دەربڕینی ئەو داخوازییانەم و راکێشانی سۆزی ئێوە بە ئاراستەی تێگەیشتن لە راستییەکان، نەك وەك دڵی ستەمکارێکی رۆژهەڵاتی کە لەبەردەم کەمترین هەست و حەزی سێکسی ئاژەڵئاسادا نەرمی بنوێنێت، بەڵام دڵنیام کە بۆ ئەوەی مەبەستەکەم بگەیەنمە دڵی ئێوە تەنیا رێگەی رەنگدانەوەی هەستی مرۆیی و رەوشتبەرزیی هەڵدەبژێرم، من کە وەکو هاووڵاتییەك لەبەردەمتاندا وەستاوم، لە جیاتی ٢٠ هەزار ئافرەتی (ماساتشوتس)قسە دەکەم کە هەموویان ناویان نووسراوەو واژۆیان لەسەر داخوازییەك کردووە ئاراستەی دەسەڵاتی یاسادانانیان کردووە، بێگومان ئێوەش ئۆرگانی ئەو دەسەڵاتەن، داخوازییەکانی ئێمە پەیوەستە بە کۆیلایەتی لە ئەمریکا، ئەو بابەتە گرنگە پەیوەندیی بە بەرژەوەندییەکانی کۆماریشەوە هەیەو کاریگەریی بۆ سەر کایەکانی سیاسی و ئەخلاقی و ئاینیشەوە لە کۆمەڵگەدا هەیە، رەنگە بگوترێ کە ئێوە ئافرەتن و ئەم بابەتە چ پەیوەندییەکی بە ئێوەوە هەیە، چونکە پرسێکی سیاسییە، بەڵام ئایا چونکە ئێمە ئافرەتین ئایا ئێمە بەشێك نین لەو کۆمەڵگەیە و لە ئەستێرەیەکی دیکەوە هاتووین؟ ئایا ئێمەی ئافرەت مافی هاووڵاتیبوونمان نییە و ئەو مافەمان بێ زەوت دەکەن، لەبەر ئەوەی ئێمە دایك و هاوسەر و کچانی خەڵکی مەزنین و بێ وڵاتین و ئافرەتان لە ژیانی گشتیدا بەرژەوەندیان نییە؟ ئایا ئافرەتان لە تاوان و شەرمەزارییەکانی نەتەوەدا هاوبەش نین؟ لێگەڕێ با مێژوو وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە. ئایا ئێوە دەخوێننەوە کە چۆن خودا بەرامبەر هەڵەو تاوانەکانی کچانی ئیسرائیل ناڕازی بووە، بڕوانن کە تاکو ئەمڕۆش ئافرەت هەر بە چاوی سۆزانی و لەشفرۆش لە دیدی نەتەوەکانەوە سەیر دەکرێت و هەژماردەکرێت، لە



رابردوودا و لە سەردەمی مۆدێرینیشدا ئافرەت هەر لەو روانگەوە سەیرکراوە کە خواست و ئامانجەکانی تەنیا بۆ کاولکاری و وێرانیی کۆمەڵگەو وڵات بەرجەستەکراوە نەك بۆ پاڵپشتی کردن لە ئاشتی و رزگارکردنی مرۆڤایەتی، بەو دیدە لێکدراونەتەوە کە ئەوان لە رێگەی زاڵبوون و کاریگەرییان بۆ سەر پیاوان حوکمی جیهان دەکەن، کەواتە ئەگەر بەم شێوەیە سەیر دەکرێین، با برۆین و خۆمان زیندە بەچاڵ بکەین! مەسەلەکە بە هیچ شێوەیەك پەیوەندی و وابەستە نییە بە دەسەڵاتی ئەخلاقی و هزرییەوە، بەڵکو راستەوخۆ پەیوەست بووە بە هەست و حەزە قێزەوەنەکانی خودی پیاوانەوە، بۆیە پێویستە ئەو هەژموون و دەسەڵاتەی ئافرەتان بخرێتە بارێکی سەقامگیرەوە، تا زووتر بێت هێشتا باشترە، لە سەردەمی دادیێ پێویستە ئافرەت بە شێوەیەکی دیکە سەیر بکرێت و بە هاووڵاتی لەقەڵەم بدرێت، دیارە ئەمەش خۆی لە خۆیدا لەبەر ئەوەی پرسێکی سیاسییە بۆیە پێویستی بە زیادبوونی مەعریفەو رەنگدانەوە هەیە، ئێمەیش کە وەك هاووڵاتی لەم کۆمارەدا دەژین شەرەف و خۆشگوزەرانی و هەموو بوارەکانی ژیانمان بە سیاسەت و حکومەت و یاساکانەوە بەندە، ئەمڕۆ کە لەبەردەم بەڕێزتان وەك باشوورییەك وەستاوم، دەمەوێ بڵێم کە من لە زێدی باووباپیرانم دوور کەوتوومەتەوە، لە ترس وتۆقین و زەبری قامچی و تێڵا و هاتوهاوارو گریان و ئەشکەنجەدانی کۆیلەکان رامکردووە، هاتووم لەبەر دەمتان وەك دەربەگێکی تۆبەکارو مرۆڤێکی بەڕەوشت وەستاوم و لێتان دەپاڕێمەوە کە مافە زەوتکراوەکانمان بۆ بگەڕێننەوە کە پەیوەستن بە ئەرك و بەرپرسیارێتی فەرمییەوە، من بە بڕوابەخۆبوون و وەك مرۆڤێکی خاوەن رەوشت پێموایە بە ئەرکی سەرشانی خۆمی دەزانم کە لەبەردەمتاندا هەرچی مەینەتی و ناسۆری کۆیلە و لەخۆبایی بوونی دەربەگ هەیە بۆ ئێوەو وڵاتەکەم و هەموو جیهان ئاشکرا بکەم، ئەوەی لە تواناشمدا هەبێت درێغی نەکەم بۆ رووخان و سەرەولێژکردنی ئەو رژێمە ستەمکارو ئاڵۆزەی کە لەسەر جەستەی شەکەت و تێکشکاوی کۆیلە زنجیرکراوەکان بنیادنراوە و بە خوێن و ئارەقەو فرمێسکی خوشکەکانم پتەوکراوە.